

# سەردانی سەرۆکی کوردستان بۆ کەرکووک

## پەیامی ئاشتییانەی کوردستان بوو بۆ نەتەوەکانی تورکمان و عەرەب و کلدو ئاشووری لە کەرکووک

سەردانی سەرۆکی کوردستان بۆ کەرکووك و کۆبوونەوەی بەجیای لەگەڵ نوێنەرانی هەرسێ نەتەوەی کوردو تورکمان و عەرەب و نوێنەرانی کلدو ئاشووری و پیشاندان و گواستنەوەی هەرسێ کۆبوونەوەکە بە ئاشکراو پەخشکردنی تەواوی دیدارەکانی سەرۆك و لێدوان و پرسیاری نوێنەرانی هەموو لایەك، ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە پێکهاتەکانی کەرکووك بە عەرەب و تورکمان و کلدو ئاشوورییەوە جۆرە هاوسۆزی و گونجاندنێکیان لەگەڵ نەتەوەی کورد هەیەو ئەو دەستانەش کە دەیانەوێت پەیوەندی دێرینی نێوان کوردو تورکمان و عەرەبی رەسەنی ناوچەکانی کەرکووك تێکبدەن، ئەوانە لەبەردەم ئیرادەی برایانەی نەتەوەکانی کەرکووك خۆیان ناگرن و هەر پیلانێکیش بگێڕن ئاکامەکەی سەرکەوتوو نابێت.

### سەردانێکی مێژوویی لە قۆناخێکی چارەنووسسازدا

ئەم سەردانەی سەرۆکی کوردستان لەم کاتە ناسکەدا بۆ کەرکووك بە سەردانێکی مێژوویی بۆ شاری کەرکووك لە قەڵەم دەدرێت، ئەمەش نەك تەنها لە پێناوی ئەوەی ئەم سەردانە پشتگیرییەك بێت بۆ بڕیارەکەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووك کە داوا دەکەن بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان بەڵکو لە چەندین لایەنی دیکەوە بە سەردانێکی مێژوویی لە قەڵەم دەدرێت کە دەکرێت لە چەند خاڵێکدا ئاماژەی پێبکەین:

١. ئەم سەردانەی سەرۆکی کوردستان بۆ کەرکووك و کۆبوونەوەی لەگەڵ نوێنەران و کەسایەتییەکانی تورکمان لەو شارەدا، دڵنیاکردنەوەی تەواوی نەتەوەی تورکمانە لە هەرێمی



کوردستان و کەرکووك بەوەی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان نەك هەر ئێستا بەڵکو لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلوولەوە تا دەگاتە کاتی نووسینەوەی دەستووری عێراق و لە ئێستاش و ئایندەشدا ئامادەیە بەرگری لە مافی نەتەوەی تورکمان لە کوردستان بکات و وەك نەتەوەی کورد هەموو مافەکانیان بۆ دابین بکات و بەشداربن لە پرۆسەی سیاسی و ئیداری کوردستاندا.

بۆ ناو شاری کەرکووکیش سەرۆك بارزانی دڵنیایکردنەوە کە تورکمان پێکهاتەیەکی سەرەکی ئەم شارەیەو دەبێت لە بەڕێوەبردنی ئەم شارەشدا بەشدار بێت رۆڵی بەرپرسیارییەتی و کاریگەری پێ بدرێت.

٢. کۆبوونەوەش لەگەڵ نوێنەرانی عەرەبی کەرکووك دیسان جەختکردنەوە بوو لەسەر بایەخی پەیوەندی برایانەی نێوان کوردو عەرەب لە عێراق و بایەخی پەیوەندی نێوان عەرەب و تورکمان و کورد لە کەرکووکدا، هەروەها ئاماژەبوو بۆ ئەوەی کە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان هەموو کات داکۆکی لەو عەرەبە رەسەنانە کردووە کە لە ناوچەکانی کەرکووك نیشتەجێن و لە دەستووری هەرێمی کوردستانیشدا تەواوی مافەکان وەك سەرجەم هاووڵاتییانی کوردستان بۆیان دابینکراوە.

٣. سەبارەت بە کلدو ئاشووریش کە مافی خۆیانە بە بەراورد لەگەڵ براکانیان لە پارێزگاکانی هەولێرو دهۆك و سلێمانی گلەیی لە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان و سەرۆکی کوردستان بکەن و داوا بکەن هەمان ئەو مافانەیان هەبێت کە لە دهۆك و هەولێرو سلێمانی بۆیان دابینکراوە، ئەمە خۆی لە خۆیدا ئەو دانپێدانانەبوو لە هەرێمی کوردستاندا، نەتەوە بە گەورەو بچووکی نییەو نەتەوە گەورە بێت یان بچووك هەر نەتەوەیەو مافی تەواوی بەپێی قەوارەی خۆی لە بەشداری پرۆسەی سیاسی و تەواوی مافەکانیشی وەك سەرجەم هاووڵاتییانی کوردستان دابین دەکرێت.

## بنەما نەگۆڕەکانی بونیادنانەوەی عێراقی نوێ

سەرۆکی کوردستان لەمیانی سەرجەم کۆبوونەوەکانیدا لەگەڵ لایەنە جیاوازەکانی کەرکووك پەیامی ئاشتی و برایانەی هەرێمی کوردستان لەسەر خاڵە نەگۆڕەکانی بونیادنانەوەی عێراق چڕکردەوەو تەئکیدی لەسەر ئەوە کردەوە کە بۆ بونیادنانەوەی عێراقی نوێ چەند خاڵێك هەن نەگۆڕن لەوانە:

١. تەوافوقی نیشتمانی

سەرۆکی کوردستان لەسەر ئەم خاڵە هەڵوەستەی کردو پێی راگەیاندن تەوافوقی نیشتیمانی بنەمای بونیادنانەوەی عێراقی نوێیەو تەوافوقیش واتە رەزامەندی هەموو لایەك لەسەر ئەو بڕیارانەی بۆ ئایندەی عێراق دەدرێن، بۆیە پەیامی ئێمە بۆ ئێوە ئەوەیە کە دەبێت هەنگاوەکانی ئایندەمان لەسەر بنەمای تەوافوقی نیشتمانی بونیادبنرێت و هەر بڕیارێك تەوافوقی لەسەر نەکرێت قبوڵ ناکرێت.

٢. دەستووری عێراق

سەرۆك ئاماژەی بەوەکرد کە نەگۆڕێکی دیکە بۆ بونیادنانەوەی عێراق ئەو دەستوورەیە کە ٨٠٪ی عێراقییەکان دەنگیان بۆ داوەو مادەی ١٤٠یش یەکێکە لە ماددەکانی نێو ئەو دەستوورەو ئەگەر هەندێك دەڵێن مادەی ١٤٠ بەسەرچوو یان کاتی تەواوبووە ئەوا مانای وایە دەستووری عێراقیش کاتی بەسەرچووەو کاری پێ ناکرێت و ئەگەر دەستووری عێراقیش نەمێنێت ئەوا ئایندەی عێراقیش نامێنێت.

## سەرۆک لەگەڵ کەسوکاری شەهیدانی ٢٨ تەمموز

خۆپیشاندانی ٢٨ی تەمموز، پیشاندانی ئیرادەی ئاشتیخوازانەی کورد بوو بەرامبەر بەو گرووپ و لایەنانەی کە لە ناو پەرلەمانی عێراقەوە پیلانیان بۆ کەرکووك دەچنی، هەربۆیە لەمیانەی دیدارەکەی سەرۆك لەگەڵ کەسوکارو خانەوادەی شەهیدە سەربەرزەکانی رۆژی ٢٨ی تەمموز جارێکی دیکە سەرۆك بارزانی ئەو هەڵوێستە جوامێرانەیەی شاری کەرکووکی بەرز نرخاندو پێی راگەیاندن کە خۆپیشاندانی ٢٨ی تەمموز وەرچەرخانێکی گەورە بوو، لەو رۆژەدا دەرکەوت هەقیقەتی کەرکووك چییە، هەروەها ئەو خۆپیشاندانە پەیامێك بوو بۆ دۆست و دوژمن کە ئەمەیە میللەتی کورد.

●●●

**سەرۆکی کوردستان لەمیانی سەرجەم کۆبوونەوەکانیدا لەگەڵ لایەنە جیاوازەکانی کەرکووک پەیامی ئاشتی و برایانەی هەرێمی کوردستانی لەسەر خاڵە نەگۆڕەکانی بونیادنانەوەی عێراق چڕکردەوە**

●●●

●●●

**نەگۆڕێکی دیکە بۆ بونیادنانەوەی عێراق ئەو دەستوورەیە کە ٨٠٪ی عێراقییەکان دەنگیان بۆ داوەو مادەی ١٤٠یش یەکێکە لە ماددەکانی نێو ئەو دەستوورە**

●●●

**جارێکی دیکە پەرلەمانی عێراق نەیتوانی دەنگ لەسەر یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان بدات، ئەو یاسایەی کە پلانەکەی رۆژی ٢٢ی تەمموز هەڵدەوشێنێتەوە، هەر بۆیە پرۆسەی دەنگدان لەسەر پرۆژە تازەکەی یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان دواخرا بۆ رۆژی دوای ٩ی ئەیلولی داهاتوو، لە ماوەی ئەم مانگەشدا کە بە فەرمی پشووی پەرلەمانی عێراقە ئەم پرۆژەیە هەر بە هەڵواسراویی دەمێنێتەوە و بڕیارە دوای ٩ی ئەیلول جارێکی دیکە لیستەکانی ناو پەرلەمانی عێراق وتوێژی لەسەر بکەنەوە و بگەنە تەوافوقێکی نیشتیمانی بۆ ئەوەی یاساکە بە تێکرای دەنگی سەرجەم لیستەکانی ناو پەرلەمانی عێراق پەسند بکرێت. سەبارەت بە وردەکارییەکانی پلانی ٢٢ی تەمموز و هەوڵەکان بۆ پوچەڵکردنەوەی ئەو پلانە بەڕێز عارف تەیفور جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق بەمجۆرە لەسەر ئەم مەسەلە گرنگە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**



## عارف تەیفور جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق بۆ گوڵان:

# ئێستا ئیئتیلافی شیعە هەوڵدەدات بەخۆیدا بچێتەوە و هەڵەکەی ٢٢ی تەمموز راستبکاتەوە

### مەسەلەکە تەنیا یاسای پارێزگاکان نەبوو بەڵکو هەوڵێک بوو بۆ بادانی بازووی کورد

ئەو بارودۆخەی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە رۆژی ٢٢ی تەمموز لە ناو پەرلەمانی عێراق رووبەڕووی بووە، بارودۆخێکی تارادەیەك لەناکاو و کتوپڕ بوو، لەوانەیە تارادەیەکی زۆر دوور بێت لە مەزندەی هاوپەیمانی کوردستان و سەرکردایەتی سیاسی کوردستانەوە.

کورد و هاوپەیمانی کوردستان پشت ئەستوور بوو بە هاوپەیمانیەکانی لەناو پەرلەمان و پرەنسیپی تەوافوقی نیشتیمانی و ماددە دەستوورییەکان، بەڵام لە پڕ بینیمان لە نێو ئەم سێ فاکتەرە گرنگە دەنگێکی ناشاز و گەڵەکۆمەکێ هاتە دەرەوە، وێڕای هاتنە دەرەوەی ئەندامانی لیستی هاوپەیمانی و یەکگرتووی ئیسلامی و ژمارەیەك لە پەرلەمانتارنی دیکەش، کەچی پەرلەمانی عێراق توانی یاسایەك بە دژی دەستووری تەوافوقی نیشتمانی و هاوپەیمانییەکان تێپەڕ بکات.

سەبارەت بەم پرسە گرنگە، عارف تەیفور بەمجۆرە بارودۆخەکەی بۆ گوڵان شیکردەوە و گوتی:

(لە راستیدا مەسەلەکە لەسەر یاسای پارێزگاکان زیاتر خۆی خستەڕوو، ئەگەر نا دەنگێکە لە ناو پەرلەمانی عێراقدا بە ئاراستەیەك هاتۆتە ئاراوە کە دەبێت سنوورێك بۆ باڵادەستی کورد یان وەك خۆیان پێی دەڵێن(تەمەددودی کورد) دابنێن لایەنەکانی ناو پەرلەمانیش دەتوانین بڵێین تارادەیەك قەناعەتیان بەم ئاراستە هەیە کە دەبێت سنوورێك بۆ کورد دابنرێت، بە تایبەتی کە دەبینین لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە، زۆر پۆستی گرنگ بە دەست کوردەوەیە وەك پۆستی سەرکۆمار، پۆستی وەزارەتی دەرەوە و جێگری سەرۆك وەزیران و لە وەزارەتەکانی دیکەش کورد شوێنی دیارە، هەروەها لە پارێزگای موسڵ زۆربەی ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگا سەر بە لیستی هاوپەیمانین، لە کەرکووك پارێزگار و سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا کوردن، لە دیالە سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا کوردە.

ئەم حاڵەتە وایکردوون هەڵوەستەیەك بکەن و بۆ هەلێك بگەڕێن کە سنوورێك بۆ کورد دابنێن و پێی بڵێن ئیدی لەمەودوا ئێوە ناتوانن سەمامی ئەمانی پرۆسەی سیاسی عێراق بن.

بێگومان ئەوانەش سەرکردایەتی ئەم ئاراستەیە دەکەن عەرەبە شۆڤێنییەکانی پاشماوەی بەعس یان ئەو عەرەبانەی کە هەر لە ئەزەلەوە دوژمنایەتێکی قووڵیان بەرامبەر کورد هەیە.

هەربۆیە بەردەوام ئەم گرووپە لەناو پەرلەماندا هەوڵیانداوە ئەم ئاراستەیە زیاتر بجووڵێنن، بەڵام هەتا یاسای پارێزگاکان هاتە پێشەوە بە شێوەیەکی زۆر ئاشکرا لەسەر ئەم مەسەلەیە قسەیان نەدەکرد، کە مەسەلەی یاسای پارێزگاکان هاتە پێش کەوتنە پەیوەندیکردن لەگەڵ ئەو ئەندام پەرلەمانانەی سەر بە بەرەی تورکمان بوون، لەگەڵ ئەوەی ئەوانە ژمارەیان کەمە و رێنوێنی لە تورکیا وەردەگرن و خاوەنی نفوزێکی ئەوتۆ نین لەناو تورکماندا، بەڵام ئەم ئەندامانەی بەرەی تورکمانی لەگەڵ عەرەبە شۆڤێنییەکان کەوتنە ئیمزا کۆکردنەوە بۆ ئەوەی پرۆژەیەك دروست بکەن و بیدەن بە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان.

پرۆژەکەی بەرەی تورکمانی و کۆنە بەعسییەکان بە ٥٧ ئیمزا پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان کرا

سەبارەت بە چۆنییەتی بەرزکردنەوەی ئەو پرۆژەیەش بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی عێراق جێگری سەرۆکی پەرلەمان گوتی:

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی عێراق، هەر پرۆژەیەك لە لایەن ٢٠ ئەندام پەرلەمانەوە ئیمزا بکرێت، ئەو مافەی دەبێت کە پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان بکرێت و دەبێت

دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانیش بیخاتە بەردەم پەرلەمان، ئەو پرۆژەیەی بۆ ئێمە بەرزکرایەوە ئیمزای ٥٧ ئەندام پەرلەمان بە بەسەرەوە بوو، خۆشیان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ١١٧ ئەندام پەرلەمان بۆی ئیمزا کردوون، بەڵام ئەوەی گەیشتە دەستی ئێمە تەنیا ئیمزای ٥٧ ئەندام پەرلەمانی لەسەر بوو، من پێموایە لەوانەیە ١١٧ ئەندام پەرلەمانەکەش بۆی ئیمزا کردبن، لەبەر ئەوەی ئاراستەی گشتی لەناو پەرلەماندا بەو ئاراستەیە بوو کە پێویستە دەسەڵاتەکانی کەرکوک دابەش بکرێت بە ڕێژەی ٣٢٪ بۆ کورد و عەرەب و تورکمان و ٤٪ بۆ کلدو ئاشووری.

## ئەم بۆچوونە هەڵەی خۆشمانی تێدابوو

سەبارەت بەوەی ئەم بۆچوونە چۆن لەناو پەرلەماندا دروست بوو، لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە، عارف تەیفور گوتی: ڕاستە ئەم بۆچوونە بنەمایەکی هەیە کە لێوەی سەرچاوەی گرتووە، من پێموایە بەشێکی بۆ هەڵەی خۆشمان دەگەڕێتەوە، لەبەر ئەوەی هەندێك لە بەرپرسانی ئێمەش لە زۆر بۆنەدا ئەوەیان دەدرکاند کە کەرکوك لەنێوان نەتەوەکانی کەرکوکدا بە شێوەیەکی یەکسان دابەش بکەین، ئەم قسەیە بە شێوەیەکی گشتی دەکرا بەبێ ئەوەی باسی دابەشکردنی پۆستە ئیدارییەکان بکرێت، هەربۆیە لێکدانەوەکان بەو ئاراستەیە کران کە هەموو کەرکوك دابەش بکرێت، لەبەرئەوە کە مەسەلەکە وای لێهات ئینجا برادەرانی ئێمە هەوڵیاندا لێدوانەکانی خۆیان ڕاست بکەنەوە و لە ڕاستکردنەوەی لێدوانەکانیاندا گوتیان: ئێمە مەبەستمان دابەشکردنی پۆستە ئیدارییەکانی کەرکوك بوو نەك دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی پارێزگا و پارێزگای کەرکوك، بەڵام ئێستا ئەوانەی دەڵێن مەبەستی سەرەکی دابەشکردنی هەموو دەسەڵاتەکانە بە دەسەڵاتی ئەنجومەنی پارێزگا و پارێزگای کەرکوکیشەوە ئەوان لەم مەسەلەیەدا دەیانەوێت هەموو ڕێگەیەك لە کەرکوك بگرن بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، واتە ئەگەر دەسەڵاتەکان دابەشکرا بۆ ٣٢٪ بۆ عەرەب و تورکمان و کورد و ٤٪ بۆ کلدو ئاشووری، ئەو کاتە عەرەب و تورکمان دەبنە ٦٤٪ و کورد بە تەنیا یان لەگەڵ کلد و ئاشووری هیچی پێ ناکرێت.

## چۆن هاوپەیمانی کوردستان و دۆستەکانی لەو دەنگدانەدا بوونە کەمینە؟

کاتێك بە ژمارە لەسەر حیسابی یاسایی پەرلەمان ڕادەوەستین، هەموو کات مەزندەمان بۆ ئەوە دەچێت، ئەگەر کورد بەشدار نەبێت لە پرۆژەیەکدا ئەو پرۆژەیە سەرکەوتوو نابێت، ئەمەش لەو ژمارانە سەرچاوە دەگرێت کە هاوپەیمانی کوردستان و هاوپەیمانەکانی سەر بە پەرلەمانی عێراقدا پێکی دەهێنن و پێشتر ڕێککەوتنی لەسەر دەکرێت، هەر بۆیە کاتێك لەسەر دەنگدانەکەی ٢٢ی تەمموز هەڵوەستە دەکەین ئەو پرسیارە دێتە پێش چۆن هاوپەیمانی کوردستان و هاوپەیمانەکانی بوونە کەمینە و یاساکە تێپەڕی؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا عارف تەیفور بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە:

ڕۆژی ٢٢ی تەمموز ماددەی ٢٤ی یاسای هەڵبژاردن بە دوو پێشنیار بە مەبەستی دەنگدان هاتە ناو پەرلەمان، پێشنیاری یەکەم کە ئێمە وەك هاوپەیمانی کوردستان لەگەڵ ئیئتیلاف و مەجلسی ئەعلا و بەدر و بێلایەنەکانی ناو ئیئتیلاف لە سەری ڕێککەوتبووین و بەڵێنیان پێدابووین کە دەنگ بەو پێشنیارە بدرێت کە لە سەری ڕێککەوتووین، ئێمە لەو بڕوایەدابووین ئەگەر لەسەر ئەو شێوازەی لەسەری ڕێککەوتووین پێشنیارەکان بخرێتە دەنگدانەوە ئەوا پێشنیاری یەکەم سەردەکەوێت کە لەسەری ڕێککەوتووین کە هاتە سەر ئەوەی پرۆژەکان بخرێتە دەنگدانەوە، هەواڵیان بۆ هێناین کە مەحمود مەشهەدانی بە نیازە ئەو دوو پێشنیارە بکاتە دەنگدانی بەنهێنی، ئەوە بوو من چووم بۆ لای مەشهەدانی و قسەم لەگەڵ کرد، بەڵام ئەو سوور بوو لەسەر ئەوەی کە دەنگدان لەسەر ئەو ماددەیە پێویستە نهێنی بێت، هەر بۆیە جوابم بۆ شێخ خالید عەتیە جێگری سەرۆکی پەرلەمان نارد کە ئەویش بێت، کە هات ئێمە هەردووکمان وەك جێگری یەکەم و دووەم زۆر لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان هەوڵماندا کە واز لەو بیرۆکەیە بێنێت و دەنگدانەکە بە ئاشکرا بەڕێوە بچێت، ئێمە گوشارێکی زۆرمان لێکرد بۆیە خۆی وا پێشانی ئێمەدا کە ڕازییە بەوەی ماددەی ٢٤یش وەك ماددەکانی دیکە بە ئاشکرا بخرێتە دەنگدانەوە.

## چۆن لەکاتی دەنگداندا پیلانەکەی سەری گرت؟

پەرلەمانتاران بەو نیەتە چوونەتە هۆڵی پەرلەمان بۆ ئەوەی تەواوی ماددەکانی نێو یاساکە کە ٢٤ ماددەیە بە ئاشکرا دەنگی لەسەر بدرێت، بەڵام چۆن ٢٣ ماددە بە ئاشکرا دەنگی لەسەر دراو ماددەی ٢٤ بوو بە دەنگدانی نهێنی؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە گوڵان ویستی لە زاری جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراقەوە وەڵام بدرێتەوە، بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە جێگری سەرۆکی پەرلەمان گوتی:

دوای ئەوەی مەشهەدانی خۆی وا پیشانی ئێمەدا کە بەوە ڕازییە هەموو ماددەکانی یاساکە بە دەنگدانی ئاشکرا دەنگی لەسەر بدرێت، ئەوەبوو ئێمەش بە نیازی دەنگدانی ئاشکرا چووینە ناو هۆڵی پەرلەمان و کە دەنگدان دەستی پێکرد لە ماددە ١-٢٣ بە ئاشکرا دەنگمان لەسەر دا، کە هاتە سەر دەنگدان لەسەر ماددەی ٢٤، بەرپرسی لیژنەی پارێزگاکان و هەرێمەکان کە پەرلەمانتارێکی سەر بە حزبی ئیسلامییە، پێشنیاری ئەوەی خستەروو کە دەبێت دەنگدان لەسەر ماددەی ٢٤ بە نهێنی بەڕێوە بچێت، بیانووی ئەمەش ئەوەبوو لەبەر ئەوەی ئەو ماددەیە تەوافوقی لەسەر نەکراوە دەبێت بە نهێنی بەڕێوە بچێت و قسەکانیشی بەناوی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە دەکرد، هەر بۆیە پێم گوت: تۆ چۆن لە خۆتەوە بەناوی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە پێشنیار دەکەی و سەرۆکایەتی پەرلەمان ئاگای لەو پێشنیارە نییە، لە وەڵامدا پێی گوتم، مەبەستم تۆ نییە و مەبەستم مەشهەدانییە، من دیسان پێم گوت ئەویش ئێستا بەوە ڕازییە دەنگدانەکە بەئاشکرا بێت، کەچی مەشهەدانی گوتی: نا من وام بەباش زانیوە و بڕیارمداوە بە شێوەی نهێنی دەنگ لەسەر ئەو ماددەیە بدرێت، لەم حاڵەتەدا ئیدی کێشەکە ئاڵۆز بوو هەر بۆیە ئەندامانی لیستی هاوپەیمان هەموو دژی ئەوە بوون کە دەنگدانەکە بە نهێنی بێت، بۆیە مەحمود مەشهەدانی

**بێگومان کەموکورتیمان هەبووە و ئەگەر نەمانبوایە ئەوا تووشی ئەو بارودۆخە نەدەهاتین، ڕاستە ئێمە لە ناو پەرلەماندا پەیوەندییەکی ئاساییمان لەگەڵ هەموو لایەنەکان هەیە، بەڵام ئێمە وەک هاوپەیمانی کوردستان هەوڵمانداوە لەگەڵ چەند لایەنێکی دیاریکراو پەیوەندییەکانمان بەهێزبکەین و چەند لایەنێکی دیکەمان پشتگوێ خستووە**

ئەوپەڕی توندڕۆی سوننە کە بریتین لە ئوسامە نجیفی و ساڵح موتڵەگ لەگەڵ توندڕۆترین شیعە کە عەلا هادییە یەکیان گرت، هەروەها پەرلەمانتارەکانی حزبی دەعوا کە هەزاران شەهیدیان لە سەردەمی رژێمی پێشوو داوە لەگەڵ کۆنە بەعسییەکان یەکیانگرت



ئەگەر هاوپەیمانی کوردستانیش بیەوێت دەتوانێت تەرازووەکە لاسەنگ بکات و ئەو حکومەتەی کە ئێستا لە دەستی شیعەکاندایە بیروخێنێت و دەسەڵات لە مالکی بسەنرێتەوە

رووبکردە د. فوئاد مەعسوم سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی کوردستان و پێی گوت: تۆ حەز دەکەیت دەنگدانەکە بە نهێنی بێت یان بە ئاشکرا؟ لە وەڵامدا د. فوئاد مەعسوم گوتی باشە با بیخەینە دەنگدانەوە.

ئەم وەڵامەی د. فوئاد مەعسوم پەیوەندی بەو رێککەوتنەوە هەبوو کە پێش ئەوەی بێتە ناو هۆڵەکە کردبوومان، بۆیە پێمان باش بوو بزانین وەزعی هۆڵەکە چۆنە، ئایا لە گەڵمانن یان نە؟ هەربۆیە گوتمان ئەگەر زانیمان وەزعی ناو هۆڵەکە لەگەڵ ئێمەدا نییە ئەوا هۆڵەکە بەجێ دەهێڵین و دەچینە دەرەوە.

کە لەسەر داواکەی د. فوئاد مەعسوم مەلەسەی دەنگدانی نهێنی و ئاشکرا خرایە دەنگدانەوە لە کۆی ٢٢٧ ئەندام کە لە هۆڵەکە ئامادەبوون تەنیا ١٠٣ ئەندام پەرلەمان دەنگیان بۆ ئەوەدا کە دەنگدانەکە بە ئاشکرا بێت، واتە ١٢٤ ئەندام لەگەڵ ئەوە بوون دەنگدانەکە بە نهێنی بێت، ئەمەش مانای ئەوە بوو ئێمە سەرنەکەوتین و زانیمان بارودۆخەکە لە بەرژەوەندی ئێمە نییە، بۆیە دەستبەجێ هەستاین هاتینە دەرەوە، بێجگە لە ١٥ ئەندامی مەجلیسی ئەعلا کە هەموو ژمارەمان بووە ٩٨ کەس هاتینە دەرەوە و ئەویش ١٤٣ کەس مانەوە توانیان نیسابی یاسایی بۆ دانیشتنەکە مسۆگەر بکەن، ئەوەبوو یاساکە بە ١٢٧ دەنگ تێپەڕێنرا بەڵام لەلایەن سەرۆکایەتی کۆمار رەتکرایەوە و نێردراریەوە بۆ پەرلەمان.

## هاوپەیمانی کوردستان قەناعەتی وابوو فێڵی لێ ناکرێت

لە هەموو مەسەلەیەکدا هۆکارەکان دوو لایەنن، ئەگەر لایەنێکی پەیوەندی بە بەرامبەرەوە هەبێت، ئەوا لایەنێکی پەیوەندی بەخۆمانەوە هەیە، سەبارەت بە کەموکورتییەکانی خۆمان وەك هاوپەیمانی کوردستان، بەرێز عارف تەیفور بەمجۆرە هاتە قسەو گوتی: (ئێمە ناتوانین بڵێین خۆمان کەموکورتیمان نەبووە، بێگومان کەموکورتیمان هەبووە و ئەگەر نەمانبوایە ئەوا تووشی ئەو بارودۆخە نەدەهاتین، راستە ئێمە لە ناو پەرلەماندا پەیوەندییەکی ئاساییمان لەگەڵ هەموو لایەنەکان هەیە، بەڵام ئێمە وەك هاوپەیمانی کوردستان هەوڵمانداوە لەگەڵ چەند لایەنێکی دیاریکراو پەیوەندییەکانمان بەهێزبکەین و چەند لایەنێکی دیکەمان پتشگوێ خستووە، هۆکاری ئەم پشتگوێ خستنەمان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئێمە لەو بڕوایەدابووین ئێمە هێزێکین کە دەتوانین کێشەکانی خۆمان بڕوێنین، راستە هاوپەیمانی کوردستان بە ژمارە کەم، بەڵام خاوەنی نفوزێکی سیاسی گەورەبووە، ئەمە متمانەیەکی گەورەی بۆ دروست کردبووین کە زۆر بایەخ بەلایەنەکانی دیکە نەدەین، ئێمە پێمان وابوو کە بەتایبەتی لایەنی شیعە پێویستی بە ئێمەیە و ناتوانن، بێ بەڵێنی بکەن بەڵام بینیمان شیعە و سوننە لە دژی ئێمە

یەکیان گرت، ئەمەش بەو مانایەی ئەوپەڕی توندڕۆی سوننە کە بریتین لە ئوسامە نجیفی و ساڵح موتڵەگ لەگەڵ توندڕۆترین شیعە کە علا هادییە یەکیان گرت، هەروەها پەرلەمانتارەکانی حزبی دەعوا کە هەزاران شەهیدیان لە سەردەمی ڕژێمی پێشوو داوە لەگەڵ کۆنە بەعسییەکان یەکیانگرت.

## دوای دەنگدان بەخۆداچوونەوە و ئاشکرابوونی پیلانەکە

ئەو گەلەکۆمەك و یەکگرتنەی نێوان ئەوپەڕی سوننە تا ئەوپەڕی شیعە دژی کورد، زەنگێکی مەترسیدارە نەك تەنیا لەسەر کورد بەڵکو لەسەر ئایندەی عێراقیش هەر بۆیە پرسیاری ئێمە ئەوەبوو کە دوای دەنگدانەکە چۆن هەڵوێستیان گۆڕا، بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان گوتی:

(دوای دەنگدانەکە لایەنی شیعە هەستیانکرد هەڵەیەکی گەورەیان کردووە و پیلانێکی گەورەیان بەسەردا تێپەڕبووە، بۆیە کەوتنە ئەوەی ئەم هەڵەیە ڕاستبکەنەوە و یەکەم هەوڵیشیاندا ئەوەبوو بەڕێز عادل عەبدولمەهدی چووە پاڵ مام جەلال و لە دەستەی سەرۆکایەتی یاساکەیان ڕەتکردەوە، ئەوان کە هاتنە دەرەوە هەستیان کرد لەگەڵ کۆنە بەعسییەکان کەوتوونەتە یەك سەنگەرەوە دژی کورد، هەر بۆیە لە ناو خودی ئیئتیلافدا وتووێژەکان بەو جۆرەبوو چۆن دەبێت لایەنی کۆنە بەعسییەکان زاڵ بکرێت دژی بەرژەوەندییەکانی کورد، هەروەها لەوە تێگەیشتن ئەگەر هاوپەیمانی کوردستانیش بیەوێت دەتوانێت تەرازووەکە لاسەنگ بکات و ئەو حکومەتەی کە ئێستا لە دەستی شیعەکاندایە بیروخێنێت و دەسەڵات لە مالکی بسەنرێتەوە.

هەر بۆیە پێمان گوتن ئەگەر ئێمە نەبین لە ئێستای عێراقدا پارسەنگی هێز بەلای ئێوەدانییە.

## کورد چۆن دەتوانێت پارسەنگی هێز بگۆڕێت؟

شیعە و سوننە یەکیانگرت و پارسەنگی هێزیان دژ بە بەرژەوەندییەکانی کورد گۆڕی، ئایا هاوپەیمانی کوردستان ئەو توانایەی ماوە بتوانێت جارێکی دیکە پاراسەنگی هێز بگۆڕێت و بیتەوە سەمامی ئەمان لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا ؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەشدا بەڕێز عارف تەیفوور گوتی:

(بەڵێ دەتوانین، لەبەر ئەوەی ئیئتیلافی شیعە دووچاری لەبەریەك هەڵوەشانێکی گەورە هاتووە، ئیئتیلافی شیعە کە لە سەرەتا ١٣٠ ئەندامی پەرلەمانی هەبوو، ئێستا خۆیان دەڵێن ٨٣ ئەندامان هەیە کە من بە ٧٠-٧٦ ئەندامی دەبینم، ئەوانیش بەهۆی دەستێوەردانی دەرەکییەوە لەبەر یەك هەڵوەشاون هەر بۆ نموونە:

١. حزبی فەزیلە کە ١٥ ئەندامی هەیە لەگەڵ ئیئتیلاف نەماوە.

٢. تەیاری سەدر ٣٢ ئەندامی هەیە لەگەڵ ئیئتیلاف نەماوە.

٣. گرووپی تەزامن (ئەندامن و قاسم داود سەرکردایەتیان دەکات جیابوونەتەوە ١٥ ئەندام، حزبی دەعوا کە پێیان دەڵێن تەنزیمی داخلی عێراق و سەر بە عەبدولکەریم عەنزینن ئەوانیش ئەندامییەتی خۆیان لە ئیئتیلاف هەڵواسیووە.)

بۆیە ئیئتیلاف ئەو هێزەی جارانی نەماوە، ئێستا زۆر پێویستی بە هاوپەیمانی کوردستانە.

هەر بۆیە ئەگەر کورد ئەو هەڵوێستەی ئیئتیلاف لە دڵبگرێت و بیەوێت کاردانەوەی سلبی لەبەرامبەر ئەو هەڵوێستەی پیشانبدات، تەنیا بێلایەنی پیشانبدات، ئەو لایەنانە دەتوانن حکومەتی مالکی بروخێن.

## سەردانی سەرۆک بارزانی بۆ بەغدا جارێکی دیکە هاوکێشە سیاسییەکان راستکردەوە

هاوکات لەگەڵ ئەو بارودۆخەی ڕووبەڕووی هاوپەیمانی کوردستان لە بەغدابۆوە، بەڵام لەسەر ئاستی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان و شەخسی سەرۆکی کوردستان پشتیوانییەکی گەورە بۆ هاوپەیمانی کوردستان هاتە ئاراوە و جەنابی سەرۆکی کوردستان بە شەخسی سەردانی بەغدای کرد، سەبارەت بە کاریگەری سەردانەکەی سەرۆك بۆ بەغدا، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق گوتی:

(بەراستی هاتنی جەنابی سەرۆك بارزانی لەو کاتەدا بۆ بەغدا زۆر گرنگ بوو، ئەمەش نەك هەر بۆ ئێمە وەك هاوپەیمانی کوردستان بەڵکو وەك پشتگیرییەك بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو پیلانە و داکۆکیکردن لە خواست و داواکانی کورد لە بەغدا.

جەنابی سەرۆك لە بەغدا پەیوەندییەکی زۆری لەگەڵ ئەو لایەنانە کرد کە لەگەڵیاندا هاوپەیمان بووین و بەراشکاوانە پێی ڕاگەیاندن کە ئەو هەڵوێستەی ڕوویداوە هەڵوێستێکی دوژمنانە نەبووە، هەڵوێستێکە زۆر دوورە لە ڕەفتاری دۆستانە و تەنانەت ئەگەر لە نێوان دوولایەندا هاوپەیمانییەتی ئیمزاکراویش نەبێت، هەروەها لەوێ ئەو هەلەی بوونی جەنابی سەرۆك قۆسترایەوە و لەگەڵ مام جەلال سەرپەرشتی چەندین کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی هەردوولا ئەنجامدراو و لەو کۆبوونەوانە جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە:

١. چاو بە هاوپەیمانییەکاندا بخشێنرێتەوە کە لە نێوان هاوپەیمانی کوردستان و لایەنەکانی دیکە هەیە.

٢. ئەو خاڵانەی کە خۆمان کەموکورتیمان هەبووە دەستنیشانبکرێن و پیاندا بچینەوە.

ئێستاش لیژنەیەك پێکهێنراوە کە لەلایەن هاوپەیمانی کوردستانەوە بەڕێزان د. ڕۆژ و د. بەرهەم دەستنیشانکراوە و لەلایەن ئیئتیلافییەوە دوو کەس دەستنیشاندەکرێت بۆ ئەوەی بە تەواوی چاو بەسەر هاوپەیمانی نێوان هاوپەیمانی کوردستان و ئیئتیلاف بخشێرێتەوە.

## هەتا ٩ی ئەیلول وتووێژ لەسەر یاسای پارێزگاکان ناکرێت

سەبارەت بەو ماوەیەی کە بەهۆی پشووی پەرلەمانەوە یاساکە دوادەخرێت بەوەی ئایا لەم ماوەیەدا هیچ وتووێژێك لەسەر ئەم یاسایە دەکرێت، جێگری سەرۆکی پەرلەمان ئەوەی پێ ڕاگەیاندین ئەم ماوەیە پشووی پەرلەمانە و وتووێژەکانی دەکەوێتە دوای ٩ ی ئەیلول و سەبارەت بە ئەگەری ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پارێزگاکانیش لە ساڵی ٢٠٠٨ گوتی:

(من ئومێد دەکەم یاسای هەڵبژاردن لە ٢٠٠٨ دەرچێت، بەڵام بە تەئکید ناتوانین لە ٢٠٠٨ ئەو هەڵبژاردنە ئەنجامبدەین).

ئیئتیلافی شیعە دووچاری لەبەریەک هەڵوەشانێکی گەورە هاتووە، لە سەرەتا ١٣٠ ئەندامی پەرلەمانی هەبوو، ئێستا خۆیان دەڵێن ٨٣ ئەندامامان هەیە کە من بە ٧٠-٧٦ ئەندامی دەبینم، ئەوانیش بەهۆی دەستێوەردانی دەرەکییەوە لەبەر یەک هەڵوەشاون

من ئومێد دەکەم یاسای هەڵبژاردن لە ٢٠٠٨ دەرچێت، بەڵام بە تەئکید ناتوانین لە ٢٠٠٨ ئەو هەڵبژاردنە ئەنجامبدەین

■ ■ ■

**پرۆفیسۆر ئەلیزابیس فیریز، پسپۆڕ و تایبەتمەند لەسەر کێشەی کەرکوک و خاوەنی تازەترین دیراسەتە لەسەر کێشەی کەرکوک کە سایتی برۆکینگز بەناونیشانی: ئایندەی کەرکوک: ریفراندۆم و کاریگەری لەسەر دەرکراوەکان) بڵاوکردۆتەوە.**

**خاتوو ئەلیزابیس، بۆ ئەم دیراسەتە پشتی بە بەڵگە مێژوویی و جوگرافییەکان بەستووە و گەیشتۆتە ئەو دەرەنجامەی کە زۆرینەی دانیشتوانی کەرکوک کوردن و بەپێی بەڵگەنامە مێژوویی و جوگرافییەکانیش ئەم شارە بەشێکە لە هەرێمی کوردستان.**

**سەبارەت بە یاسای پارێزگاکان و دواخستنی هەڵبژاردنی کەرکوک پرۆفیسۆر ئەلیزابیس بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

■ ■ ■



## ئەلیزابیس فیریز پسپۆڕ و تایبەتمەند لە سەر کەرکووک لە ئامۆژگای برۆکینگز بۆ گوڵان:

# تەنیا بەجێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠، کورد متمانە بە پرۆسەی سیاسیی عێراق دەکات

### جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ دووبارە کورد متمانە بە پرۆسەی سیاسیی عێراق دەکاتەوە

*** پرۆسەی سیاسیی عێراق لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە لە سەر بنەمای کۆدەنگی نەتەوەی بنیاتنرا، بەڵام حاڵی حازر ئەم کۆدەنگیە بەرەو نەمان دەچێت، ئەمە لایەنە سیاسییە عەرەبییەکان کۆندەگیی نەتەوەییان رەت کردەوە لەگەڵ کورددا، چ ئایندەیەك چاوەڕوانی عێراق دەکات؟**

- من هاوڕام لەگەڵ ئێوەدا کە کۆدەنگی نەتەوەیی زۆر گرنگە، کە ئێستا لە بارێکی لەرزۆکدایە. من پێم وایە بێ بەشدارییەکی چالاکانەی کوردەکان لە ژیانی سیاسیی عێراقدا کۆدەنگی نەتەوەیی دروست نابێت. واشنتۆن (پێدەچێت بەغداش) سازدانی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان بە شێوەیەکی سەرکەوتوو بە هەنگاوێك لە قەڵەم بدات بەرەو کۆدەنگی نەتەوەیی و ئاشتەوایی نەتەوەیی، بەڵام ئەوە دەوەستێتە سەر بەشداری کردنی تێکڕای پێکهاتە ئیتنی و ئایینییەکانی عێراق. دەبێت یاسای هەڵبژاردنەکان و خودی پرۆسەی هەڵبژاردنیش شەفاف و عادیلانە بن بۆ ئەوەی هەموو لایەن و هاوڵاتییانی عێراق بەشداری لە پرۆسە سیاسییەکەدا بکەن. بۆ ئەم مەبەستە، زۆر گرنگە ئاوارە عێراقییەکانیش بتوانن ناوی خۆیان تۆمار بکەن بۆ دەنگدان و بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بکەن.

چەند بەرەوپێشچوونێکی ئاڵۆز لەم چەند مانگەی دواییدا روویاندا. هەموومان ئومێدی ئەوەمان هەبوو کە راپرسییەکە ئەنجام بدرێت، هەروەك ئەوەی لە ماددەی ١٤٠ دەستووردا بڕیاری لەسەر دراوە. ئەوەی ئاشکرایە ئەمە ئەرکێکی دژوارە، بەڵام گرنگییەکی بنەڕەتی هەیە بۆ ئەوەی دووبارە کوردەکان متمانەیان بە پرۆسە سیاسییەکە هەبێت لە عێراقدا. بەرەوپێشچوونەکانی ئەم دواییەی پەرلەمان پابەندبوونی سیاسەتمەدارەکانی عێراقی خستە ژێرگومانەوە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی رەوا مامەڵە لەگەڵ خەون و ئاواتەکانی کوردەکاندا بکەن. ئەگەر کۆدەنگی نەتەوەیی شکست بهێنێت، ئەگەر حکومەتی عێراقی ئامادەنەبوو، یان نەیتوانی پێویستییەکانی خەڵکی کوردستان لەبەرچاو بگرێت، ئەوا ئایندەی سیاسیی عێراق لە مەترسییەکی راستەقینەدایە. لە بەرژەوەندی هەموو لایەکە، لە بەرژەوەندی کورد، عەرەب، کەمینە جۆراجۆرەکان و هێزەکانی هاوپەیمانانداییە، کە چارەسەرێکی ئاشتییانە و دیموکراتییانە بۆ کێشەی کەرکوك بە تایبەتی و کێشەی کوردستان بە گشتی بدۆزرێتەوە. ئەگەر ئەم کۆدەنگییە نەتەوەیە نوێیە هەرەس بهێنێت، ئەوا دەبێتە گورزێکی سەخت لە هەوڵەکانی ئەو کەسانەی دەیانەوێت ئاشتەوایی نەتەوەیی بهێننەدی.

زەحمەتە بتوانین پێشبینی ئەوە بکەین ئایندەی عێراق بە چ ئاراستەییەکدا دەڕوات ئەگەر کورد و عەرەبەکانی ئەو وڵاتە پێکەوە کارنەکەن.

### یاسای پارێزگاکان بەم شێوەیەی ئێستای بۆ کەرکوک نارەوایە

***خەریکە کێشەی کەرکوك لە نێوان کوردەکان و عێراقدا دەبێتە هۆی وەرگرتنی هەڵوێستی توند، بە تایبەتی کە پەرلەمانی عێراق هەوڵیدا چەند بڕیارێك دژی کوردەکان دەربکات، ئێمە دەزانین ئەگەر بیانەوێت هەر بڕیارێك بەسەر کورددا بسەپێنن، ئەوا کوردەکانی رەتی دەکەنەوە، ئەگەر لەم هەولو مەرجەدا هاوکێشەی سیاسیی لە عێراقدا هەرەسی هێنا، بە تێڕوانینی ئێوە ئایا هەڵوێستی ئەمەریکا چی دەبێت لەم حاڵەتەدا؟**

- من نازانم هەڵوێستی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەم حاڵەتەدا چی دەبێت. هەروەك ئێوە دەزانن، ئەمەریکا هەڵوێستێکی رەسمی دەرنەبڕیووە لە ئاست چارەنووسی کەرکوکدا. لەگەڵ ئەوەشدا، واشنتۆن بایەخێکی زۆر بەو

هەڵبژاردنانەدا دەدات کە بڕیارە ئەنجام بدرێن و رەنگە هەر لەم گۆشەنیگایەشەوە لە کێشەی کەرکوک بڕوانێت. ئەمەریکا پەرۆشە بۆ بەدەستهێنانی بەرەوپێشچوونێکی رەمزی، لەبەر ئەوە زۆر پشت بە جێبەجێکرنێکی سەرکەوتووانەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان دەبەستێت، سەرکەتوو لە روانگەی خۆیەوە. من پێم وایە گرنگە کەرکوکییەکان رۆڵێکی سەرەکی ببینن لە بڕیاردان لە بارەی ئایندەی کەرکوکەوە. وەك ئەوەی من لێی تێدەگەم، یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان کە پێش چەند هەفتەیەك لە پەرلەمانی عێراقدا پەسەند کرا بڕگەیەك لە خۆدەگرێت کە کەرکوك بۆ ماوەیەکی کاتی لە لایەن ئەنجوومەنێکەوە بەڕێوە ببردرێت کە لە ژمارەیەکی یەکسانی کورد و عەرەب و تورکمانەکان پێك هاتبێت. بەلەبەرچاوگرتنی ئەو راستییەی کە بێگومان کوردەکان زیاتر لە یەك لە سەر سێی دانیشتوانی ئەو شارە پێکدەهێنن، هەروەها بە رەوچاکردنی مێژووی دوورودرێژی سەرکوتکاری سەددام حوسێن دژی کوردەکان، ئەوا ئەمە شتێکی نارەوایە و دەبێتە هۆی لە دەستدانی دەسەڵات لە لایەن کوردە کەرکوکییەکانەوە کە لەو شارەدا زۆرینەن. بەڵام لە هەمان کاتدا، دەبێت سیستەمێکی کاتی دابرێژرێت بۆ ئەوەی گرووپە ئیتنییە کەمینەکانی دیکە لە کەرکوکدا (عەرەب، تورکمان، مەسیحیەکان) هەست بکەن دەنگ و دەستڕۆیشتوییان هەیە لە پرۆسەی بڕیارسازی لە کەرکوکدا. یەکێك لە کێشەکان ئەوەیە ئەو پلانە کاتیە پێشنیارکراوە لە سەر بنەمای سەرژمێری، هەڵبژاردن، یان هەر بنەمایەکی دیکەی دەستووری دانەڕێژراوە.

ئەوەی روونە ئەوەیە کە دەبێت ئەنجومەنی پارێزگاکان لە لایەن دانیشتوانی پارێزگاکاوە هەڵبژێردرێت، نەك بە پێی سازشێکی پێشوەختە لە لایەن پەرلەمانەوە.

دەبێت چەند کێشەیەکی سەرەکی یەکلابکرێنەوە پێش ئەوەی یاسای هەڵبژاردنەکە پەسەند بکرێت،(بۆ نموونە، « ئایا دەبێت رێژەی لە سەدا ٢٥ بۆ ئافرەتان لە ئەنجوومەکانی پارێزگاکاندا بهێڵرێتەوە، ئایا بەکارهێنانی رەمزە ئاینییەکان لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا قەدەغەبکرێن، ئایا لیستی کراوە بەکاربهێنرێت لە هەڵبژاردنەکاندا، بە چ شێوەیەك دەنگدەران دەنگ بۆ پاڵێوراوە سەربەخۆکان بدەن لە بری پارتەکان» ). هەرچۆنێك بێت، حاڵی حازر، کێشەی کەرکوك مشتومڕ هەڵگرترین کێشەیە و رەنگە واشنتۆن بە ئاستەنگی بزانێت لە بەردەم ئەو هەڵبژاردنانەی کە خوازیارە زوو ئەنجام بدرێن.

***دوای بڕیارەکەی پەرلەمانی عێراق، لە کەرکوك خۆپیشاندان کرا، کە بووە ئامانجی چەند کردەوەیەکی تیرۆریستی، کە وای کرد خەڵکی کەرکوك پتر نیگەران بن بەرامبەر بارودۆخەکە، بە پێی تێڕوانینی ئێوە تورکیا چۆن سەیری بارودۆخەکە دەکات؟**

- من نازانم هەڵوێستی رەسمی تورکیا چیە دەربارەی خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی کەرکوك ( من کەسێکی شارەزانیم لە سیاسەتی تورکیا)، ئەگەرچی دەزانم کە سەرۆك وەزیرانی تورکیا بە تەلەفۆن پەیوەندی لەگەڵ سەرۆك تاڵەبانیدا کردووە و دڵگرانی و پەژارەی خۆی بۆ دەربڕیووە و ئیدانەی ئەو توندوتیژییەی کردووە. هەروەك ئێوەش دەزانن ئەردۆگان رای گەیاند کە حکومەتەکەی پشتگیری لە کورد، تورکمان و عەرەبەکان بە شیعە و سوننەوە دەکات بۆ ئەوەی پێکەوە بە ئاشتییانە لە کەرکوکدا بژین و ئیدانەی هێرشەکانی ئەم دواییەی کرد بۆ سەر خۆپیشاندەرە کوردەکان. ئەو رای گەیاند تورکیا دژی هەموو جۆرە توندوتیژییەکە و پێشنیاری یارمەتیدانی حکومەتی عێراق کرد بۆ گواستنەوەی بریندارە عێراقییەکان بۆ تورکیا بۆ ئەوەی چارەسەری پزیشکیان بۆ بکرێت»

من پێم وایە تورکیا بەرژەوەندییەکی گەورەی هەیە لە بوونی عێراقێکی سەقامگیر لە سەر سنووری وڵاتەکەی. لە هەمان کاتدا، تورکیا نیگەرانە لە بارەی چارەنووسی ئەو تورکمانانەی لە کەرکوکدا دەژین. بەڵام من پێم وایە دەبێت بە جۆرێك لە جۆرەکان مافی کەمینەکانی شاری کەرکوك بپارێزرێن ئەگەرچی بڕیارەکان لە بارەی حوکمڕانێتی شارەکەوە لە لایەن زۆرینەوە بدرێت. ئەوەش ناوەڕۆکی دیموکراسیە.

*** ئاڵۆزبوونی بارودۆخی کەرکوك دەبێتە هۆی شڵەژانی بارودۆخی باکووری عێراق و ئەمەش رەنگدانەوەی خراپی دەبێت لە سەر بارودۆخی تورکیا، ئایا بە چ شێوەیەك تورکیا هەوڵی ئەوە دەدات هەل و مەرجی کەرکوك ئاڵۆز نەبێت؟**

- هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد، من هیچ شارەزاییەکی تایبەتیم نییە لە سەر سیاسەتی تورکیا، یان سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە، ئەگەرچی روونە کە تورکیا نیگەرانە لە بارەی ئەوەی کردەوەکانی پەکەکە و ئۆتۆنۆمی کوردەکان لە عێراقدا کاریگەری دەبێت لەسەر کوردەکانی وڵاتەکەی. من سەرنجی ئەوە دەدەم کە بەم دواییە چەند بەرەوپێشچوونێك بەدی هاتوون کە جێی ئومێدن، کە بریتی بوون لە هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەسەڵاتەکانی تورکیادا بۆ کۆنترۆڵکردنی پەکەکە.

*** ئەی سەبارەت بە هەوڵەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان لەمەسەلەی هەڵبژاردنەکانی کەرکوك، ئایا تۆ چۆن سەیری هەوڵەکانی دی میستۆرا دەکەیت؟**

- ئەوەندەی من دەتوانم بیڵێم، ئەگەرچی هەندێ جار زەحمەتە لێرە لە واشنتۆن هەواڵێکی زۆر دەربارەی بەرەوپێشچوونەکانی سەر ئەرزی واقیع لە باکووری عێراقدا بەدەست بهێنیت، بەڵام پێدەچێت کە نەتەوە یەکگرتووەکان هەوڵیدابێت بۆ ئەوەی رۆڵێك ببینێت تاوەکو بەرژەوەندییەکانی کورد لە بەرچاو بگرێت لە مەسەلەی بڕیاردان لە یاسای هەڵبژاردنەکان لە ئایندەدا. من لەوە تێدەگەم کە ستیڤان دی میستۆرا هەوڵیداوە قەناعەت بە پەرلەمان بهێنێت بۆ ئەوەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگا لە کەرکوکدا دوابخات، تاوەکو چارەسەرێك بۆ کێشەی ئەو وڵاتە دەدۆزرێتەوە کە هەموو لایەك پێی رازی بن. هەموو لایەك خوازیاری ئەوەن ئەو هەڵبژاردنانە بەم زووانە ئەنجام بدرێن، بەڵام دواخستن دەبێتە هۆی گەیشتن بە رێککەوتنێکی سیاسیی، ئەوا ئەمە دەبێتە بەرەوپێشچوونێکی ئیجابی.

●●●

**بێ بەشدارییەکی چالاکانەی کوردەکان لە ژیانی سیاسیی عێراقدا کۆدەنگی نەتەوەیی دروست نابێت. واشنتۆن (پێدەچێت بەغداش) سازدانی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان بە شێوەیەکی سەرکەوتوو بە هەنگاوێک لە قەڵەم بدات بەرەو کۆدەنگی نەتەوەیی و ئاشتەوایی نەتەوەیی**

●●●

●●●

**زەحمەتە بتوانین پێشبینی ئەوە بکەین ئایندەی عێراق بە چ ئاراستییەکدا دەڕوات ئەگەر کورد و عەرەبەکانی ئەو وڵاتە پێکەوە کارنەکەن**

●●●

●●●

**دەبێت ئەنجومەنی پارێزگاکان لە لایەن دانیشتوانی پارێزگاکاوە هەڵبژێردرێت، نەک بە پێی سازشێکی پێشوەختە لە لایەن پەرلەمانەوە**

●●●

# جیابوونەوە یـ سروشتی کێشە نەتەوەییەکان

لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی لە ساڵی١٩٤٥- ١٩٦٦ ئەو ماوەیەی کە بە قۆناخی کۆتایی هاتن بەسەردەمی کۆلۆنیالیزم و سەربەخۆیی گـەلان لە قەڵـەم دەدرێت و لە ماوەی ئەو ٢١ سـاڵەدا زیاتـر لە ٧٧ گەل و نەتەوە سـەربەخۆیی خۆیان بەدەسـت هێناوە، بـەڵام زۆر گەل و نەتەوەی دیکەش لەبەر چەندین هۆکاری ناوخۆیی و نێودەوڵەتی و پارسـەنگی هێزی سـەردەمانی شەڕی سارد و هاوسـەنگی نێوان بلۆکی رۆژهەڵات و رۆژئاوا کێشەکانیان چارەسەر نەکراو هەستی نەتەوەییان بەزەبری هێز خەفە کرا.هەربۆیە لەگەڵ رووخانی دیواری بەرلین و هەرەسـی بلۆکی سۆشیالیسـتی جارێکی دیکە مەسـەلەی کێشـە نەتەوەیی و ئەتنییەکان لە ناو سیاسەتی نێودەوڵەتی بووەوە یەکێك لە کێشـە نێودەوڵەتییەکان. لەم قۆناخەشدا زیاتر لە ٢٠-٣٠ گەل و نەتەوەی دیکە گەیشـتنە ئامانجی خۆیان و دەوڵەتی سـەربەخۆی خۆیان راگەیاند وەك ١٥ کۆمارە سـەربەخۆکەی یەکێتی سـۆڤیەتی پێشان و شەش کۆماری یوگسلافیای پێشوو و جیابوونەوەی چیك و سلۆڤاکیا و سەربەخۆیی تەیموری رۆژهەڵات و....هتد.

لەم قۆناخەشـدا دیسـان نەتەوەی کورد ئەو مافەی پێـرەوا نەبینرا، لەگەڵ ئەوەی هەرێمی کوردسـتانی عێراق هەندێك بواری باشـتری لە بەشـەکانی دیکەی کوردستان بۆ رەخساوە و سەرکردایەتی سیاسیی کوردستانیش ئەوپەڕی هەوڵی خۆی خسـتۆتە گـەڕ بۆ ئەوەی ئەو هەلەی بۆ کـورد هاتۆتە پێش لە دەسـت نەدرێت و تەواوی هەلومەرجی هەرێمـی و نێودەوڵەتی و ناخۆیی عێراقیشـی لەبەرچاو گرتووە هەوڵدەدات بەهەر رێگەیەك بێت عێراق ئایندە لەسـەر بنەمای یەکێتییەکـی ئارەزومەندانەو وسیسـتەمێکی پەرلەمانی و دیموکراتـی دابمەزرێتەوە کەچی هەوڵەکانی دژ بـە ئیرادەی کورد جارێکی دیکە بەو ئاراسـتەیە خراونەتە گەڕ، خەریکە عێراق بەرەو ئاراستەی شۆڤێنی و دیکتاتۆری دەباتەوە و خەریکە پرۆسـەی دیموکراتی عێراق بە هاوشـێوەی پرۆسـەی دیموکراتی سـەردەمی میلۆسـۆڤیچ و هیتلەر بێجگە لە کەمینە و زۆرینەی سـندوقەکانی دەنگدان و گەلەکۆمەکێ و گوشـاری زۆرینەی نـاو هۆڵی پەرلەمان هیچ مانایەکی دیکـەی نامێنێ، زیاد لەمەش خەریکە حکومەتی عێراق شەرمی لە حکومەتی سەنترالی بەهێز و ئیرادەی حکومەتی ناوەنـدی بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی عێراق دەشـکێت و، پێشـتر کە لە بازنەیەکی بچووك وداخراودا باسـدەکرا، ئێسـتا خەریکـە دەیکەنە تـەوەری وتووێژ و دانوستاندنی سیاسیی و هەوڵدەدەن فیدراڵیزم و پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانەی پێ زیندە بەچاڵ بکەن.

### دیدی زۆرینەی خاوەن هێز و دەسەڵات بۆ چارەسەرکردنی کێشە نەتەوەییەکان لە وڵاتی فرەنەتەوەدا

پسپۆڕانی بواری توێژینەوە لەسەر چۆنییەتی چارەسەرکردنی کێشە نەتەوەیی و ئیتنییەکان جەخت لەسەر دوو بۆچوونی جیاواز بۆ چۆنییەتی چارەسەرکردنی ئەم کێشانە دەکەنەوە:

یەکەمیان : دیدی زۆرینەی خاوەن هێز و دەسەڵات لە حکومەتدا.

دووەمیان : دیدی کەمینەی خاوەن ناسـنامەی نەتەوەیی جیاواز بۆ بەدەسـت هێنانی مافەکانی.



# ـــــان پێکەوە ژیان و میکانیزمی چارەسەرکردنیان

ئەم دوو دیدە لەبنەڕەتەوە دوو دیدی جیاوازن و دوو ڕێگە چارەی جیاوازیشن بۆ وەڵامی یەك پرسـیار، ئەویش ئەو پرسیارەیە: (ئایا چۆن ئەم کێشەیە لە وڵاتدا چارەسەر دەکرێت ؟)

ئەگەر هەوڵبدەین لەدیدی هەریەکەیانەوە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە دەبینین دیدی خاوەن زۆرینەی هێز و دەسەڵات ئەم پرسە گرێداتەوە بە سەروەریی دەوڵەت و ناسنامەی نیشـتمانی و ئەگەر بزانێت بەزەبری هێز ئەم دوو ئامانجەی بۆ دێتە دی ئەوا هیچ گوێ بۆ خواسـتی کەمینەی خاوەن ناسنامەی نەتەوەیی جیـاواز راناگرێت، خۆ ئەگەر دوو دڵیش بێت لـەوەی کە ناتوانێت بە زەبری هێز ئەم مەسـەلەیە یەکلایی بکاتەوە و ئەوە بخاتە بەرچاوی کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چاوپۆشی لێناکات، بەڵام ئەگەر لەوە دڵنیا بێت کە پارسەنگی هێز بەلای کەمینەکەدا بۆ ماوەیەکی دیاریکراویش ناشکێتەوە، ئەوا دەست بەرداری نمایشکردنی ماسولکەی هێز و هەرەشەی زۆرینە و کەمینەو بەکارهێنانی هێز و توندوتیژی نابێتەوە.

بـەڵام ئەگەر وەڵامی هەمان پرسـیار لەدیدی کەمینـەوە وەربگرین دەبینن ئەولەیـەت لای کەمینەی ماف پێشـێلکراو بریتییە لە گێڕانەوەی مافەکانی و داننـان بە ناسـنامەی نەتەوەیـدا وەك نەتەوەیەکی جیاواز لـە ناو دەوڵەتە فرەنەتەوەکـەدا، بەڵام ئـەم وەڵامەی دیـدی کەمینەی ماف پێشـێلکرا و لاوازکردنی حکومەتی مەرکەزی لێکدەرێتەوە و هیچ بوارێك بۆ لێکتێگەیشتن و ڕێککەوتن نامێنێتەوە.

هەربۆیـە بیر لە ڕێگەچارەی دیکە بۆ کپکردنـەوەی دەنگی نەتەوەی خاوەن ناسنامەی جیاواز دێتە ئاراوە و تەنانەت باس لە رووبەڕووبوونەوە و بەکاهێنانی هێـز و توندوتیـژی دەکرێتەوە، هـەروەك چۆن لـە دوای ٢٢ی تەمموزی ئەمسـاڵەوە، بە ئاشکرا لەسەر تەواوی میدیا عەرەبیەکانی عێراق و دەوڵەتانی عەرەبییەوە گـوێ بیسـتی دەبین و بە ئاشـکرا داوای ئەوە دەکەن کە دەبێت یەکەکانی باشـوور و ناوەڕاستی سوپای عێراق شاری کەرکوك داگیر بکەنەوە و، وەك ئەوەی پۆلیس و ئاسایشـی کەرکوك بەشێك نەبن لە سوپا و پۆلیسی عێراق، زیاد لەمەش حکومەتی عێراق وەك دانپێدانانێکی زمنی بە ڕەوایی ئەو داوایەی کە داوادەکات کەرکوك داگیر بکرێتەوە، وەزیری بەرگرییەکەی ناردووە بۆ کەرکوك و دەڵێت : (باردۆخی کەرکوك ئارامەو پێویسـتی بە هێزی دیکە نییە) ئـەم لێدوانەی وەزیری بەرگری عێراق لەگەڵ ئەوەی لەلایەن میدیای کوردسـتانەوە بە شێوەیەکی ئیجابی پێشـوازی لێکرا لانی کەم بەو مانایەی کۆمەڵێك بارگرژی خاو کردەوە، بەڵام هێندەی بۆ رازیکردنی خواستی عەرەب بوو هێندە بۆ لەبەر چاو گرتنی هەستی کورد و شەرعییەتی کێشەی کەرکوك نەبـوو، لانی کەم دەبوو وەزیری بەرگری عێراق ئاماژە بەوە بکات ئەو هێزەی لە ماوەی پێنج سـاڵی رابردوو تائێستاش ئاسایش و سەقامگیری کەرکوکی پاراستووە، پێکهاتەی شاری کەرکووك خۆیەتی و ئەگەر باردۆخەکە پێویست بکات و خۆیان داوامان لێبکەن ئێمە ئامادەین بەدەنگ داواکەیانەوە بێین و ئەو هێزەشـی دەینێرین وەك هێزێکی عێراقی بەپێی ڕێنمایی ئەو هێزەی ئێستا لە کەرکوکە هاوکار دەبن بۆ ڕاگرتنی باری ئارامی و ئاسایشی کەرکووك . بەڵام ئاماژەکردن بەوەی کە ئێستا پێویست نییە هێزی تر بنێرین هەندێك

لە بەراوردی نێوان کۆسۆڤۆ و کوردستاندا نزیکەی هەموو فاکتەرەکان لەیەک دەچن، تەنیا لەیەک حاڵەتدا جیاوازیمان هەیە کە ئەویش میانگیری یان دەستێوەردانی لایەنی سێیەمە، کە ئەویش هەر ئەمەریکایە



مانا و ڕەهەندی دیکـــەی لێدەخوێنرێتەوە،(کە ئومێد دەخوازین ئەو بارودۆخە بەو جـــۆرە نەیەتەپێش و ئەو مەزندانەی ئێمەش نەبنە کردار لەســـەر ئەرزی واقیع)، بە مانایەش تەفســـیر دەکرێت ئەگەر هاوولاتیانی کەرکووك داواکەیان بەرێگەی دەستووری ســـەری گرت و گەڕانەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بێگومان ئاســـایش و پۆلیس و ئەو هێزەی لە کەرکوك هەیە حەتمەن دژی ئەو ئاژاوەگێڕانە رادەوەســـتن کە دەبنە دژی یاسا و دەستووری عێراق، لێدوانەکەی وەزیری بەرگری عێـــراق بۆ ئەم حاڵەتە وا دەخوێنرێتەوە ئەگەر حالەتێکی وا هاتە پێش ئەوە بەشـــە عەرەبییەکەی ســـوپای عێراق لەوە دوودڵ نابێت هێرش بکاتە ســـەر یەکەکانی کەرکووك و هەرێمی کوردستان کە لە بنەڕەتدا بەشێکن لە هیزەکانی ئاســـایش و ســـوپای عێراق، ئەم جۆرە لێدوانانە لە بنەڕەتدا بەو شـــێوەیە دەخوێنرێتەوە کە باڵانسی هێز بە بەرژەوەندی دەسەڵاتی ناوەندایە و بە بەئاگاهێنانەوەی کورد دەژمێردرێت کە پێویســـتە ملکەچی خواستەکانی زۆرینـــە بێت، ئەمەش ئەو گرفتە ســـەر لەنوێ دروســـتدەکاتەوە کە بۆ ئەم قۆناخەی بونیادنانەوەی عێراق هەڕەشـــە لە هەموو دەستکەوتەکانی ئایندەی عێراق، بۆ ئەوەی راشـــکاوانەتر لەسەر ئەم پرسە گرنگە هەڵوەستە بکەین، بە پێویستی دەزانین لەســـەر ئەزموون و چۆنییەتی چارەسەرکردنی ئەم کێشانە هەڵوەستە بکەین.

## چارەسەرکردنی کێشە نەتەوەییەکان لە سیاسەتی نێودەوڵەتی هاوچەرخدا

لـــە دوای رووخانی دیـــواری بەرلینـــەوە، جارێکی دیکە کێشـــە نەتەوەیی و ئەتنیـــە چارەســـەرنەکراوەکان وەك دیاردەی زەق لە سیاســـەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە دەرکەوتۆتەوە، هەربۆیە ئەو پرســـیارەی چۆن دەتوانین ئەم کێشە ئەتنی و نەتەوەییانە چارەسەربکرێن ؟ ئەم پرسیارە تەنها نەبۆتە مژاری سەرەکی و جێی بایەخی پسپۆڕان و تۆێژەران لەم بوارەدا، بەڵکو بۆتە جێگەی بایەخ و سەرنجی سیاسەتمەدار و بڕیارسازانی نێودەوڵەتیش.

هـــەردوو لایەن و پســـپۆڕان لەســـەر ئەم پرســـە گرنگە گەیشـــتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە ئەو کێشـــانەی رەگێکی قووڵیان هەیە و ماوەیەکی زۆر لەسەر یەکلاییکردنەوەی ئەم کێشەیە شەڕ و توندوتیژی لە نێوان لایەنە پێکناکۆکەکان روویـــداوە، ئـــەوا نابێت چاوەڕێی ئەوە بین کە ئەم کێشـــانە بەئاســـانی و لە میانەی وتوویژ و رێککەوتنەکاندا بگەنە چارەسەرێکی یەکلاکەرەوە، ئەوەشی دەبێتە پاڵپشـــت بۆ ئەم بۆچوونە کێشەکانی هاوشێوەی کوردستان و کشمیر و فەڵەستینە.

بێگومان کە باســـی چارەســـەری یەکلاکەرەوە دەکرێت بەو مانایە باسدەکرێت، بەپێی ئەو میکانیزمە بگەنە چارەسەر کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەوڵی بۆ دەدات بەڵام کێشـــەکە نەگەیشتۆتە ئەو قۆناخەی کە بڵێین بە تەواوی کۆتایی هاتووە، لەم چوارچێوەیەشدا گەلێك جار هەستدەکرێت لە هەندێك کێشەدا بەرەو پێشەوەچوون بە ئاراستەی چارەسەری ئاشتییانە دێتە ئاراوە، هەروەك چۆن ئەو بەرەوپێشـــەوە چوونە لە قۆناخەکانی چارەسەرکردنی کێشەی کورد و کێشەی فەڵەســـتین و کێشـــەی ئیرلەندا بەدیکراوە، بەڵام هیچ گەرەنتییەك نەبووە بۆ ئەوەی ســـەر لە نوێ ئەم کێشانە سەرهەڵنەدەنەوە، هەربۆیە مێژووی ئەم جۆرە چارەســـەرە پێمان دەڵێت ئەم جۆرە چارەسەرانە بۆ ماوەیەك ئاستی توندوتیژی هێور دەکاتەوە، بەڵام چارەسەری کۆتایی نییە بۆ کێشەکە، بۆیە سەر لە نوێ سەر هەڵدەداتەوە.

لەدوای کۆتایی هاتنی شـــەڕی ســـارد سیاســـەتی تەقلیدی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دووبارە درێژەدان بوو بە سیاســـەتی ســـەردەمانی شـــەری سارد لە چارەســـەرکردنی ئەم کێشـــانەدا، هەربۆیە جیهان ڕووبەڕووی دیاردەیەکی ترســـناکی ژینۆســـاید و پاکتاوی رەگەزی بۆوە، هەروەك لە یۆگوسلاڤیای پێشـــوو بینیمان، هەر ئەمەش وایکرد لەســـەر هەردوو ئاســـتی توێژینەوەی زانستی و بڕیارسازی بۆ چەسپاندنی ئاشتی بیر لەوە بکرێتەوە، ئایا شێوازی گونجاو بۆ رێگرتن لە ژینۆساید و پاکتاوی رەگەزی کام رێگەچارەیە و چۆن ئەم تەنگژانە کۆتاییان پێدێت ؟

## رێگەچارەی گونجاو بۆ کێشە ئەتنی و نەتەوەییە هەمەجۆرەکان

ئەگەر ئامانج هەموو جیهان ئەوەبێت هەڕەشـــەکانی بەردەم ئاشتی و ئاسایشی جیهـــان نەمێنن و جیهان بـــەرەو جیهانێکی ســـەقامگیرو ئاشـــتی هەنگاو هەڵبگرێت، پرســـیار ئەوەیە چی بکەین بۆئەوەی شـــەڕو توندوتیژی ئەتنی و نەتەوەییەکان نەبنە هەڕەشـــە لەسەر ئاشـــتی و ئاسایشی جیهانی؟ ئەوا دەبێت بەدوای ئەو پرســـیارە بکەوین: ئایا چۆن کێشە نەتەوەییەکان چارەسەردەکرێن؟ ئایا هەموو کێشـــە نەتەوەیی ئەتنییەکان هەمـــووکات بەرێگەی دیالۆگ و ئاشتیانە چارەسەر دەکرێن، یان ئەو هەوڵانەی بۆ چارەسەرکردن و بەزۆر پێکەوە هێشتنەوەیان دەدرێت دەبێتە بازنەی توندوتیژی و تۆڵەسەندنەوە؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە، ئەزموونی کێشە ئەتنی و نەتەوەییەکان پێمان دەڵێن: کێشە ئەتنییەکان بە چەندین رێگەی جیاواز مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، بەڵام خاڵـــی گرنگ لێرەدا ئەوەیە چۆن لەنێو ئەو رێگە چارە جیاوازانە، رێگەیەکی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەکی تایبەتی دەدۆزینەوە.

بێگومان بۆ دۆزینەوەی باشـــترین رێگە چارە بۆ کێشەیەکی تایبەت پسپۆڕان کار لەســـەر چەند گریمانەیەك دەکەن کەشـــێواز و سروشتی کێشەکان دیاری دەکەن لەوانە:

-١ ئەگەر کێشەکە رابردوویەکی خوێناوی درێژخایەنی هەبێت و شەڕو کوشتار لەنێوان هەردوولادا گەیشـــتبێتە ئاســـتێکی بەرز، بۆنموونە کێشـــەی کورد لە عێراقدا کە پرۆفیســـۆر ئار ویلیام ئایەرز لە دەســـپێکی شۆڕشی ئەیلولەوە بە داتای باوەڕپێکراو بۆ دیراسەتێکی ئەکادیمی کە بەناونیشانی (Separation or Inclusion) واتـــە جیابوونەوە یان ئیحتواکردنی کێشە ئەتنی و نەتەوەییەکان ئاماژەی پێکردووە، بەم جۆرەیە:

-١ لە ساڵی -١٩٦١ ١٩٧٠ کورد ٩٥٠٠٠ شەهیدی داوە.

-٢ لە ساڵی ١٩٧٢ – ١٩٧٥ کورد ٣٢٠٠٠ شەهیدی داوە.

-٣ لە ساڵی -١٩٨٠ ١٩٨٨ کورد ١٠٠٠٠٠شەهیدی داوە . سەبارەت بە خاڵی ســـێیەم، بێگومان زۆر لەو ئامارە زیاترە کە پرۆفیسۆر ئایەرز لە دیراسەتەکەیدا ئاماژەی پێکردووە. بە تەنها لە شـــاڵاوەکانی ئەنفـــال و کیمیاباراندا زیاتر لە ٢٠٠٠٠٠ هەزار شـــەهیدمان داوە، ئەمە بێجگە لە شەهیدانی نێو زیندانەکان و بێ سەروشوێنەکان کە هێشتا چارەنووسیان نادیارە.

بەهەرحاڵ ئەگـــەر گریمانە و داتاکەی ئایەرزیش بکەینە بنەما وەك خۆی لە دیراسەتەکەیدا کردوویەتییە بنەما، کێشەی کوردستانی عێراق لە چوارچێوەی گریمانەی چارەسەری ئەو کێشانە پۆلێن دەکرێت کە(بێجگە لە جیابوونەوە هەر رێگەیەکی دیکە بگرێتە بەر ئەوا کێشەکە هەر بەچارەسەر نەکراوی دەمێنێتەوە و ســـەرەنجام ئاکامە ترسناکەکەی ســـەرهەڵدانەوەی کێشەکە سەر لەنوێ هەر بەردەوام دەبێت). نموونەی زیندوو بۆ پشتڕاســـتکردنەوەی قســـەکانی ئایەرز هەوڵەکانی دیالۆگ و دانوستاندنەکانی نێوان شۆڕشی کورد و حکومەتە یەك لەدوایەکەکانی عێراقە و هەروەها هەوڵەکانی ئێســـتای کوردە بۆ بونیادنانەوەی عێراق و دامەزراندنی سیستەمی فیدرالی و دیموکراسییە لە عێراقدا، دەبینین لە ماوە جیاوازەکاندا کێشـــەکە هەندێـــك هێوربوونەوەی بە خۆیەوە بینیوە بەڵام پاش ماوەیەك توندتر لە پێشتر دەستی پێکردۆتەوە، هەر بۆنموونە :

-١ شۆڕشـــی کورد لە ساڵی ١٩٦٤ دەستی بە وتوویژ کرد، بۆ ماوەیەك شەڕو توندوتیژی کەمبۆوە، بەڵام لە گەڵ دەســـتپێکردنەوی شەڕ باردۆخەکە زۆر لە جاران توندتر بۆوە.

-٢ لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٧ جارێکی دیکە دەست بە وتوێژ و دانوستاندن کرا . کۆمەڵێك هەنگاوی باش چوونـــە پێش تەنانەت حکومەتی ئەوکاتی عێراق رێگەیدا رۆژنامەی التاخی لەبەغدا دەربچێت و رەشنووســـی رێککەوتنێکیش ئامادەکـــرا کە بە بەیانی ٢٩ی حوزەیران ناســـراوە، بەڵام دوای ئەمە جارێکی دیکە شـــەرو توندوتیژی لە نێوان شۆڕشـــی کورد و حکومەتی عێراقدا چۆتە قۆناخێکی ترسناك تر.

-٣ لـــە مارتی ١٩٧٠ رێککەوتنی ئازار لە نێـــوان کورد و حکومەتی عێراق

**حکومەتی عێراق وەک دانپێدانانێکی زمنی بە رەوایی ئەو داوایەی کە داوادەکات کەرکوک داگیر بکرێتەوە، وەزیری بەرگرییەکەی ناردووە بۆ کەرکوک و دەڵێت : (باردۆخی کەرکوک ئارامەو پێویستی بە هێزی دیکە نییە) ئەم لێدوانەی وەزیری بەرگری عێراق لەگەڵ ئەوەی لەلایەن میدیای کوردستانەوە بە شێوەیەکی ئیجابی پێشوازی لێکرا لانی کەم بەو مانایەی کۆمەڵێک بارگرژی خاو کردەوە، بەڵام هێندەی بۆ رازیکردنی خواستی عەرەب بوو هێندە بۆ لەبەر چاو گرتنی هەستی کورد و شەرعییەتی کێشەی کەرکوک نەبوو**

مۆرکرا. ئەم ڕێککەوتنە لەگەڵ ئەوەی لە ڕێککەوتنەکانی دیکە پێشکەوترو جیاوازتر بوو، ئەو ڕەشنووسەی بۆ ئەو ڕێککەوتنە ئامادەکرابوو لانی کەمی خواستەکانی کوردی لە خۆ گرتبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی تەرازووی هێز لە ساڵانی ١٩٧٠- ١٩٧٤ بەلای حکومەتی ناوەندی شکایەوە، ئەوەبوو کە لەساڵی ١٩٧٥ شەڕ هەڵگیرسایەوە حکومەتی عێراق تەنها بۆ ئەوەی شۆڕشی کورد شکست پێبێنێت، ڕێککەوتننامەی جەزائیری لەگەڵ شای ئێران مۆرکرد و وازی لە نیوەی شەتلوعەرەب هێنا.

-٤ لە دوای ساڵی ١٩٧٥ قۆناخێکی دیکەی توندوتیژی حکومەتی عێراق بەرامبەر کورد و شۆڕشەکەی دەستی پێکرد ئەمجارەیان بە شێوەیەکی سیستماتیکی و تیرۆری دامەزراوەیی دەوڵەت نەخشەی بۆ سڕینەوەی ناسنامەی کورد داڕشت کەوتە پیادەکردنی سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزی و وێرانکردنی تەواوی گوند و شارەکانی کوردستان و تەنانەت بەبێ سڵکردنەوە لە رای گشتی نێودەوڵەتی و بنەماکانی مافی مرۆڤ چەکی کیمیاوی بۆ سڕینەوەی کورد لەسەر خاکی خۆی بەکارهێنا.

-٥ لەساڵی ١٩٩١ لەو کاتەی حکومەتی عێراق تەنها دەسەڵاتی بەسەر ٤ پارێزگای عێراقدا هەبوو، بەرەی کوردستانی ئامادەباشی بۆ وتووێژو دانوستاندن لەگەڵ حکومەتی عێراق پیشاندا، بەڵام لەو کاتەشدا کە حکومەتی عێراق لەوپەڕی لاوازیدا بوو ئامادەنەبوو مافەکانی کورد بسەلمێنێت، ئەگەر بارودۆخی نێودەوڵەتی گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتبایە ئەمجارەش دوای ئەوەی وتووێژەکان سەری نەگرت، حکومەتی عێراق کوردستانی لەسەر نەخشە دەسڕییەوە، بەڵام ئەمجارە کورد بەختی هەبوو سوودی لەو گۆڕانکارییانە وەرگرت، کە لە سیاسەتی نێودەوڵەتی هاتبوونە ئاراوە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ یەکەم جار لە مێژوودا چەترێکی پارێزگاری بە ناوی (No fly zone) بۆ کورد دابینکرد و بەشێوەیکی کاتی بەشێکی هەرێمی کوردستانی لە ئیدارەی حکومەتی عێراق جیاکردەوە، دەکرێت بڵێین ئەم جیاکردنەوە کاتییەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ماوەی ساڵانی ١٩٩١-٢٠٠٣ ئەزموونێکی باشە بۆ چۆنییەتی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە عێراقدا و سەر لە نوێ کۆمەڵێك پەیوەندی برایانەی لە نێوان کورد و پێکهاتەکانی دیکەی عێراقدا دروستکرد و کورد گەیشتە ئەو قەناعەتەی بە نەمانی بیری شۆڤێنیزم و سڕینەوەی ئەقڵییەتی دیکتاتۆری دەکرێت عێراقێکی نوێ لەسەر بنەمای پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانە بونیادبنرێتەوە.

-٦لە دوای ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس کورد بەو گیانەوە کە چیدیکە ئەو ئەقلییەتە لە عێراقدا حکومڕانی ناکەتەوە بەهەموو قورسایی خۆی هاتە ناو پرۆسەی سیاسی عێراق و ڕۆڵی سەرەکی و کاریگەری لە بونیادنەوەی عێراقدا گێڕاو لە نێو کێشەکانی عێراقیشدا، بەتایبەتی کێشەو شەڕی ناوخۆی نێوان عەرەبی سوننەو شیعەی عێراقدا ڕۆڵی میانگیر و ناوبژیوانیشی گێڕا، بەڵام هەموو ئەو هەوڵانەی کورد نەبوونە فاکتەرێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، بەڵکو وەك لە ٢٠٠٨ /٧/٢٢ لە نێو پەرلەمانی عێراق بینیمان هەموو هەوڵەکان بەو ئاراستەیەن کە دەسکەوتەکانی کورد لە ناو بەرن و کورد بخەنە نێو بازنەی گۆشەگیری و وەدەرنانی لە پرۆسە سیاسییەکە، ئەمە دووبارەکردنەوەی ئەزموونێکی تاڵە، بۆیە زۆرگرنگە ڕاشکاوانە لەگەڵ بەرامبەر و لایەنی سێیەم کە ئێستا بریتین UNوUS لە عێراقدا ئەم مەسەلانە بخەینەروو، بەبیریان بێنینەوە ئەزموونی ناوچەی ئارام کە تیایدا بەشێکی هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی ١٢ ساڵ لە عێراق جیا کرابۆوە هۆکارێك بوو بۆ ئاسایشی ناوچەکە و جیهان و ئێستاش ئەگەر ئەو ئەزموونە فراوانبکرێت و شەرعییەتێکی نێودەوڵەتی بۆ دابینبکرێت ئەوا قورسترین و سەخترین کێشە کە کێشەی کوردە لە عێراقدا بۆ هەتا هەتایە چارەسەردەکرێت.

## پراکتیزەکردنی گریمانە و تیۆرەکان بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانە

سربەکانی دوای دیکتاتۆر میلۆسۆڤیچ دەسەڵاتیان نەبوو، بۆیە بەسەربەخۆیی کۆسۆڤۆ ڕازی بوون، ڕووسیا کەخۆی بە خانەخوێی سربەکان دەزانی لەسەر ئاستی پارسەنگ و هاوسەنگی هێزی جیهانی ئەو قورساییەی نەبوو کە بتوانێت دژ بە بڕیارەکەی پەرلەمانی بریشتینا ڤیتۆ بەکار بهێنێت، هەربۆیە بە پشتگیری ئەمەریکا توانیان بڕیاری خۆیان جیبەجێ بکەن.

لە بەراوردی نێوان کۆسۆڤۆ و کوردستاندا نزیکەی هەموو فاکتەرەکان لەیەك دەچن، تەنیا لەیەك حاڵەتدا جیاوازیمان هەیە کە ئەویش میانگیری یان دەستێوەردانی لایەنی سێیەمە، کە ئەویش هەر ئەمەریکایە، بەڵام بۆ بەدبەختی ئەمەریکا لە عێراقدا گوشار دەخاتە سەر سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بۆ ئەوەی بەمانەوە لە چوارچێوەی عێراقدا ڕازی بن، بەڵام لە حاڵەتی کۆسۆڤۆ سەرۆك بۆش بە شەخسی خۆی ٣ جار بە تایبەتی لەگەڵ فلادمیر پۆتین کۆبۆتەوە بۆ ئەوەی دژایەتی بڕیاری سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ نەکات.

لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر سەیری خاڵە هاوبەشەکانی کێشەی کورد لە عێراقدا بکەین و لەگەڵ خاڵە هاوبەشەکانی کۆسۆڤۆ لەگەڵ سربیا بەراوردی بکەین، دەبینین لە کۆی ٤ خاڵ لە سیاندا وەك یەکن هەر بۆ نموونە:

-١ ئاستی شەڕ و توندوتیژی و ماوەی کێشەکە.

لەم خاڵەدا ئەو قوربانییەی کورد بۆ کێشە ڕەواکەی داویەتی زۆر لە قوربانییەکانی ئەلبانییە نەژادەکانی کۆسۆڤۆ زیاترە و ئەو سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزییەی لە سەردەستی ڕژێمی سەددام و بەعس دژی کورد پیادەکراوە، زۆر لە سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزیی ترسناکترە کە میلۆسۆڤیچ دژی کۆسۆڤۆ پیادەی کردووە.

-٢ باڵانسی هێز لە نێوان هەولێرو بەغدا زۆر لە باڵانسی هێزی نێوان بریشتینا و بەلگراد هاوسەنگ ترە، هەربۆیە ئەگەر مەترسی ئەوە هەبێت کە هاوسەنگی هێز دەبێتە هۆکارێك بۆ توندوتیژی زیاتر و ئاژاوەی زیاتر، ئەوا ئەو مەترسییە لە نێوان هەولێرو بەغدا زیاترە و هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان دەتوانن پارێزگاری لە سنورەکانی نێوان هەرێم و ناوچەکانی دیکەی عێراق بکەن لە کاتێکدا لە کۆسۆڤۆ تەنیا هێزی ئاشتیپارێزی نێودەوڵەتی هەبووە.

-٣ شێوازی مامەڵەی نێوان سرب و ئەلبان لە شێوازی مامەڵەی نێوان کورد و عەرەب هێورترە، سربەکان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ ناوچەی کۆسۆڤۆیان وەك ناوچەیەکی ئۆتۆنومی لە چوارچێوە یوگسلافیای پێشوو قبووڵ بووە، بەڵام لەوپەڕی بێهێزی حکومەتی عێراقدا، کوردستانی وەك ناوچەیەکی ئۆتۆنومی بە سنوری جوگرافی و مێژووی خۆیەوە قبووڵ نەبووە.

لەم سێ خاڵەدا مەترسی مانەوەی کوردستان لەگەڵ عێراق زۆر لە مەترسی مانەوەی کۆسۆڤۆ لەگەڵ سربیا ترسناکترە، کۆسۆڤۆ دەیتوانی وەك هەرێمێکی فیدراڵی بە سنووری جوگرافی و مێژووی خۆیەوە لەگەل سربیا بمێنێتەوە و سربیاش ئامادەبوو ئەو مافانە بۆ کۆسۆڤۆ بسەلمێنێت و هەروەها گۆڕانکارییەکی گەورەش بەسەر ئەقڵییەتی دەسەڵاتدارانی بەلگرادی دوای میلۆسۆڤیچ هاتبوو، بەڵام لەعێراقدا ئەو گۆرانکارییە وەك پێویست بەدی ناکرێت.

-٤ ئەو خاڵە کە لە بەرژەوەندی کۆسۆڤۆ بوو و دژی خواستی کوردە لەم قۆناخەدا، دەستێوەردانی لایەنی سێیەمە کە ئەویش بە پلەی یەکەم ئەمەریکایەو بەپلەی دووەم نەتەوە یەکگرتووەکانە، بەداخەوە هەردوو لایەن US وUN ڕۆڵی میانگیرێکی بێلایەنن بەڵام هەر ئەوانن لە مەسەلەیەکی گرنگی وەك کەرکووکدا پێشنیار و ڕێگە چارەی تر دەخەنە ڕوو، کە دێتە سەر چارەسەرکردنی کێشەکەش خۆیان دەکەنە بێلایەن و دەڵێن ئەمە کێشەیەکی عێراقییەو خۆیان لە مەسەلەکە دەدزنەوە، ئەمە فاکتەرێکی گرنگی جیاوازی نێوان کوردستان و کۆسۆڤۆیە کە دەبێت هەموو هەوڵەکانمان بۆ ئەوەبێت ڕۆڵی لایەنی سێیەم لە کێشەکەدا ڕاست بکەینەوە، بە جۆرێك ئەگەر ڕاستەوخۆ نەشبنە پاڵپشت و پشتیوانمان ئەوا لانی کەم گوشارمان نەخەنە سەر سازش لەسەر مافەکانمان بکەین، یان لە کاتێکدا ناتوانین بەدڵی ئەوان ڕەفتار بکەین بە ناچاری ڕێگە چارەی دیکە هەڵبژێرین.

بۆ زیاتر هەڵوەستەکردن لەسەر ئەم پرسە گرنگە، کۆمەڵێك پسپۆڕ بۆ ئەم ڕاپۆرتە قسەیان کردووە، کە ئەمە بۆچوونەکانیانە.

●●●

**زۆرگرنگە ڕاشکاوانە لەگەڵ بەرامبەر و لایەنی سێیەم کە ئێستا بریتین UN وUS لە عێراقدا ئەم مەسەلانە بخەینەروو، بەبیریان بێنینەوە ئەزموونی ناوچەی ئارام کە تیایدا بەشێکی هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی ١٢ ساڵ لە عێراق جیا کرابۆوە هۆکارێك بوو بۆ ئاسایشی ناوچەکە و جیهان و ئێستاش ئەگەر ئەو ئەزموونە فراوانبکرێت و شەرعییەتێکی نێودەوڵەتی بۆ دابینبکرێت ئەوا قورسترین و سەخترین کێشە کە کێشەی کوردە لە عێراقدا بۆ هەتا هەتایە چارەسەردەکرێت**

●●●

■ پرۆفیسۆر دینس پاپازاین، کە ئوستادی مێژووە لە زانکۆی میشگان پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر مێژووی رووسیا و ئەرمینا و رۆژهەڵاتی ناوین و یەکێکە لە چالاکەکانی نەتەوەی ئەرمەن لە ئەمەریکا و سەرۆکی ئەنجوومەنی ئەرمەنەکانە لە ئەمەریکا.
پاپازاین وەك ئەکادیمی چالاکڤان لە بواری ناساندنی کێشەی نەتەوەی ئەرمەن بەڕای گشتی و کاریگەری ئەم کێشەیە لەسەر ناوەندی بڕیاری ئەمەریکا رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە و پسپۆر و شارەزایە لە چۆنییەتی هەنگاو هەڵگرتن بەرەو دابینکردنی مافی نەتەوە چەوساوە و بێ دەوڵەتەکان. بۆ هەڵسەنگاندنی رەوشی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان و فشاری نێودەوڵەتی لەسەر سەرکردایەتی سیاسی کوردستان، گوڵان پەیوەندی بە پرۆفیسۆر پاپازاین کرد و بەمجۆرە هاتە ئاخاوتن■

## دینس پاپازاین سەرۆکی ئەنجوومەنی ئەرمەنەکان لە ئەمەریکا بۆ گوڵان:

# ئەمەریکا وەک پێویست بایەخی بە کورد نەداوە، بۆیە دەبێت وەک ئەرمەنەکان لۆبی بکەن و کێشەی خۆتان بەڕای گشتی بناسێنن



### دەبێت کورد بڕێک لە داهاتی خۆی بۆ لۆبیکردن تەرخان بکات

***بە درێژایی مێژوو کورد و ئەرمەنیەکان دووچاری نەهامەتی و کۆمەڵکوژی بوونە، بەڵام ئەرمەنییەکان خۆشبەختترن، لەبەر ئەوەی دەوڵەتی سەربەخۆیی خۆی هەیە، بەڵام کوردەکان هەست دەکەن بێ وڵات و دەوڵەتن، چ راسپاردەیەکت هەیە بۆ کوردەکان بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی باشتر کێشەکەی خۆیان بە جیهان بناسێنن؟**

- من پێموایە لەم سەردەمەدا دەبێت گرنگی و بایەخ بەو بوارە بدرێت کە پێی دەگوترێت پەیوەندییە گشتییەکان، بۆ نموونە تورکیا بە ملیۆنەها دۆلار دەداتە کۆمپانیاکانی پەیوەندی گشتی و چەندەها کۆنگرێسمان و سیناتۆر بۆ ئەوەی بەرگری لە تێڕوانین و بەرژەوەندییەکانی تورکیا بکەن و باشتر هەڵویستی تورکیا بۆ رای گشتی ئەمەریکا روون بکەنەوە، من پێموایە دەبێت کوردەکان بەم شێوەیە رەفتار بکەن و بڕێك لە پارەکانیان لەم بوارەدا بخەنەگەڕ، کوردەکان خاوەنی کێشەیەکی بەهێزن، لە ماوەی دەیەی رابردوودا توانیویانە نموونەیەکی باش بخەنەڕوو لە رووی حوکمڕانێتی باش و دابینکردنی ئاسایش و خۆشگوزەرانی لە هەرێمەکەیاندا، من پێموایە دەکرێت کوردەکان هەوڵی باشتر بخەنەگەڕ بۆ روون کردنەوەی پرسەکەیان بۆ رای گشتی، لەبەر ئەوەی ئێمە باوەڕمان بە مافی بڕیاردانی چارەنووسە و کوردەکانیش گەلێکی گەورەن لە جیهاندا. خاڵێکی تر هەیە کە من پێم خۆشە ئاماژەی پێبکەم، ئەویش ئەوەیە دەبێت هەوڵی پێکهێنانی هاوپەیمانێتی بدەن، بۆ نموونە لەبەر ئەوەی لە گەڵ ئەرمەنییەکاندا قوربانی دەستی تورکیان ئەوا هاوپەیمانێکی سروشتی یەکترن. من پێم وایە ئەمەریکا خوازیارە هاوکاری زیاتری کوردەکان بکات، بەڵام رەنگە فشارەکانی تورکیا رێگر بێت، هەرچەندە من نامەوێت دژی تورکیا قسە بکەم، لەبەر ئەوەی هەر وڵاتێك هەوڵی هێنانەدی بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانی خۆی دەدات.

### دەکرێت کوردستان سنووری خۆی هەبێت بەڵام هاوپەیمانی دەوڵەتە دراوسێکانی بێت

*** هەر کە باسی دەوڵەتی کوردی دەکرێت هەموو لا هەست بە هەڕەشە دەکەن، بەڵام لە دوای ساڵی ١٩٩٠ەوە نزیکەی ٢٥ وڵات سەربەخۆییان وەرگرتن، بۆچی دروست بوونی ئەو وڵاتانە نەبوونە هۆی تێکدانی ئاسایش و سەقامگیری، بەڵام کوردەکان کە گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتن، ئەگەر ببنە خاوەنی دەوڵەتی خۆیان ئاسایش و ناسەقامگیری لێدەکەوێتەوە؟**

- لە رووی مێژووییەوە روانگە یاساییەکە بریتی بووە لەوەی هەر گروپێکی ئیتنی سنووری تایبەتی خۆی هەبێت، بە گوزارشتێکی دیکە دەوڵەتی نەتەوەی خۆی هەبێت، بە تایبەتی لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە، بەڵام تێڕوانینێکی دیکەش کە بریتیە لە تێڕوانینی یەکێتی ئەوروپا کە بە ئاڕاستەیەکی پێچەوانەیە، کە بریتییە لە کاڵبوونەوەی سنوورە نەتەوەییەکان لە چوارچێوەی یەکێتیەکەدا. من هیچ ناسازیەك لەمەدا نابینم، لەبەر ئەوەی بۆ نموونە دەکرێت کوردستان سنووری خۆی هەبێت، بەڵام هاوپەیمانی دەوڵەتە دراوسێکان بێت و پەرە بە هاوکاری و پەیوەندییە بازرگانییەکان بدات لەگەڵیاندا. من پێم وایە کوردەکان شایستەی سەربەخۆیی و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیانن، بەڵام ئەمە پرۆسەیەکی ئاڵۆزە و پێویستی بە پەرەپێدانی پەیوندیە نێودەوڵەتییەکانە، پێویستی بە پەرەپێدانی ئەوەیە کە پێی دەڵێن پەیوەندی گشتییەکان بۆ ئەوەی زیاتر تێڕوانین و گۆشەنیگای خۆیان بۆ رای گشتی روون بکەنەوە. وابزانم کوردەکان نووسینگەیەکیان هەیە لە واشنتۆن و نووسینگەیەك لە ئەوروپا، بەڵام دەبێت ئەم هەوڵانە فراوان بکرێن و زیاتر بکرێن، من پێم وایە کوردستان ئەو سەروەت و داهاتەی هەیە کە ئەم کارەی پێ بکرێت، تەنها پێویستتان بە سەرکردە و بە ئامۆژگاری هەیە، بەڵام دەکرێت ئەم کارە بکرێت. بە دڵنیاییەوە ئەگەر من لە جێی سەرکردە کوردەکان بوومایە ئەم کارەم دەکرد.

●●●
**تورکیا بە ملیۆنەها دۆلار دەداتە کۆمپانیاکانی پەیوەندی گشتی و چەندەها کۆنگرێسمان و سیناتۆر بۆ ئەوەی بەرگری لە تێڕوانین و بەرژەوەندییەکانی تورکیا بکەن و باشتر هەڵویستی تورکیا بۆ رای گشتی ئەمەریکا روون بکەنەوە، من پێموایە دەبێت کوردەکان بەم شێوەیە رەفتار بکەن و بڕێک لە پارەکانیان لەم بوارەدا بخەنەگەڕ**
●●●

**ئەمەرنیەکان داهات و داراییەکی زۆریان بەکارهێنا بۆ روون کردنەوەی تێڕوانین و پرسی خۆیان بە رای گشتی**

***کورد دوو ڕێگاچارەی لەبەردەمدایـــە، فیدراڵیزم یان جیابوونەوە، پێت وایە کامیان باشترین ڕێگاچارەن بۆ کوردەکان؟**

- جیابوونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی ســـەربەخۆ پێویستی بە پێگەیەکی ئابووری بەهێز هەیە، بۆ نموونە ئەگەر کوردەکانی عێراق بتوانن کەرکوك بخەنە ژێر ئیدارەی خۆیانەوە، ئەوا ســـەرچاوەی نەوتی ئەم شارە دەبێتە پاڵپشـــتییەکی ئابـــووری بۆ ئەم دەوڵەتە، دەکرێت ئـــەم دەوڵەتە لە رێی پەیوەندییە بازرگانی و کولتورییەکانەوە بە ئاشتی لەگەڵ دەوڵەتی ئێران و تورکیـــادا بژێیت. بەڵام ئەگەر تێکرای ماف و ئازادیە کولتوورییەکان بـــۆ کوردەکان دابیـــن بکرێن، ئەوا رەنگە ئەو کاتـــە زۆر گرنگ نەبێت کوردەکان لە چ وڵاتێکـــدا دەژین، من پێم وایە ئەگەر کوردەکان نەتوانن دەوڵەتی ســـەربەخۆی خۆیـــان هەبێت لە عێراقدا، ئـــەوا دەبێت هەوڵی بەدەســـت هێنانی راددەیەکی گـــەورەی ئۆتۆنۆمی بدەن. ئێوە ئاماژەتان بەوەکرد کە ئەرمەنیەکان دەوڵەتی سەربەخۆیی خۆیان هەیە، ئەمەرنیەکان داهـــات و داراییەکی زۆریان بەکارهێنا بـــۆ روون کردنەوەی تێڕوانین و پرســـی خۆیان بە رای گشتی، دەکرێت ئێوەش هەمان هەنگاو و هەمان رەوت بگرنەبەر.

**دەوڵەتی فرەنەتەوە**

**کۆمەڵگەیەکی زیندوو و چالاک و بەرهەهێنەر دروستدەکات**

*** لە وڵاتە فرە نەتەوەکاندا، هەمیشە نەتەوەی زۆرینە و نەتەوەی کەمینە هەیە، هەروەها زۆرینە هەمیشە هەوڵی پێشێلکردنی مافەکانی کەمینە دەدات، ئایا باشرین میکانیزم بۆ پاراستنی مافی کەمینەکان چییە؟**

- من پێم وایە مەیلێکی جیهانی هەیە بۆ رێزگرتن لە مافی کەمینەکان و کردنیان بە سەرچاوەیەك بۆ دەوڵەمەندکردنی کولتوری کۆمەڵگەکە، بۆ نموونە لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکادا بە هۆی رێزگرتن و دەرفەت رەخساندن بۆ ئەو خەڵکانەی لە ووڵاتەکەی دیکەوە هاتوون، کە بە ئاشتی لە کۆمەڵگەکەدا دەژین، بێ ئـــەوەی دووچاری رق لێبوونەوە ببنەوە بە هۆی ئەوەی کە جیاوازن، ئەوا کۆمەڵگەیەکی زیند و چالاك و بنیاننەر و بەرهەمهێنەر دروســـت بووە، زۆربەی خەڵکە بەرهەمەهێنەرەکەی ئێمە سەر بە وڵاتانی چین و هیند و یابانن، بە هەمان شێوە ئەو کەسانەی لە وڵاتە ئیســـلامیەکانەوە هاتوون، ئەو قوتابیانەی لە وڵاتە عەرەبیەکانەوە هاتوون لە باشـــترین قوتابیەکانن لە زانکۆکەی ئێمـــە، من ئەوە دەزانم کە ســـەردەمانێك لـــە جیهانی عەرەبیدا جولەکە و مەســـیحیەکانیش بە ئاشتی دەژیان و تەواو خۆی گونجاندبوو لەگەڵ کۆمەڵگەکەدا، کە من هیوادارم مەیلە ئاشـــتیخوازەکانی ئایینەکانمان وامان لێبکەن بە ئاشتی پێکەوە بژین.

**ئەگەر بمانەوێت جیهان لە ئاشتی و ئارامیدا بژێیت ئەوا دەبێت لە هەموو وڵاتـاندا مافی نەتەوە جیاوازەکان دابینبکرێت**

***چاودێران پێیان وایە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەمیشە داوا لە کەمینە دەکات بـــۆ ئەوەی لـــە گەڵ زۆرینەدا بگاتە رێککەوتـــن، کە دەبوو بە پێچەوانـــەوە بووایە، بـــە تێڕوانینی ئێوە بۆچی سیاســـەتی نێودەوڵەتی پشـــتگیرکردنە لە زۆرینە، بۆچی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی فشار ناخاتە سەر زۆرینە بۆ ئەوەی رێز لە مافەکانی کەمینە بگرێت؟**

- ئەوەی ئێوەی دەیڵێن راســـتە و من هاوڕام لە گەڵتاندا، لەبەر ئەوەی وڵاتە گەورەکان پێویستیان بە هاوکاری و یارمەتی وڵاتانی دیکە هەیە، ئەوا ســـڵ دەکەنەوە لە ورووژاندنی مەســـەلەی مافی کەمینەکان، ئەو وڵاتانـــە پێیان وایە ئەمە لە بەرژەوەنـــدی ئەواندا نیە. بەڵام لە لایەکی دیکەوە جاڕی گەردوونـــی مافەکانی مرۆڤ هەیە کە لە لایەن نەتەوە یەکگرتوەکانەوە بـــڵاو بۆتەوە و داوای دابینکردن و رەخســـاندنی ماف و ئازادییـــەکان دەکات بۆ هەمو مرۆڤـــەکان بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی لە چ وڵاتێکدایە و ســـەر بە چ گروپێکە. ئەگـــەر بمانەوێت جیهان لە ئاشـــتی و ئارامیدا بژێیت، ئەوا دەبێت لە هەموو وڵاتاندا پێشـــوازی لە کەمینـــەکان بکرێت و مافەکانیان دابین بکرێـــت. کەواتە هەرچەندە تا ئێستا کۆمەڵگەی نێودولەتی فشـــاری لەسەر وڵاتان دروست نەکردووە بۆ ئـــەوەی ناچاریان بکات رێز لە مافی کەمینەکان بگرن، بەڵام وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا مۆدێلێکی باشی بنیاتناوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە.

**من دان بەوەدا دەنێم**

**کە ئەمەریکا وەک پێویست بایەخی بە کوردەکان نەداوە.**

*** بەڵام بەداخەوە لە عێراقدا ئەمەریکا پشتگیری عەرەبەکانی کردووە لە سەر حسابی کوردەکان، هەروەها پشتگیری لە تورکەکان کراوە لە تورکیادا و کوردەکانی ئەو وڵاتە پشـــتگوێ خراوە، بە هەمان شـــێوە لە ئێرانیش، لێدوان و هەڵسەنگاندنی ئێوە چیە لەم رووەوە؟**

- بە داخەوە وڵاتە گـــەورەکان دوو مەیلیان هەیە، یەکەمیان هەوڵدان بۆ هێنانەدی و پەرەپێدانی بەرژەوەندییەکانیان، دووەمیان مەیلی فراوانخوازیە و بە تێڕوانینی من هەموو ســـەرکردەکان مەیلی بەدەســـتهێنانی هێز و دەسەڵات و فراوانخوازیان هەیە. من دەمەوێ سەرنج بۆ لای مەسەلەیەکی دیکەدا رابکێشـــم، حاڵی حازر بە هۆی بەرزبوونەوە و هەڵکشانی نرخی نەوتـــەوە زۆرێك لە وڵاتانـــی خاوەن نەوت داهاتێکی زۆریان بەدەســـت هێنـــاوە، بە تایبەتی ئەو وڵاتە عەرەبیانـــەی بەرهەمهێنەری نەوتن، کە پێوست دەکات ئەم وڵاتانە هەڵبســـتن بە وەبەرهێنان و سەرمایەگوزاری لـــەو وڵاتانەی کە خاوەنی ســـەرچاوەی نەوت نین، بـــۆ نموونە دەبێت ســـعودیە وەبەرهێنان بکات لە وڵاتێکی وەك میسردا، کە دانیشتوانێکی زۆر و ســـەرچاوەیەکی کەمی هەیە، ئەمـــەش دەبێتە هۆی خوڵقاندنی هەلـــی کار و بەدەســـتهێنانی داهاتیش بۆ وڵاتـــە وەبەرهێنەرەکە. واتە دەبێت جەخت لەســـەر پەرەپێدانی پەیوەندییە ئابـــووری و بازرگانییەکان بکرێتەوە. کراونەوە بە رووی وەبەرهێنانی دەرەکی دەبێتە دەرفەتێکی باش بۆ گەشـــەکردن و بەرەوپێشچوونی بارودۆخی ئابووری، بۆ نموونە کاتێك چین بەم ئاڕاستەیەدا هەنگاوی هەڵگرت، دەرئەنجامەکەی بریتی بوو لە بەدەستهێنانی گەشەکردنێکی گەورەی ئابووری.

من پێموایە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پشـــتگیری لە هێنانەدی ئۆتۆنۆمی دەکات بۆ کوردەکان، هەروەها پاڵپشـــتی پاراستنی ئاسایشی کوردەکانیش دەکات، پێشـــتر ئەمەریکا یارمەتی کوردی داوە و ناوچەی دژە فڕینی دروســـت کرد لە عێراقدا. لە لایەکی ترەوە تورکیا کوردەکان بەســـەرچاوەی گرفت دەزانێت و پێیوایە پەکەکە بنکە و بارەگای هەیە لەو ناوچەیەدا و بەکاریان دەهێنێت بۆ هێرشـــکردنە سەر خاکی تورکیا، هەر بۆیە تورکیا پێداگیری دەکات لە ســـەر بەردەوامی دان بە هێرش و پەلامارەکانی بۆ ســـەر ئەوەی پێی دەڵێـــت بنکەکانی پەکەکە، هەروەها تورکیـــا هاوپەیمانێکـــی گرنگی وڵاتە یەکگرتوەکانـــی ئەمەریکایە و وڵاتێکە پێدەچێت ئیســـلامی لە گەڵ کۆمەڵگەی مۆدێرندا گونجاندن بێـــت، لە دواجاردا سیاســـەتی دەرەوەی ئەمەریکا لـــە پێناو هێنانەدی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانیدا دەخرێتەگەڕ و ئەمەش شـــتێکی ئاســـایی و واقیعییـــە، چونکە ئەگەر یارمەتی کەمینـــەکان بدەیت، ئەوا نازانیت لە مـــەودای دووردا چۆن رەفتار دەکەن و چی دەکەن، لەبەر ئەوە دەبێت بە شـــێوەیەکی یەکســـان مامەڵە بکەیت، بەڵام من دان بەوەدا دەنێم کە ئەمەریکا وەك پێویست بایەخی بە کوردەکان نەداوە.

●●●

**ئەمەریکا خوازیارە هاوکاری زیاتری کوردەکان بکات، بەڵام رەنگە فشارەکانی تورکیا رێگر بێت**

●●●

●●●

**دەکرێت کوردستان سنووری خۆی هەبێت، بەڵام هاوپەیمانی دەوڵەتە دراوسێکان بێت و پەرە بە هاوکاری و پەیوەندییە بازرگانییەکان بدات لە گەڵیاندا. من پێم وایە کوردەکان شایستەی سەربەخۆیی و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیانن، بەڵام ئەمە پرۆسەیەکی ئاڵۆزە و پێویستی بە پەرەپێدانی پەیوندیە نێودەوڵەتییەکانە**

●●●

●●●

**جیابوونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ پێویستی بە پێگەیەکی ئابووری بەهێز هەیە، بۆ نموونە ئەگەر کوردەکانی عێراق بتوانن کەرکوک بخەنە ژێر ئیدارەی خۆیانەوە، ئەوا سەرچاوەی نەوتی ئەم شارە دەبێتە پاڵپشتییەکی ئابووری بۆ ئەم دەوڵەتە**

●●●

### نورا ئینگدال راوێژکاری گرووپی نەرویژ بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئەتنییەکان بۆ گوڵان:

# ئەو وڵاتانەی من کارم تێدا کردوون زۆربەی کێشەکانیان پەیوەستە بە داگیرکردنی خاکەکانیانەوە

**■ خاتوو نورا ئینگدال، کە راوێژکاری گرووپی نەرویژە بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئەتنی و نەتەوەییەکان لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی کێشەیان هەبووە کاریکردووە وەك (فەڵەستین، لوبنان، ئیسرائیل، نیپال، هیندستان، تبت، زیمباوبۆی، مۆزەمبیق، باشووری ئەفریقا، سیرالیۆن، کینیا، رواندا، کۆنگۆ و چەند دەوڵەتی دیکەش) کاری کردووە.**

**خاتوو نورا لە میانەی کارەکانی خۆیدا، لەم بوارانەدا پسپۆڕە: (هاریکاری مرۆڤایەتی، پشتگیری کۆمەڵگەی مەدەنی، حکومڕانی و دامەزراوەکانی حکومەت، دیموکراتیزەکردن).**

**سەبارەت بە کێشەی سەرەکی دەوڵەتانی فرەنەتەوە، نورا ئینگدال پێی وایە کێشەی سەرەکی زۆربەی ئەو دەوڵەتانە داگیرکردنی خاکی نەتەوەی کەمینەیە لە لایەن نەتەوەی زۆرینەوە، ئەم کێشەیەش پێویستی بە قوربانیدان و خەبات هەیە، بۆ چارەسەرکردنی سەبارەت بە هەرێمی کوردستان و پەیوەندی لەگەڵ عێراقدا، خاتوو نورا بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی. ■**



### زۆر لە کێشەکان پەیوەست نین بەکێشەی ئەتنی بەڵکو پەیوەستن بە کێشەی خاکەوە

*** ئێوە لە وڵاتانی فەڵەستین، لوبنان، نیپاڵ، مۆزەمبیق...و هتد کارتان کردووە، پێمان خۆش باسێکی کورتی ئەزموونی خۆتمان بۆ بکەی لەم وڵاتانەدا، بە حوکمی ئەوەی وڵاتی فرە نەتەوەن؟**

- سەرەتا بارودۆخ و هەلومەرجی هەر وڵاتێك جیاوازە و تایبەتمەندی خۆی هەیە و نابێت لەم رووەوە گشتاندن بکرێت (تعمیم)، دواتر من دەمەوێت سەرنجتان بۆ لای خاڵێکی دیکە رابکێشم ئەویش ئەوەیە، کە زۆربەی کێشەکانی ئەو وڵاتانە پەیوەست نین بە کێشە و گرژی ئەتنییە، بەڵکو پەیوەستن بە کێشەی خاکەوە، بۆ نموونە لە رواندا ئەسڵی ناکۆکییەکە ئاڵۆزی ئەتنی نەبوو، بەڵکو مەسەلەی جیاوازی ئەتنی کرا بە پاساوێك بۆ شەرعییەتدان بە داگیرکردنی زەوی لەوە وڵاتەدا، بە هەمان شێوە لە فەڵەستیندا، ئیسرائیلییەکان خوازیاری داگیرکردنی خاکی فەڵەستینن و هەوڵی دەربەدەرکردن و ئاوارەکردنی خەڵکەکەی دەدەن، من پێموایە ئێوە لە کوردستاندا رووبەڕووی هەمان کێشە بوونەتەوە، لە نیپاڵ جگە لە مەسەلەی داگیرکردنی زەوی کێشەی چینایەتیش هەیە لەو وڵاتەدا.

***بە پێی ئەزموونی ئێوە، ئایا چ میکانیزمێك لە ئارادایە بۆ پاراستنی مافی کەمینەکان لەو وڵاتانەی کە فرە نەتەوەن؟**

- ئەوە پرسیارێکی باش و لە هەمان کاتدا پرسیارێکی قورسە، من پێم وایە دەبێت سەرەتا چوارچێوەیەکی یاسایی هەبێت، واتە مافەکانی کەمینە لە چوارچێوەی دەستووردا چەسپێنرابن و لە رووی یاساییەوە پارێزگاریان لێ بکرێت، بۆ نموونە دەبێت بە پێی یاسا مافە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانیان پارێزراو بن. دواتر مەسەلەی دابەشکردنی عادیلانەی داهاتی وڵاتەکە دێت بەسەر تێکڕای پارێزگا و شارەوانییەکاندا، کە نابێت جیاوازی بکرێت و کەمینەکان لەم رووەوە دووچاری جیاکاری ببنەوە. لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بکەین کە هەرچەندە لە بنەڕەتدا وڵاتێکی فرە کولتوور و فرە نەتەوەیە، بەڵام توانیویەتی چوارچێوەیەکی یاسایی دابڕێژێت بە چەشنێك هەموو هاووڵاتییان یەکسان بن، ئەگەرچی لە رووی دابەشکردنی عادیلانە و یەکسانی داهاتەوە بە تەواوەتی سەرکەوتوو نەبووە. دواتر دەبێت لە بواری پەروەردەدا بەها و هەستی هاووڵاتیبوون و لێبوردن لە ناو ناخی خەڵکی وڵاتەکەدا بچێنرێت و پەرەی پێ بدرێت، من لێرەدا جەخت لەسەر هاوڵاتیبوون دەکەمەوە کە دەبێت هەمووان هاوڵاتییەکی یەکسان بن لە وڵاتەکەدا.

### عێراق وڵاتێکە لە بنەڕەتدا سنوورەکانی بەپێی ویست و ئیرادەی گەلەکانی دیاری نەکراوە

*** ئایا جیابوونەوە چارەسەرە بۆ کێشە ئەتنییەکان، یان دابەشکردنی دەسەڵات میکانیزمێکی باشە بۆ رێگرتن لە جیابوونەوە؟**

- ئەوە پرسیارێکی باشە و رەنگە من نەتوانم بە باشی وەڵامی

بدەمەوە. لە بنەڕەتدا سنووری عێراق بە پێی ویست و ئیرادەی خەڵکەکەی دیاری نەکرا، لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە دروستکردا، واتە دەوڵەتێکی دەستکردە و سنوورێکی سروشتی نییە، لە لایەکی دیکە ئەگەر لە ئەزموونی یوگسلافیای پێشوو و ئەزموونی بەلقان بڕوانین دەبینین کە شەڕێکی سەخت و خوێناوی روویدا و بە شەڕی ناوخۆییدا تێپەڕین، واتە هەڵوەشاندنەوە لێکترازاندنی بونیادی دەوڵەتێك سەردەکێشێت بۆ شەڕ و ئێمەش خوازیاری هەڵگیرسان و بەرپابوونی شەڕ نین.

## دیموکراتییەت زەمانەت نییە بەڵکو هاریکارە بۆ ئایندە

***ئایا چ میکانیزمێك هەیە بۆ ئەوەی کوردەکان بتوانن بە ئاسودەیی لە عێراقدا بژین، ئایا هیچ زەمانەتێك هەیە لەم رووەوە؟**

- رەنگە هیچ زەمانەتێك نەبێت، لەبەر ئەوەی حکومەتی عێراقی کۆنترۆڵی تەواوی نییە بەسەر خاکی وڵاتەکەوە و هێزی داگیرکار هەیە لە وڵاتەکەدا. کوردەکان هەڵساون بە پیادەکردنی دیموکراسی و سازدانی هەڵبژاردنەکان هەر لە ساڵانی نەوەتەکانەوە کە من بە ئیعجابەوە لێی دەڕوانم، رەنگە مومارەسەکردنی دیموکراسی زەمانەت نەبێت بۆ کوردەکان بەڵام یارمەتیدەریان دەبێت لە داهاتوودا ئەگەر بوون بە خاوەنی دەوڵەتی خۆیان و سەربەخۆییان بەدەست هێنا. من پێم وایە دەبێت کوردەکان بەردەوام بن لە سەر درێژەپێدانی پرۆسە دیموکراسییەکە و هەوڵی چاندن و چەسپاندن و پەرەپێدانی بەهای لێبوردەیی بدەن، لەبەر ئەوەی بیروبۆچوونی جیاواز هەیە لە ناو کوردەکان و دەبێت لەسەر هەموو ئاستەکان هەوڵی پیادەکردنی دیموکراسی و سازدانی هەڵبژاردن بدەن.

*** بەڵام عەرەبەکانی عێراق بە حوکمی زۆرینە هەوڵ دەدەن مافەکانی کورد نەسەلمێنن، ئایا لەم حاڵەتەدا جگە لە جیابوونەوە رێگاچارەیەکی دیکە هەیە؟**

- لە رووی مەبدەئییەوە پێم وایە هەموو گەل و نەتەوەیەك مافی ئەوەی هەیە بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات، ئەمە مافێکی سروشتییە و پێشتر لە لایەن کۆمەڵەی گەلان و بە پێی پەیماننامەی نێودەوڵەتی دانی پێدا نراوە و بۆ کوردەکان سەلمێنراوە، بەڵام ئەمە دەوەستێتە سەر ئەوەی ئایا بە خەباتی چەکداری ئەم مافە بەدەست دەهێنیت، ئایا لەو پێناوەدا ژیانی خەڵکی مەدەنی دەخەیتە هەڕەشە و مەترسییەوە، کە من لێرەدا ناتوانم وەڵامێکی وورد و دیاری کراو بدەمەوە.

***بەڵام کورد گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتە لە جیهاندا، بۆچی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتگیری دروست بوونی دەوڵەتێکی کوردی ناکات؟**

- رەنگە لەبەر ئەوەی سەرچاوەگەلێکی سروشتی زۆر هەیە لە وڵاتەکەدا و وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا نایەوێت وڵاتەکە دابەش بێت، لەبەر ئەوەی کۆنترۆڵکردنی ئەو سەرچاوانە زەحمەت دەبێت، بۆ نموونە کاتێك یوگسلافیای پێشوو دابەش بوو، لە ئەنجامدا پێنج وڵاتی نوێ سەریان هەڵدا، کۆنترۆڵکردنی پێنج وڵاتیش لە کۆنترۆڵکردنی وڵاتێك زەحمەتترە. لە لایەکی دیکەوە مەسەلەی یەکبوون و یەککگرتوویی گرنگی خۆی هەیە، کە **جێی داخە هەمیشە کوردەکان یەککگرتوو و یەك هەڵوێست نەبوونە، ئەمەش کاریگەری خراپی هەبووە، ئەم کێشەیە لە فەڵەستینیشدا بەدی دەکرێت** کە دوو لایەنی سەرەکی هەیە فەتح و حەماس، بەڵام کاتێك هەموو لایەنە فەڵەستینییەکان لە ساڵانی نەوەتەکاندا لە رێکخراوێکدا کۆبوونەوە توانیان دەست بە پرۆسەی ئاشتی بکەن لە گەڵ ئیسرائیلدا.




**لە رواندا ئەسڵی ناکۆکییەکە ئاڵۆزی ئەتنی نەبوو، بەڵکو مەسەلەی جیاوازی ئەتنی کرا بە پاساوێک بۆ شەرعییەتدان بە داگیرکردنی زەوی لەوە وڵاتەدا، بە هەمان شێوە لە فەڵەستیندا، ئیسرائیلییەکان خوازیاری داگیرکردنی خاکی فەڵەسەتینن و هەوڵی دەربەدەرکردن و ئاوارەکردنی خەڵکەکەی دەدەن، من پێموایە ئێوە لە کوردستاندا رووبەڕووی هەمان کێشە بوونەتەوە**

**رەنگە مومارەسەکردنی دیموکراسی زەمانەت نەبێت بۆ کوردەکان بەڵام یارمەتیدەریان دەبێت لە داهاتوودا ئەگەر بوون بە خاوەنی دەوڵەتی خۆیان و سەربەخۆییان بەدەست هێنا**

**جێی داخە هەمیشە کوردەکان یەکگرتوو و یەک هەڵوێست نەبوونە، ئەمەش کاریگەری خراپی هەبووە، ئەم کێشەیە لە فەڵەستینیشدا بەدی دەکرێت**

■ كاتێك دەتەوێت لەگەڵ پسپۆڕانی ئامۆژگای ستراتیژی لە كۆلێژی جەنگی ئەمەریكا دیمانە بكەیت، یان لێدوانێك وەربگرین، دەبێت بەشی پەیوەندییەكانی ئامۆژگای ناوبراو ئاستی گۆڤار یان ڕۆژنامەكە بزانێت، ئەوجا مۆڵەت بە پرۆفیسۆرێكی خۆی دەدات لێدوان بدات، هەر بۆیە كاتێك گوڵان پەیوەندی بە پرفیسۆر ڕۆبەرت دۆرف كرد، پێی گوتین دەبێت بەشی پەیوەندییەكانی ئامۆژگای ستراتیژی ئێوە بناسێت ئینجا من دەتوانم قسەتان بۆ بكەم، هەر بۆیە پێش ئەوەی لەگەڵ ڕۆبەرت دۆرف قسە بكەین، گوڵان بەشی پەیوەندییەكانی ناساند و پێمان ڕاگیاندن كە گوڵان لەسەر ئاستی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریكا كۆنگرێس و ناوەندەكانی (cfr) و كارنجی و برۆكینگ و ... هتد.

وەك گۆڤارێكی بە متمانە مامەڵەی لەگەڵ دەكرێت و تەنانەت لە سەر ئاستی یەكێتی ئەورووپاو پەرلەمانی ئەورووپاش پێشوازی لێدەكەن، هەر بۆیە پێیان ڕاگیاندین دەرگای ئامۆژگای ستراتیژی كۆلێژی جەنگی ئەمەریكاش بۆ گوڵان كراوەیە و دەتوانن لەگەڵ هەموو پسپۆڕەكان دیمانە بكەن یان لێدوان وەربگرن و ، پرۆفیسۆر دۆرفیش وێڕای ئەوەی بەم ئاست و متمانەی گوڵان خۆشحاڵ بوو، پەیمانی پێداین كە بەردەوام ئامادەباشی تێدا دەبێت هاوكاری گوڵان بكات و خۆشحاڵیشە ئەم گۆڤارە بۆتە پردی پەیوەندیی نێوان پسپۆڕانی ڕۆژئاوا و ڕای گشتی كوردستان.

پرۆفیسۆر دۆرف، كە ئێستا یەكێكە لە تۆژەرە دیارەكانی دیراساتی ستراتیژی لە كۆلێژی جەنگی ئەمەریكا لە ساڵی (١٩٩٤) و لەگەرمەی شەڕی بەلكاندا دیراسەتێكی بەناونیشانی (ئایا فیدراڵیزم لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات بەشێكە لە كێشە یان بەشێكە لە چارەسەر بڵاوكردۆتەوە و ماوەی زیاتر لە ٢٠ ساڵە توێژینەوە لەسەر چۆنییەتی چارەسەركردنی كێشە ئیتنی و نەتەوەییەكان دەكات بەتایبەتی لە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات و، لە ساڵی ١٩٩٢ -٢٠٠٢ وەك ڕاوێژكار لەگەڵ ناوەندی پرسیاری ئەمەریكا كاریكردووە.

سەبارەت بە چۆنییەتی چارەسەركردنی كێشە ئەتنی و نەتەوەییەكان و ڕێگە چارەی گونجاو بۆ چۆنییەتی چارەسەركردنی كێشەی كورد، پرۆفیسۆر ڕۆبەرت دۆرن بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:. ■

## ڕۆبەرت دۆرف ئوستادی دیراساتی ستراتیژی لە كۆلێژی جەنگی ئەمەریكا بۆ گوڵان:

# لە وڵاتی فرە نەتەوەدا دەبێت دەنگدان بە زۆرینەی ڕەهابێت نەک زۆرینەی سادە



### لە زۆر لایەنەوە عێراقی ئێستا لە یوگسلافیای پێشوو دەچێت

*** پێش ئەوەی جیابوونەوەو سەربەخۆیی دەوڵەتانی بەلكان ببێتە دیفاكتۆ، ئێوە لە ساڵی ١٩٩٤دا وتارێكتان نووسیوە بە ناوی، «فیدراڵیزم لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپادا: بەشێكە لە كێشەكە، یان بەشێك لە چارەسەر؟»، لەوێدا پێشنیاری فیدراڵیزمتان كردووە بۆو بۆ وڵاتی یوگسلافیای پێشوو، ئەگەر بێینە سەر بارودۆخی عێراق، ئایا لە بارەی فیدراڵیزمی عێراقەوە چ تێڕوانینێكتان هەیە؟**

- من هەمان خاڵی سەرەكی دووبارە دەكەمەوە، ئەویش ئەوەیە كە هەمیشە لە مۆدێلێك دەڕوانین بۆ دابەشكردنی دەسەڵات، من پێم وایە فیدراڵیزم یەكێكە لە شێوازەكانی دابەشكردنی دەسەڵات و لە ناوەڕاستی ساڵانی نەوەتەكاندا ئەو باوەڕە لە ئارادابوو كە فیدراڵیزم چارەسەرە بۆ ئەو وڵاتانەی گرژی و ناكۆكی ئیتنیان هەیە، بە تایبەتی لە یوگسلافیا، كە گرژی لە نێوان سرب و بۆسنی و كرواتەكاندا هەبوو، لە عێراقیشدا تا ڕاددەیەك بارودۆخەكە هەمان شتە، واتە بە لای كەمەوە سێ پێكهاتەی جیاواز لە عێراقدا بوونیان هەیە، ئیدی لە ڕووی ئیتنییەوە بێت یان لە ڕووی ئاینییەوە، مەبەست لە فیدراڵیزم پێكهێنانی حكومەتگەلێكی مەحەلی یان هەرێمی فیدراڵییە بۆ دابەشكردنی دەسەڵات، لەگەڵ مانەوەی حكومەتی فیدراڵی لە ناوەند. بەڵام نابێت ئەم فیدراڵیەتە ببتە هۆی قوڵبوونەوە و چەسپاندنی دابەشبوون و جیاوازیە ئیتنییەكانی وڵاتەكە، بە پێچەوانەوە دەبێت ببێتە هۆی خوڵقاندنی بەها و تێڕوانینی هاوبەش بۆ ئەوەی بتوانن لەگەڵ یەكدا هاوكاری بكەن.

### بۆ هەمواركردنی دەستوور و پاراستنی مافی كەمینە دەبێت دەنگدان بە زۆرینەی ڕەها بێت نەک زۆرینەی سادە

*** ئەوەی لە عێراقدا بە دەستییەوە دەناڵێنین، بریتییە لە هەوڵی زۆرینە بۆ سەپاندنی ویست و ئیرادەی خۆی بەسەر كەمینەدا، كە بە زۆری لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا ئەوەمان بەدی كرد كە زۆرینە هەوڵی پێشێلكردنی مافەكانی كەمینە دەدات، ئایا چ میكانیزمێك لە ئارادایە بۆ پاراستنی مافی كەمینەكان؟**

- من پێم وایە یەكێك لە میكانیزمەكان بریتییە لە دەسەڵاتی زۆرینە و پاراستنی مافی كەمینە، ئەوەی هەندێ جار پێی دەڵێن « زۆرینەی باڵا، سوپەر مەجۆریتی ) واتە لە هەندێ بواری دیاری كراودا، وەك هەمواركردنی دەستوور و پاراستنی مافی تاكەكان، نابێت تەنیا زۆرینەی سادە بەس بێت بۆ تێپەڕاندنی ئەو یاسایە، بەڵكو دەبێت هەندی لە یاساكان نەكەونە ژێر ڕەحمەتی حوكمی زۆرینەوە، هەروەها دەكرێت دەسەڵاتی دادوەری لە وڵاتەكەدا ڕۆڵی خۆی هەبێت و هەڵبستێت بە ڕەتكردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی هەندێ لە یاساكانی دەسەڵاتی یاسادانان، ئەگەرچی لە لایەن زۆرینەوە پەسەندكرابێت، یان هەندێ لە بڕیارەكانی دەسەڵاتی جێبەجێكردن كە پێشێلكارین بۆ مافی كەمینەكان، واتە لەم ڕووەوە دەبێت جۆرێك لە هاوسەنگكردن و سنوورداركردن و چاودێریكردنی دەسەڵاتەكانی دیكە هەبێت بۆ پاراستن و زامنكردنی مافی كەمینەكان.

### ئەگەر حكومەتی ناوەند هاوكاری حكومەتە هەرێمیەكان نەكات بارودۆخەكە بەرەو جیابوونەوە هەنگاو هەڵدەگرێت

***هەمیشە كێشەكانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوەبووە، كە ئەوان فرە نەتەوە و فرە ئیتنین و، وڵاتەكانیش بە ڕەزامەندی و ئیرادە و بەشداری پێكهاتە جیاوازەكانی وڵاتەكە بنیات نەنراوە، ئەمەش بۆتە سەرچاوەیەكی هەمیشەیی بۆ ئەگەری دابەشبوون و جیبابوونەوە، بۆ نموونە یەكێتی سۆڤیەت و یوگسلافیای جاران، ئایا جیابوونەوە چارەسەرە بۆ كێشە ئیتنییەكان، ئایا دابەشكردنی دسەڵات**

**میکانیزمێکی باشە بۆ ڕێگرتن لە جیابوونەوە؟**

- مەرج نییە هەمیشە دابەشکردنی دەسەڵات ڕێگر بێت لە ڕوودانی جیابوونەوە، لەبەر ئەوەی لە پاڵ دروستکردنی حکومەتێکی ئۆتۆنۆمی، یان هەرێمێکی فیدراڵی کە جۆرێك لە دەسەڵاتی حکومڕانیکردن و هەڵسوڕاندنی کارەکانی پەیوەست بەو هەرێمە بەو حکومەتە مەحەلیە دەدرێت، ئەوا دەبێت لە هەمان کاتدا جۆرێك لە هەستی نەتەوەیی پەرەی پێ بدرێت، واتە هەست بکەن بەشێکن لە وڵاتێکی گەورەتر و هاوبەشن لە ناسنامە نەتەوەییەکدا، ئەو کاتە ئەگەری جیابوونەوە ئەگەرێکی بەهێزە کە ئەندامانی ئیتنێکی دیاری کراو، یان نەتەوەیەکی دیاری کراوی ناو وڵاتێك هەست بکەن مامەڵەیەکی ناڕەوایان لەگەڵدا دەکرێت و بەردەوام دووچاری پێشێلکاری و ستەم دەبنەوە، ئەو کاتە بە درێژای کات فشارەکە گەورە دبێت بۆ ئەوەی هەنگاوی جیابوونەوە بنێن. هەروەها ئەگەر هەست بکەن حکومەتی ناوەندی هاوکاریان ناکات لە دابینکردنی خزمەتگوزاری و پێداویستییە بنەڕەتییەکان، ئەوا ئەمەش دەبێتە هۆی هەڵکشانی هەستی جوداخوازی و مەترسی جیابوونەوەی لێدەکەوێتەوە.

## ئەگەر عیراق نەبێتە دەوڵەتێکی فیدراڵی پارچە پارچە دەبێت

*** ئەی ئەگەر دابەشکردنی دەسەڵات و فیدراڵییەت لە عێراقدا جێبەجێنەکران، ئایا کوردەکان چ ڕێگاچارەیەکی دیکەیان لەبەردەمدایە؟**

- ڕەنگە من پێی نەڵێم ڕێگاچارە، بەڵکو پێم باشترە بڵێم یەکێك لە ئەگەرەکان دابەشبوون و پارچەپارچە بوونی عێراقە بۆ چەند وڵاتێکی بچووك کە ڕەنگە تەنیا بە ڕواڵەت دەوڵەت بن، ئەگەرنا ناتوانن ببن بە دەوڵەتێك کە بە شێوەیەکی کارا ئەرکەکانی خۆیان هەڵسوڕێنن. ئەوەی گرنگییەکی بنەڕەتی هەیە ئەوەیە سەرچاوەکانی عێراق بە شێوەیەکی وا بەکاربهێنرێن کە ببنە مایەی سوود گەیاندن و هێنانەدی بەرژەوەندییەکانی تێکڕای عێراقییەکان، بە چاوپۆشین لەوەی لە چ هەرێمێکدا دەژین، یان سەر بە چ گروپێکی ئیتنی، ئاینی، یان نەتەوەیین، بە چەشنێك خەڵکی هەست بکەن بەرژەوەندییەکانییان لە عێراقێکی گەورەتردا باشتر بەدی دەهێنرێت وەك لە چەند دەوڵەتێکی بچووکی عێراقی پێشوودا.

دەبێت دەستووری وڵاتەکە زەمینەخۆشکەر بێت

## بۆ پەرەپێدانی بەها و تێڕوانینی هاوبەش لە نێو هاوڵاتیانی وڵاتەکەدا

***بەڵام بە بەراورد بە عەرەبەکانی عێراق کوردەکان کەمینەن لە عێراقدا، هەر لەبەر ئەمەشە هەمیشە هەست دەکات لە ژێر هەڕەشەی زۆرینەدایە، ئایا چ میکانیزمێك هەیە بۆ ئەوەی کوردەکان بتوانن بە ئاسوودەیی لە عێراقدا بژین؟**

- بوونی حکومەتێك لە هەرێمی کوردستاندا، وایکردووە دانیشتوانی ئەو هەرێمە ناسنامەی خۆیان هەبێت و هەست بکەن ڕێزیان لێدەگیرێت، لەبەر تایبەتمەندبوونیان لە وڵاتەکەدا، ڕەنگە بوونی ئەم حکومەتە ئۆتۆنۆمیە ببێتە هۆی ئەوەی کوردەکان بە ئاسوودەیی لەو وڵاتەدا بژین، بەڵام دەبێت لە چوارچێوەی عێراقدا بن و بەشێك بن لە وڵاتە گەورەکە، لێرەدا مەسەلەی دابەشکردنی ڕەوایی دەسەڵات و داهات و سەرچاوەکانی وڵاتەکە دێتە پێشەوە، هەروەها مەسەلەی هاوسەنگی نێوان دەسەڵاتی مەرکەزی و دەسەڵاتی هەرێمەکان دێتە پێشەوە، کە دەبێت بە چەشنێك بێت ببێتە هۆی زەمانەتی مافی دانیشتوانی هەرێمەکە لە هەڵسوڕاندنی کاروبارەکانی خۆیان، واتە دەسەڵاتی تەواویان هەبێت لەم ڕووەوە، بەڵام ئەوەندە بەهێزنەبن کە جیاببنەوە جاڕی سەربەخۆی بدەن، لەبەر ئەوەی دروست بوونی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ هەم لە ڕووی سیاسی و هەم لە ڕووی ئابوورییەوە دووچاری گیروگرفتی درێژخایەن دەبێت بە چەشنێك نەتوانێت وەك دەوڵەتێکی کارا و زیندوو درێژە بە مانەوەی بدات.

من دەمەوێت باس لە خاڵێکی دیکە بکەم کە لە وتارەکەمدا لە بارەیەوە دواوم، ئەویش ئەوەیە دەبێت دەستووری وڵاتەکە زەمینەخۆشکەر بێت بۆ پەرەپێدانی بەها و تێڕوانینی هاوبەش لە نێو هاوڵاتیانی وڵاتەکەدا، بۆ ئەوەی کەشی متمانە و ڕێزگرتن لە نێوان گروپە جیاوازەکانی وڵاتەکەدا دروست بێت. ببێتە هۆی گۆڕانی بیرکردنەوە و ڕەفتارکردنی خەڵکەکە بۆ ئەوەی پەرە بە گیانی پێکەوەژیان و سازشکردن بدرێت لە کۆمەڵگە فرە نەتەوە و فرە ئیتنییەکاندا.

*** ئەوەی لەعێراقدا دەبینین پێچەوانەی هەموو بنەماکانی پێکەوەژیانی ئارەزومەندانەییە، عەرەبەکانی عێراق نایانەوێت ڕێز لە مافەکانی کوردەکان بگرن، بەڵکو هەوڵی پێشێلکردن و زەوتکردنیشی دەدەن، ئایا جگە لە جیابوونەوە کوردەکان ڕێگاچارەیەکی دیکەیان هەیە؟**

- من دەڵێم دەبێت ڕێز لە مافەکانی کورد بگرن، یەکەم لەبەر ئەوەی ڕەنگە ڕێگاچارەی جیابوونەوە و جاڕدانی سەربەخۆیی عەمەلی نەبێت، هەروەها ئەگەر دەوڵەتێکی کوردیش دروست بوو، ئەوا ڕەنگە نەتوانێت وەك دەوڵەتێکی سەرکەوتوو درێژە بە مانەوەی خۆی بدات و ڕەنگە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش پشتگیریان لێنەکات، لەبەر ئەوە دەبێت کوردەکان هەوڵ بدەن لەگەڵ عەرەبەکانی عێراقدا بگەنە ڕێککەوتن، ئەمەش پێویستی بە سەرکردایەتییەکی بەهێزە هەم لە لایەن کوردەکان و هەم لە لایەن عەرەبەکانەوە، کە لێرەدا دەبێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش هاوکاریان بکات، واتە سەرەڕای جیاوازیەکانی نێوانیان دەبێت ڕێگایەك بدۆزنەوە بۆ ڕێزگرتن لەو جیاوازیانە و بۆ ڕێککەوتن و پێکەوەژیان.

*** لە دوای ساڵی ١٩٩٠ەوە نزیکەی ٢٥ وڵات سەربەخۆییان وەرگرت، وەك وڵاتانی یەکێتی سۆڤیەت، یوگسلافیای پێشوو، تەیموری ڕۆژهەڵات، بەڵام هەر کە باسی دەوڵەتی کوردی دەکرێت هەموو لا هەست بە هەڕەشە دەکەن، بۆچی دروست بوونی ئەو وڵاتانە نەبوونە هۆی تێکدانی ئاسایش و سەقامگیری، بەڵام کوردەکان کە گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتن، ئەگەر ببنە خاوەنی دەوڵەتی خۆیان ئاسایشی و ناسەقامگیری لێدەکەوێتەوە؟**

- ڕاستە دەوڵەتێکی وەك تورکیا هەست بە هەڕەشە دەکات لە ئاست دروست بوونی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆدا، بەڵام نیگەرانییەکانی دیکە پەیوەستن بە دروست بوونی ئەو هەموو دەوڵەتە بچووکانەوە، کە لە سەر بنەمای ئیتنی دروست دەبن، پەیوەستە بەوەی ئایا دەتوانن لە ڕووی ئابووری و سیاسییەوە بارودۆخێك بخوڵقێنن کە بتوانن بەرەوپێشەوەبچن، ئایا ئایندەیەکی دڵنیا و گەش چاوەڕێیان دەکات، چونکە زۆرێك لەو وڵاتانە ئایندە و چارەنوسیان ڕوون نییە و بارودۆخی ئێستایان باش نییە، لەبەر ئەوەی دەبێت پێش وەرگرتنی هەر بڕیارێکی لەم چەشنە بیر لە ئاکام و دەرئەنجامەکانی بکرێتەوە.

*** ئایا چۆن لە ئایندەی کوردەکان دەڕوانیت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئایا گەشبینیت، یان بە پێچەوانەوە؟**

- لە ڕاستیدا دەتوانم بڵێم نە گەشبینم و نە ڕەشبین، لەبەر ئەوەی لە ساتەوەختێکی مێژوییداین کە بە ڕووی هەموو ئەگەرەکاندا کراوەیە. بەڵام لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا کوردەکان سەلماندویانە کە دەتوانن بە شێوەیەکی کارا حکومڕانێتی خۆیان بکەن، لەم ڕووەوە ئەمە مایەی گەشبینییە، بەڵام ئەگەر بەشێك لە سەرکردایەتی کورد هەوڵیاندا بارودۆخەکە بە ڕەوتی سەربەخۆیی زیاتر و جیابوونەوەدا بەرن، ئەوا ئەمە ڕەشبینم دەکات، لەبەر ئەوەی ڕەنگە هەندێ جار سەرکردەکان تەنیا لە پێناوی ئەوەی ببنە حکومڕانی ئەو دەوڵەتە بیر لەم ئەگەرە بکەنەوە، بێ ئەوەی ئایندە و بەرژەوەی گشتی لەبەرچاو بگرن. کە من پێم وایە دەبێت کوردەکان هەوڵی گەیشتن بە ڕێککەوتن و پێکەوەژیان بدەن لەگەڵ عەرەبەکان و لە چوارچێوەی عێراقدا.

●●●
**مەبەست لە فیدراڵیزم پێکهێنانی حکومەتگەلێکی مەحەلی یان هەرێمی فیدراڵییە بۆ دابەشکردنی دەسەڵات، لەگەڵ مانەوەی حکومەتی فیدراڵی لە ناوەند**
●●●

●●●
**یەکێک لە ئەگەرەکان دابەشبوون و پارچە پارچە بوونی عێراقە بۆ چەند وڵاتێکی بچووک کە ڕەنگە تەنیا بە ڕواڵەت دەوڵەت بن، ئەگەرنا ناتوانن ببن بە دەوڵەتێک کە بە شێوەیەکی کارا ئەرکەکانی خۆیان هەڵسوڕێنن**
●●●

●●●
**دروست بوونی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ هەم لە ڕووی سیاسی و هەم لە ڕووی ئابوورییەوە دووچاری گیروگرفتی درێژخایەن دەبێت بە چەشنێک نەتوانێت وەک دەوڵەتێکی کارا و زیندوو درێژە بە مانەوەی بدات**
●●●

●●●
**دەبێت کوردەکان هەوڵ بدەن لەگەڵ عەرەبەکانی عێراقدا بگەنە ڕێککەوتن، ئەمەش پێویستی بە سەرکردایەتییەکی بەهێزە هەم لە لایەن کوردەکان و هەم لە لایەن عەرەبەکانەوە**
●●●

●●●
**ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا کوردەکان سەلماندویانە کە دەتوانن بە شێوەیەکی کارا حکومڕانێتی خۆیان بکەن**
●●●

# مانۆری نێوان ئەمەریکاو ئێران لە بازنەی هەڕەشە تێپەڕ ناکات

**هەڕەشەو مانۆرەکانی ئێران پێناچێت پشت ئەستوور بێت بە هەڵوێستی رووسیاو چین لە ئەنجوومەنی ئاسایشدا، بەڵکو چاودێران زیاتر جەخت لەسەر ئەوەدەکەنەوە، کە مەرجەعی ئایینی لە ئێراندا رێگە نادات حکومەتەکەی چەکێکی کۆکوژی وەک چەکی ئەتۆمی دروست بکات، ئەم پرۆژەیەی بوش هەمیشە زیاتر بۆ بەکارهێنانی ئاشتی و خزمەتگوزاری مەدەنییە**

هەفتەی رابردوو ئەو دوو هەفتەش کۆتایی هات کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ ئێرانی دانابووە هەتا ئێران دەستبەرداری پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی بێت، بەڵام ئێران نەك هەردەستبەرداری پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی و پیتاندنی یۆرانیۆم نەبوو، بەڵکو رایگەیاند کە پەرە بە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی دەدات و ئامادەی هەر رووبەڕووبوونەوەیەکە، بەڵام هاوکات دەستپێشخەری سەردانێکی بەشار ئەسەدی سوریاشی بەسەرداهات، لەگەڵ ئەوەی ئەسەد ئەو قسانەی رەتکردەوە کە ئەم سەردانەی بۆ میانیگری ئێرانە لەم تەنگژەیەدا، بەڵام چاودێران ئاماژە بەوەدەکەن کە ئەسەد نامەیەکی زارەکی سارکۆزی سەرۆکی فەرنسای گەیاندۆتە ئەحمەد نەژادی سەرۆکی ئێران، هەورەها ئەوەی ئەم بۆچوونەی دوایی بۆ هەوڵە میانگیرییەکانی ئەسەد زیاتر پشت راست دەکاتەوە، دیداری نێوان ئەسەدو ئەردۆگانە بۆ هەمان مەبەست ، ئەمەریکاش دەخوازێت لە رێگەی دۆستەکانی ئێرانەوە دەروازەیەك بۆ چارەسەری ئاشتییانە بکرێتەوە.

هەڕەشەو مانۆرەکانی ئێران پێناچێت پشت ئەستوور بێت بە هەڵوێستی رووسیاو چین لە ئەنجوومەنی ئاسایشدا، بەڵکو چاودێران زیاتر جەخت لەسەر ئەوەدەکەنەوە، کە مەرجەعی ئایینی لە ئێراندا رێگە نادات حکومەتەکەی چەکێکی کۆکوژی وەك چەکی ئەتۆمی دروست بکات، ئەم پرۆژەیەی بوش هەمیشە زیاتر بۆ بەکارهێنانی ئاشتی و خزمەتگوزاری مەدەنیە.

ئەوانەی کە پشت بەم بۆچوونە دەبەستن ئاماژە بۆ راپۆرتەکەی ساڵی ٢٠٠٣ی ئێران دەکەن و دەست ئاژانسی هەواڵگری ئەمەریکا کەوتووە کە ئێران لە مێژە پرۆگرامە ئەتۆمییەکانی راگرتووە.

### ئێران پێویستی بەهەڕەشەی دروستکردنی چەکی ئەتۆمی هەیە

کە لەسەر نەخشە سەیری پێگەی جیۆسیاسی ئێران دەکەین، هەست دەکەین ئەو گەمارۆییەی لەلایەن دۆستەکانی ئەمەریکاوە ئێرانی دەورداوە، واپێویست دەکات حکومەتی ئێران ئەگەر بۆ راگەیاندون و هەڕەشەش بێت بانگەشەی ئەوە بکات کە سەرقاڵی بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمییە.

ئەم بانگەشە کردنە لەگەڵ ئەوەی تەنگژەی نێوان ئێران و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرەوی هەڵکشان دەبات بەڵام لە هەمانکاتیشدا هەڕەشەیە.

هێرشکردنە سەر ئێران کەم دەکاتەوە و، پسپۆڕان بە نموونەی کۆریای باکوور و عێراق پاکانە بۆ هەڵوێستی ئێران دەکەن و پێیان وایە ئەمەریکا بۆیە ناوێرێت هێرش بکاتە سەر کۆریای باکوور لەبەر ئەوەی دڵنیایە کۆریای باکوور خاوەنی چەکی ئەتۆمییە، بەڵام لەبەر ئەوەی دڵنیا بوو عێراق ئەو جۆرە چەکی نییە بۆیە هێرشەکەی سەر عێراق و رژێمەکەی رووخاند.

### دەوڵەتانی کەنداو تا ئێستا هەڵوێستیان ئاشکرا نییە

کە سەیری نەخشەی هاوپەیمانی ئەمەریکا بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئێران دەکەین و ئەوەی ئەمەریکا پێی دەڵێت ٦+٢ واتە شەش ەوڵەتەکەی کەنداو و لەگەڵ ئەردەن و میسر، دەبینین جگە لە ئەردەن و میسر و کوەیت، پێنج دەوڵەتەکەی دیکە بە شێوەیەك لە شێوەکان پەیوەندیان لەگەڵ ئێراندا ئاساییە و ئامادەش نین ئەو پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەی لەگەڵ ئێران هەیانە بە ئاسانی دەستبەرداری بن هەردوو پرۆفیسۆری بە نەژاد ئێرانی وەلی نەسر و رەی تەکیان کە ئێستا دوو هاوڵاتی ئەمەریکان و توێژەرن لە ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوە CFR لە مانگی مارت و نیسان لەگۆڤاری فۆرن ئەڤێرزدا دیراسەتێکیان بەناونیشانی باجی ئیحتیوا ئەنجامدا، ئەم دوو توێژەرە لەم دیراسەتەدا هەوڵیانداوە رەخنە لە سیاسەتی ئیحتیوا و سیاسەتی ئیحتوای دوو لایەنی ئەمەریکا بگرن کە لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو باڵیۆز مارتن ئەندیك بۆ ئیحتیواکردنی ئێران و عێراق دایڕشتووە، ئێستاش ئەم سیاسەتە تاکلایەنە لەسەر ئێران درێژەی هەیە، بەڵام هیچ ئاکامێکی لێناکەوێتەوە، بۆیە گرنگە ئەمەریکا بە دوای رێگەچارەیەکی دیکەدا بگەڕێت کە هەم خۆی لە شەڕ دوور بخاتەوە و هەمیش رێگە لە ئێران بگرێت پەرە بە پرۆگرامی چەکە نیوکلیارییەکانی نەدات.

بۆ زیاتر هەڵوەستەکردن لەسەر ئەم پرۆسە، کۆمەڵێك شرۆڤەگەری جیهانی بەشداری ئەم راپۆرتەیان کردووە، کە ئەمە بۆچوونەکانیانە:



ماسیۆ بون

تۆژەر لەسەر پرۆژە ئەتۆمییەکان لە زانکۆی هارڤارد بۆ گوڵان:

# لەوانەیە سەرۆکی داهاتووی ئەمەریکا مامەڵە لەگەڵ دۆسیێی ئەتۆمی ئێران بکات



پرۆفیسۆر ماسیۆبۆن، ئوستادی پرۆژە ئەتۆمییەکانە لە زانکۆی هارڤارد و پسپۆڕو تایبەتمەندە لە کاروباری نێودەوڵەتی و راوێژکاری سیاسەتی تەکنەلۆژی و زانستی بووە لە وەزارەتی وزەی ئەمەریکا و یەکێکە لەو کەسانەی کە لە ساڵی ١٩٩٤ راسپێردراوە بۆ ئەوەی کار لەسەر چۆنییەتی کەمکردنەوەی چەکە ئەتۆمییەکانی رووسیا بکات سەبارەت بە دۆسیێی ئەتۆمی ئێران و تەنگژەی ئێران لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، پرۆفیسۆر ماسیۆ بون بەمجۆرە بیروبۆچوونی خۆی گوڵان خستەڕوو.

## ئەمەریکا هەوڵدەدات جەولەیەکی دیکەی سزای ئابووری بەسەر ئێراندا بسەپێنێت

*** ئێستا قۆناخێکی تازە لەکێشەی بەرنامە ئەتۆمیەکەی ئێران لەگەڵ ئەمەریکا دەستی پێکرد، ئایا تاچەند ئەمەریکا کاردانەوەی دەبێت ؟**

- من پێم وایە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەوڵ دەدات جەولەیەکی تری سزاکان بەسەر ئێراندا بسەپێنێت لە رێی ئەنجومەنی ئاسایشەوە، هەرچەندە روون نییە ئایا ئەمەریکا لەم هەوڵەیدا سەرکەوتوو دەبێت، لەبەر هەڵوێستی رووسیا و چین. وەك ئاماژەم پێکرد روون نییە ئایا ئەمەریکا سەرکەوتوو دەبێت یان نا، لەبەر ئەوەی جەولەی پێشتر چەند مانگێکی خایاند و ئێستا ئەمەریکا سەرقاڵە بە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیەوە و لە مانگی کانونی دووەمی ساڵی داهاتووشدا سەرۆکی نوێ دەست بەکار دەبێت کە رەنگە سیاسەتێکی جیاوازتری هەبێت.

## سوریا ناتوانێت رۆڵی ناوبژیوانێکی گەورە بگێرێت

***هەفتەی پێشوو سەرۆکی سوریا بەشار ئەسەد سەردانی ئێرانی کرد، زۆرێك لە چاودێران پێیان وایە ئەمە هەوڵێکە بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە ؟**

- من پێم وانییە سوریا بتوانێت رۆڵێکی ناوبژیوانی گەورە ببینێت، ئەوە پێویست بە وڵاتێکی بێ لایەنتر دەکات لە سوریا، لەبەر ئەوە من پێشبینی ناکەم بتوانێت رۆڵێکی گەورە ببینێت لەو رووەوە.

هەروەها هێشتا لەوە دڵنیانین ئایا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ئیسرائیل پێش کۆتای هاتنی ماوەی ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا هێرش دەکەنە سەر ئێران یاخود نا، من شەخسی خۆم دژی ئەم بیرۆکەیەم، هەروەها وەزیری دەرەوە و بەرگری ئەمەریکا گومانێکی قوڵیان هەیە بەرامبەر سوودی وەشاندنی گورزێکی سەربازی دژی ئێران، ئەوەی روونە ئەگەر هێرش بکرێتە سەر ئێران ئەوا ئەو وڵاتەش کاردانەوەی دەبێت و هەوڵی داخستنی تەنگەی هورموز دەدات، هەرچەندە بارودۆخەکە گرژە بەڵام من پێشبینی روبەڕوبونەوەی سەربازی ناکەم.

*** چاودێران پێیان وایە ئێران وەك عیراق نییە و ئێران دەوڵەتێکی دەستڕۆیشتووی ناوچەکەیە و بە درێژایی زیاتر لە ٢٠٠٠میل لەناوچەکەدا کاریگەری هەیە، ئایا تاچەند حساب بۆ ئەم بارودۆخەی ئێران کراوە ؟**

-من پێم وایە تا رادەیەك هەڕەشە و مەترسی ئێران گەورە کراوە و موبالەغە کراوە لەم رەووە، هەروەك ئەوەی رۆژنامەی نیویۆرك تایمز ماوەیەك لەمەوپێش باسی لەوەکرد کە هەرکاتێك ئێران چەکی ئەتۆمی بەدەست هێنا، راستەوخۆ دژی ئیسرائیل بەکاری دەهێنێت، رەنگە ئەمە زیاتر لە خەیاڵ بچێت، هەرچەندە ئەمە مانای ئەوە نییە بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی لە لایەن ئێرانەوە شتێکی باشە، بە پێچەوانەوە، مایەی کارەساتێکی گەورەیە بۆ هەوڵە جیهانییەکان بۆ رێگرتن لە بڵاوبونەوەی چەکی ئەتۆمی و هەروەها بۆ ئاسایشی ناوچەکە. بەڵام دەکرێت هەوڵی بەشداری پێکردنی ئێران بدرێت بۆ ئەوەی رۆڵی هەبێت لەچارەسەرکردنی کێشەکانی ناوچەکەدا، لەبەر ئەوەی ئێران لە ساڵی ٢٠٠٣دا دەستپێشخەریەکی گرنگی خستەڕوو بۆ گفتوگۆکردن نەك هەر دەربارەی عێراق، بەڵکو ئیسرائیل و مەسەلەکانی پەیوەست بە تیرۆریزمەوە، کە کارێکی باش دەبوو ئەگەر ئەمەریکا مامەڵەیەکی ئیجابی لەگەڵدا بکردایە لەبری ئەوەی پشتگخوێی بخات. ئێران لە کاتی شەڕی ئەفغانستاندا هاوکاری ئەمەریکای کرد لەو بوارانەی کە بەرژەوەندی هاوبەشیان هەبوو، ئێستاش چەندین بواری دیکە هەیە کە بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە تێیدا و دەتوانن هاوکاری یەکتر بکەن.

*** تا چ رادەیەك پێشبینی گەیشتن بە چارەسەرێکی ئاشتیانە دەکەیت بۆ کێشە و بارگرژی نێوان ئێران و ئەمەریکا لە رێی گفتوگۆوە؟**

- من پێم وانییە لە ئایندەیەکی نزیکدا بتوانین ئەم دەرئەنجامە بەدەست بهێنین، لەبەر ئەوەی بێ متمانەییەکی قووڵ هەیە لە هەرد,ولاوە بەرامبەر بە یەکتری، رەنگە هەڵگرتنی چەند هەنگاوێکی بچووك لە سەرەتاوە یارمەتیدەر بێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەری ئەوە هەیە لە مەودای دووردا پەیوەندییەکان بەرەو باشتر بچن و هەڕەشەی ئێرانیش بۆ سەر چەند وڵاتێکی دیاری کراو کەم بێتەوە.

*** ئەوە دەزانین کە ئێران کاریگەریکی زۆری هەیە بەسەر کاروباری ناوخۆی عێراقەوە، هەروەها پێگەی ئەمەریکا لە عێراقدا باش نییە، ئەگەر ئەمەریکا هێرشی کردە سەر ئێران، ئایا تا چ رادەیەك ئێران دەتوانێت بارودۆخی عێراق بشێوێنێت؟**

- من پێشبینی ئەوە دەکەم عێراق ببێتە یەکێك لە بەرەکانی شەڕ ئەگەر هاتوو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا گورزێکی سەربازی لە ئێران سرەواند، لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی گەورەی سەربازی ئەمەریکا و بەرژەوەندیەکی زۆری ئەمەریکا هەیە لە عێراقدا کە دەکرێت بکرێنە ئامانج.

***ئایا هەڵوێست و پێگەی ئیسرائیل لە ناکۆکی نێوان ئێران و ئەمەریکادا چی دەبێت، ئایا چاودێری بارودۆخەکە دەکات، یان دەبێتە لایەن لە هاوکێشەکەدا؟**

- ئیسرائیل بە بەردەوامی هەڵدەستێت بە هاندانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ ئەوەی کردەوەیەکی یەکلاکەرەوە دژی ئێران بگرێتەبەر، ئەگەر گفتوگۆکان نەبوونە هۆی هێنانەئارای دەرئەنجامێکی خوازراوە، ئەوا پەنا بۆ گورزی سەربازی ببرێت.

بەڵام لە ئێراندا چەندین لایەن هەن کە خاوەنی تێڕوانینی جیاوازن، هەرچەندە ئەحمەدی نەژاد دەسەڵاتێکی زۆر بەدەستەوەیە و ئەوەش روونە کە لە هەڵبژاردنە سەرۆکایتیەکانی ساڵی داهاتوو لە ئێراندا دووبارە هەڵدەبژێردرێتەوە.

عەلی ڕەزا نوری زادە

شرۆڤەگەری سیاسی لەسەر دۆسیێی ئێران بۆ گوڵان:

# ئەگەر ئەحمەدی نەژاد پشت بە ڕووسیا ببەستێت وەک جەمال عەبدولناسری بەسەر دێت



د. عەلی نوری زادە ئەو پسپۆڕە دیارەی دۆسیێی ئێرانە کە لەسەرتاسەری جیهان بۆ شرۆڤەی دۆسیێی ئێران پەیوەندی پێوە دەکەن.

د. زادە، بێجگە لە زمانی فارسی، زمانی عەرەبی و ئینگلیزی زۆر بە باشی دەزانێت و ئەگەر بە فارسی قسەی لەگەڵدا نەکەیت حەز دەکات بە عەرەبی قسەی لەگەڵدا بکەیت و پێیوایە دەربڕینەکانی بە فارسی لە عەرەبی باشترە و بە عەرەبی لە ئینگلیزی باشترە.

نوری زادە، ناوێکی ناسراوە لەناو میدیاکانی جیهان، بۆیە پێویست بەوە ناکات زیاتر پرۆفایلەکەی بۆ خوێنەرانی گوڵان ئاشکرا بکەین و سەبارەت بە دۆسیێی ئێران و بەرنامە ئەتۆمییەکەی بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.

## ئێران پێیوایە ئەمەریکا و ڕۆژئاوا دۆسیێی گرنگتریان لە ئەتۆمییەکەی ئێران لەبەردەستدایە

*** وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و وڵاتە ئەوروپییەکان دوو هەفتە مۆڵەتیان بە ئێراندا بۆ ڕاگرتنی پیتاندنی یۆرانیۆم، بەڵام دوو هەفتەکە تێپەڕی و ئێران وەڵامی داوکارییەکانی نەدایەوە، ئایا هەڵوێستی وڵاتانی ڕۆژئاوا چی دەبێت لەم ڕووەوە؟**

- سەرکردایەتی ئێران پێی وایە، یان ئەو وەهمەی هەیە کە وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئەمەریکا مەلەفی گرنگتریان هەیە لە مەلەفی بەرنامەی ئەتۆمییەکەی ئێران، بە تایبەتی کە ئەمەریکا سەرقاڵە بە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکان و سەرۆک بوش هەوڵی باشترکردنی پێگەی پاڵێوراوی کۆمارییەکان، جۆن مەککاین، دەدات، ئەوەش بە وەشاندنی گوزرێکی سەربازی ناکرێت دژی ئێران. هەروەها پێی وایە ئیسرائیل دووچاری قەیرانێکی سیاسی بووە و نە ئۆلمەرت و نە باراك ناتوانن سەرکێشییەك دژی ئێران بکەن. ئێران پێی وایە دوای تەواو بوونی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکانی ئەمەریکا، بە چاوپۆشین لەوەی چ پاڵێوراوێك دەبێتە سەرۆك، ئەوا ئەو سەرۆکە نوێیە شەش مانگی یەکەم بە دامەزراندنی وەزیرەکان و مامەڵەکردن لە گەڵ کۆنگرێسدا سەرقاڵ دەبێت، واتە پێی وایە دەتوانێت کاتێکی زیاتری بەدەست بهێنێت و هەر لە ئێستاوە تا ساڵێکی تری لەبەردەستە بۆ بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی. من پێم وایە ئێران بە هەڵەداچووە لە هەڵسەنگاندنەکانیدا و پیتاندنی یۆرانیۆم هێڵی سوورە و ئەگەر ئێران دەستی لێ هەڵنەگرێت ئەوا درەنگ یان زوو دووچاری هەمان چارەنووسی عێراق دەبێت و من لەم ڕووەوە نیگەرانم لە ئایندەی وڵاتەکەم و پێم وایە مەترسی هەیە لە سەر وڵاتەکەم. ئیسرائیل ڕێگە بە ئێران نادات چەکی ئەتۆمی دروست بکات، لەبەر ئەوەی ئێران دەوڵەتێکی ئایدۆلۆژییە و سەرۆکەکەی داوای سڕینەوەی ئیسرائیل دەکات لە سەر نەخشە و ڕابەرە گشتیەکەی فەڵەستینییەکان دژی ئیسرائیل هان دەدات. هەروەك ئاماژەم پێکرد من لەو باوەڕەدام وڵاتەکەم هەڕەشە و مەترسی لەسەرە و ئەگەر بەردەوام بێت لەسەر پەرەپێدانی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ڕووبەڕووی هەڵمەتێکی سەربازی گەورە دەبێتەوە و بونیادی ئەو وڵاتە وێران دەبێت.

## ڕوسیاو چین دۆستی بەرژەوەندییەکانی خۆیانن نەک ئێران

*** ئێران پشت بە ڕووسیا و چین دەبەستێت لە گەمەکەیدا، ئێمە دەزانین تۆپەکە لە گۆڕەپانی ئەنجوومەنی ئاسایشە، ئایا تا چەند ڕووسیا و چین دەستڕۆیشتوون لە ئەنجوومەنی ئاسایشدا؟**

- من دەمەوێت یەك شتی گرنگتان پێ بڵێم، نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت، کاتی خۆی یەکێتی سۆڤییەت دۆست و هاوپەیمانێکی گەورەی سەرۆکی کۆچکردوو جەمال عەبدولناسر بوو، لە ٦ی حوزەیراندا و لە سەعات پێنجی بەیانیدا باڵیۆزی ڕووسیا لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بە سەرۆکی میسری ڕاگەیاند کە دەستپێشخەری نەکات و هێرش نەکاتە سەر ئیسرائیل، لەبەر ئەوەی ئیسرائیل هێرش ناکاتە سەر میسر، بەڵام هەموومان دەزانین دوای سەعاتێك چی ڕوویدا، هەمان شت دەربارەی عێراق ڕاستە، کاتێك لە شەڕی کەنداوی دووەمدا کوەیتی داگیرکرد، یەکێتی سۆڤیەت هەڵنەستا بە پابەند بوون بە بەڵێن و ئیلتیزامەتەکانی بەرامبەر عێراق، بە هەمان شێوە لەم شەڕەی دواییدا کە بووە هۆی ڕوخانی ڕژێمی سەددام حوسێن، نەمانبینی ڕووسیا هیچ جموجوڵێك بکات بۆ ڕێگرتن لە هێرشەکە. هەمان شت بۆ چینیش ڕاستە. تا ئێستا سێ بڕیار لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان دژی ئێران دەرچووە، من پێم وایە نە ڕوسیا و نە چین هەڵوێستێك ناگرنەبەر کە پێچەوانە بێت لە گەڵ بەرژەوەندییە ستراتیجییەکانیاندا. حاڵی حازر ڕووسیا زۆر سوودمەندە لە پشتگیریکردنی ئێران، بەڵام ڕوسیا پەیوەندییە ستراتیجییەکانی لە گەڵ ڕۆژئاوادا بە گرنگتر دەزانێت لە پەیوەندییەکانی لە گەڵ ئێراندا. ڕووسیا پێویستی بە وەبەرهێنانی ئەورووپی و ئەمەریکی هەیە، زیاتر لەو قازانجانەی لە مامەڵەکردنیدا لە گەڵ ئێران بەدەستی دەهێنێت.

## سوریا لەو بارودۆخەدا نییە هەتا ڕۆڵی میانگیر بگێڕێت

***تێڕوانینی ئێوە چییە دەربارەی ئەو هەوڵانەی سەرۆکی سوریا خستویەتییەگەڕ، بۆ نموونە بەشار ئەسەد سەردانی ئێران و تورکیای کرد، ئایا سوریا دەتوانێت ڕۆڵێکی ستراتیجی ببینێت بۆ هێورکردنەوەی ئەم تەنگژەیە؟**

- لە زمانی فارسیدا مەسەلەیەك هەیە کە ڕێگە بە پیاوێك

نەدەدرا بچێتە گوندێکەوە، بەڵام ئەو هەڵدەستا هاوسەر و بنەماڵەکەشی دەبرد بۆ ئەو گوندە، سوریا خۆی پێویستی بەوە هەیە لایەنێك رۆڵی ناوبژیوانی بۆ ببینێت، لەبەر ئەوەی چەندین کێشە و گیروگرفتی هەیە لە گەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، سەردانەکەی سەرۆکی سوریا بۆ فەرەنسا سوودێکی زۆری گەیاند بەو وڵاتە، لەبەر ئەوەی سوریا لەو گۆشەگیرییە دەرچوو کە تێیدابوو. بەڵام دەبێت ئەوە بزانین دادگای نێودەوڵەتی هەیە بۆ دادگایی کردنی بکوژانی حەریری، کە چەند کەسایەتیەکی سوریا تۆمەتبارن لەو مەسەلەیەدا، چەند رۆژێك لەمەوێش عەمید سلیمان کوژرا کە یەکێك بوو لە گومانلێکراوە سەرەکییەکە لە کوشتنی رەفیق حەریریدا. من پێم وایە سوریا چەند بڕیارێکی زۆر حەکیمانەی داوە، یەکەمیان بڕیاری دەستپێکردنی گفتوگۆ لە گەڵ ئیسرائیلدا، هەروەها دروست کردنەوەی پردی پەیوەندی لە گەڵ رۆژئاوادا. بەڵام هێشتا سوریا نەگەیشتۆتە ئەو قۆناخەی بتوانێت رۆڵی ناوبژێوانی ببینێت لە نێوان ئێران و رۆژئاوادا. ئێران کەناڵی پەیوەندی زیاتری هەیە لە گەڵ وڵاتانی رۆژئاوادا، بۆ نموونە پەیوەندی بەهێزی هەیە لە گەڵ ئیتاڵیا و یۆناندا و رەنگە پەیوەندیکردن لەم رێیەوە زیاتر لە بەرژەوەندی ئێران بێت، نەك پشت بەستن بە سوریا بۆ ئەوەی بەم رۆڵە هەڵبستێت.

## ئێران تەنیا دەتوانێت بۆ ٢٤ کاتژمێر تەنگەی هورمز دابخات

***لەم رۆژانەی دواییدا، بینیمان ئێران هەڵسا بە نمایشکردنی هێز، بۆ نموونە لە رێی تاقیکردنەوەی مووشەکی دەریایی و مووشەکە دوورهاوێژی دیکە و هەڕەشەی داخستنی تەنگەی هورمز دەکات، ئایا ئەمە دەبێتە هۆی هێورکردنەوەی قەیرانەکە، یان هەڵکشانی ئەو قەیرانە؟**

- ئێمە لە رابردودا بینیمان سەددام حوسێن هەڵدەستا بە نمایشکردنی هێز و سوپایەکی گەورە و بەهێزی هەبوو، بەڵام دواتر چی روویدا. ئێران چەکی تەقلیدی هەیە، تەنانەت ئەو مووشەکانەی تاقیکردنەوەی لەبەرگیراوەی مووشەکی روسی یان چینین، بۆ نموونە ئەو مووشەکەی سەرۆکی گاردی شۆڕشی ئێرانی، لیوا محەمەد عەلی جەعفەر، نمایشی کرد، ئەم موشەکە تەقلیدی مووشەکی روسی (SS ٢٦)، کە ئەم مووشەکە هەر بواری بەراورد کردنی نیە بەو مووشەکانەی لای سوپای ئەمەریکا هەیە. ئەگەر شەڕ بەرپابێت لە گەڵ ئێراندا، ئەمەریکا چەکی تەقلیدی بەکارناهێنێت، بەڵکو ئەو چەکانە بەکاردەهێنێت کە زۆر وێرانکارن و زۆر سەیر و سەمەرن، هەروەك ئەوەی لە شەڕی عێراق و ئەفغانستاندا تاقیکردنەوە. دەبێت ئێران خۆی لە هەر رووبەڕووبوونەوەیەکی سەربازی لابدات، نمایشی هێز ئەمەریکا ناترسێنێت، بەڵکو پاڵ بە دەوڵەتە عەرەبییەکانی ناوچەکەوە دەنێت بۆ ئەوەی رێککەوتنامەی سەربازی لە گەڵ ئەمەریکا ئیمزا بکەن. لە کۆتایی شەڕی ئێران و عێراقدا بینیمان کە کوەیتییەکان ئاڵای ئەمەریکایان لە سەر کەشیە نەوتییەکانیان هەڵدەدا و سەرۆکی ئێرانی رایگەیاند کە کاسەی ژەهری چەشتووە. کوەیت ئێرانی ئاگادار کردۆتەوە لە داخستنی تەنگەی هورمز و من پێم وانیە تەنگەیەك پانییەکەی ٤٠ کیلۆمەتر بێت ئێران بتوانێت دای بخات، رەنگە بتوانێت بۆ ٢٤ سەعات ئەو کارە بکات، بەڵام کاتێك کەشتیگەلە ئەورووپییەکان دەگەنە ئەو تەنگەیە، ئەوا لایەنی زەرەرمەند ئێران دەبێت.

## ئەورووپا ئامادەیە وزە بۆ وێستگەی بوشەهر دابین بکات بۆیە هەقە وەڵامی ئێرانیش بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئیجابی بێت

***ئایا ئێران دەتوانێت بە هەمان شێوەی کۆریای باکور مامەڵە لە گەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکات؟**

- ئێران دەتوانێت و لە بەرژەوەندیەتی کە وەڵامێکی ئیجابی هەبێت لە بەرامبەر پێشنیارەکانی ئەورووپا هەبێت، کە ئەو پێشنیارانە چەند پاڵنەر و ئیمتیازاتی لە خۆگرتووە، وەك دابینکردنی وزە بۆ وێستگەی بوشەهر، بونیاتنانی ئابووری وڵاتەکە، وەبەرهێنان لە کەرتی پیشەسازی ئێراندا، رێگەدان بە ئێران بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامی رێکخراوی بازرگانی جیهانی. لە بری ئەوە ئێران پێداگیری دەکات لە سەر پیتاندنی یۆرانیۆم. ئێران چی دەچنێتەوە لە بەردەوامیدان بە پەرەپێدانی بەرنامەی ئەتۆمییەکەی. دەزگاکانی ئێمە دەزگای هێنراون لە وڵاتی پاکستان و چین، کە دەزگای زۆر کۆنن. ئەورووپا ئامادەیە وزە بۆ وێستگەی بوشەهر دابین بکات، لەبەر ئەوە لە بەرژەوەندی ئێمەیە پێشنیارەکانی ئەورووپا قبوڵ بکەین.

## هیوادارم ئێران پێشنیارەکانی ئەورووپا قبوڵ بکات

***ئایا گەشبینیت بەوەی ئەم قەیرانە بە رێگەی دیبلۆماسی چارەسەر بکرێت، ئەگەر بەم رێگەیە چارەسەر نەکرا، ئایا ئیسرائیل پێش ئەمەریکا هێرش دەکاتە سەر ئێران؟**

- سەرەتا هێشتا ئەو خەڵکە هۆشیارە لە ئێراندا هەن کە بەرژەوەندییە ستراتیجییەکانی ئێران و خەڵکی ئێران لەبەرچاودەگرن، هەروەها بیر لە بەرژەوەندی خۆشیان دەکەنەوە، **رەفسنجانی، یان کەڕووبی خوازیاری بەردەوام بوونی رژێمەکەن، دەزانن ئەگەر هێرش بکرێتە سەر ئێران، ئەم رژێمە کۆتایی پێدێت.** ئەوان فشار دەخەنە سەر خامنەئی و سەرۆکی ئێران، کە پێی وایە ئیمامی زەمانی لە دەروازەکانی ئێران چاوەڕێی دەکات و یارمەتی دەدات. کەمن هیوادارم لەم فشارەیاندا سەرکەوتوو بن و قەناعەت بە سەرکردایەتی باڵا و سەرۆك ئەحمەدی نەژاد بکەن بۆ ئەوەی پێشنیارەکانی ئەورووپا قبوڵ بکەن. بەڵام ئەگەر ئێران رەتیان بکاتەوە و بەردەوام بێت لەسەر پیتاندنی یۆرانیۆم ئەوا ئیسرائیل درەنگ یان زوو هێرش دەکاتە سەر ئێران. ئەگەر ئیسرائیلیش هێرشی کرد، ئێران وەڵام دەداتەوە، نەك بە ئاڕاستەکردنی مووشەك بۆ ئیسرائیل، لەبەر ئەوەی باش مووشەکەکانی خۆی دەزانێت. بەڵکو مووشەك ئاڕاستەی دامەزراوە ئابووری و سەربازییەکانی ئەمەریکی و عەرەبییەکان دەکات لە ناوچەکەدا. دواتر ئەمەریکا دێتە ناو شەڕەکەوە و گورزی سەخت ئاراستەی نزیکەی ٤٠٠ دامەزراوەی سەربازی و ئابووری دەکات لە ئێراندا.

**سەرکردایەتی ئێران پێی وایە، یان ئەو وەهمەی هەیە کە وڵاتانی رۆژئاوا و ئەمەریکا مەلەفی گرنگتریان هەیە لە مەلەفی بەرنامەی ئەتۆمییەکەی ئێران، بە تایبەتی کە ئەمەریکا سەرقاڵە بە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکان و ئیسرائیل دووچاری قەیرانێکی سیاسی بووە و نە ئۆلمەرت و نە باراک ناتوانن سەرکێشییەک دژی ئێران بکەن**

**من پێم وایە ئێران بە هەڵەداچووە لە هەڵسەنگاندنەکانیدا و پیتاندنی یۆرانیۆم هێڵی سوورە و ئەگەر ئێران دەستی لێ هەڵنەگرێت ئەوا درەنگ یان زوو دووچاری هەمان چارەنووسی عێراق دەبێت**

**هێشتا سوریا نەگەیشتۆتە ئەو قۆناخەی بتوانێت رۆڵی ناوبژێوانی ببینێت لە نێوان ئێران و رۆژئاوادا**

**رەفسنجانی، یان کەڕووبی خوازیاری بەردەوام بوونی رژێمەکەن، دەزانن ئەگەر هێرش بکرێتە سەر ئێران، ئەم رژێمە کۆتایی پێدێت**

**چارلس دانیال فێرگسۆن**

**ئەندامی بیرۆی ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا بۆ گوڵان:**

# من پێشبینی دەکەم ئێران وەک موعەممەر قەزافی مامەڵە لەگەڵ کێشەی بەرنامە ئەتۆمییەکەی بکات



■■■

**پرۆفیسۆر چارلس دانیال فێرگسۆن، کە توێژەرە لە ئامۆژگای پەیوەندییەکانی دەرەوە«CFR» پسپۆرو تایبەتمەندە لە ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی چەکی کۆکوژو نیوکلیاری، هەروەها سەبارەت بە سیاسەتی ئەمەریکاو سیاسەتی نێودەوڵەتی سەبارەت بە چەکی نیوکلیاری لەساڵی ٢٠٠٠-٢٠٠٢ ئەندامی بیرۆی ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی چەکی نیوکلیاری بووە لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا.**

**سەبارەت بە دووبارە دروستبوونەوەی تەنگژەی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران لەگەڵ ئەمەریکاو ڕۆژئاوا چارلس فێرگسۆن بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

■■■

## هەڵوێستی ئەمەریکا روونە
## خوازیارە سزای زیاتر بەسەر ئێراندا بسەپێنێت

***ئێستا جیهان چاوەڕێی کاردانەوەی ئەمەریکا و ڕۆژئاوا بەرامبەر ئێران دەکات، ئایا بەڕای تۆ کاردانەوەکە لە چ ئاستێکدا دەبێت ؟**

- هەڵوێستی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا روونە کە خوازیارە سزای زیاتر بەسەر ئێراندا بسەپێنێت، هەرچەند لە تێڕوانینی ئەمەریکاوە سزاکان نەبوونەتە هۆی هێنانەدی دەرئەنجامە خوازراوەکان بە قەناعەت پێهێنانی ئێران بۆ ئەوەی چالاکییەکانی پیتاندنی یۆرانیۆم رابگرێت. هەروەها هیچ ئاماژەیەك بەدی ناکەم لەلایەن ئیدارەی ئەمەریکاوە بۆ گۆڕینی هەڵوێستی خۆی تا ڕێگە بە ئێران بدات بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لەسەر پیتاندنی یۆرانیۆم.

## من پێشنیار دەکەم پێشنیارێکی بنیاتنەر بخرێتە بەردەمی ئەسەد بۆ ئەوەی ڕۆڵێکی باش بگێڕێت

***ئەی سەبارەت بەو هەوڵانەی بۆ خاوکردنەوەی تەنگژەکە لە ئارادان بەتایبەتی هەوڵەکانی بەشار ئەسەدی سەرۆکی سوریا؟**

- من نازانم سەرۆکی سوریا خوازیارە چ دەرئەنجامێك بەدەست بهێنێت، بەڵام من پێموایە دەبێت هانی ئەو وڵاتانە بدەین کە دۆستی ئێرانن بۆ ئەوەی ڕۆڵی ناوبژیوانی ببینن، من بە رووی ئەو بیرۆکەیەدا کراوەم کە پێشنیارێکی بنیاتنەر بخرێتەر بەردەم بەشار ئەسەد بۆ ئەوەی لەم رووەوە ڕۆڵێکی باش ببینێت، هەرچەندە ئەوە دەوەستێتە سەر ئەوەی کە چۆن ئەم پێشنیارە جێبەجێ دەکرێت.

*** دەبینین ئێران هەڕەشەی داخستنی گەورەی هورمز دەکات و مووشەکی دەریایی و دوورهاوێژ تاقی دەکاتەوە، لە لایەکی ترەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش هەڕەشە لە ئێران دەکات، ئایا تا چ رادەیەك ئەمانە دەبنە هۆی هەڵکشانی زیاتری هەلومەرجەکە؟**

- لە راستیدا دەبێت وریابین لەبەر ئەوەی بەرەو هەڵدێر دەچین، چونکە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هێزێکی سەربازی گەورەی هەیە لە کەنداو و هورموزدا هەیە، بە هەمان شێوە ئێرانیش خاوەنی هێزێکی سەربازی بەرچاوە و هەر ڕووداوێکی سەربازی بۆی هەیە هەڵبکشێت بۆ ناکۆکییەکی چەکداری مەترسیدار.

## دەبێت ئەمەریکا
## نیگەرانییەکانی دەوڵەتانی کەنداو بەهەند هەڵبگرێت

*** ئەگەر لە نەخشە بڕوانین دەبینین ئێران ڕۆڵی هێزێکی ناوچەیی دەبینێت و کەوانەیەکی دەستڕۆیشتووی لە ناوچەکەدا دروستکردووە لە گەورەی هورمزەوە بۆ باشووری لوبنان، هەروەها هەڵساوە بۆ پاڵپشتیکردنی بزووتنەوی حەماس لە فەڵەستین، واتە ئێران توانیویەتی کە هەڕەشە و مەترسییەکی گەورە بۆ سەر هاوپەیمانەکانی ئەمەریکا دروست بکات، وەك ئیسرائیل، ئایا چۆن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی مامەڵە لەگەڵ مەترسی ئێراندا دەکات لە ناوچەکەدا؟**

- ئەوە پرسیارێکی زۆر باشە، بارودۆخەکە ئاڵۆزە، من پێش ساڵ و نیوێك لە سعودیە بووم و گفتوگۆمان لەبارەی ئەم کێشانەوە کرد، من بۆم دەرکەوت کە دەبێت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نیگەرانییەکانی وڵاتانی ناوچەکە بە هەند هەڵبگرێت، مەبەستم ئەوەیە کێشەکانی ناوچەکە پێکەوە پەیوەستن، ئەگەر هاوکاری وڵاتێك نەکەیت بۆ چارسەرکردنی کێشەکانی ئەوا ئەو وڵاتەش ئامادەنابێت بۆ ئەوەی یارمەتیت بدات لەچارەسەرکردنی کێشەکانی تۆدا. بۆ نموونە دەبێت ئەمەریکا هەوڵی چارەسەرکردنی ناکۆکی فەڵەستین و ئیسرائیل بدات، هەرچەندە ئیدارەی سەرۆك بوش بەم دواییە هەوڵی خستەگەڕ لەو پێناوەدا، بەڵام هەوڵەکان و کەم و درەنگ وەخت بوون.

*** ئەمەریکا بە قۆناخی هەڵبژاردندا دەڕوات، ئێرانیش دەیەوێت سوود لە سەرقاڵی ئەمەریکا وەربگرێت، ئایا ئەمەریکا کات و دەرفەتی ئەوەی دەبێت وەك پێویست رووبەڕووی کێشەی ئێران ببێتەوە لەم کاتەدا؟**

- من پێموایە ئەمەریکا و وڵاتانی دیکە کارێکی کەمیان لە دەست دێت بۆ ئەوەی ئێران ناچاربکەن چالاکییەکانی پیتاندنی یۆرانیۆم رابگرێت، من پێموایە دەکرێت بگەینە سازش و چارەسەرێکی مامناوەندی بەوەی ڕێگە بە ئێران بدرێت بەردەوام بێت لەسەر پیتاندنی یۆرانیۆم بەڵام لە سایەی هەلومەرجێکی دیاریکراودا، وەك ئەوەی لەژێر سیستمی چاودێریکردنێکی وردا بێت و ئێران شەفاف بێت لە مەبەستەکانی پەرەپێدانی بەرنامەی ئەتۆمییەکەی، بەو شێوەیە هەم مافی ئێران دەپارێزین بۆ پەرەپێدانی بەرنامە ئەتۆمییەکەی بۆ مەبەستە ئاشیتخوازەکان و هەم سەروەری ئەو وڵاتەش دەپارێزرێت. هەرچەندە ئەگەری

ئەوە ناکرێت لە سایەی ئەم ئیدارەیەی ئێستادا بگەینە ئەم دەرئەنجامە، ڕەنگە ئیدارەی داهاتوو، بەتایبەتی ئەگەر ئۆباما بوو بە سەرۆك بتوانین پتر بیر لەم ڕێگاچارەیە بکەینەوە.

*** ئەوە دەزانین کە ئێران کاریگەرییەکی زۆری هەیە بەسەر کاروباری ناوخۆی عێراقەوە، هەروەها پێگەی ئەمەریکا لە عێراقدا باش نییە، ئەگەر ئەمەریکا هێرشی کردە سەر ئێران، ئایا تا چ ڕادەیەك ئێران دەتوانێت بارودۆخی عێراق بشێوێنێت؟**

- لە ڕاستیدا مەسەلەکان ئاڵۆزن، ڕەنگە تا ئایندەیەکی نزیکیش ئەو مەسەلانە هەر بەو شێوەیە بمێننەوە. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ئێران گفتوگۆیەکی کەمیان ئەنجامداوە لەبارەی عێراقەوە، کە دەکرێت بیر لە ئەنجامدانی دانوستاندن و گفتوگۆی زیاتر بکرێتەوە لەم ڕووەوە بۆ ئەوەی بزانین ئێران دەتوانێت چی بکات بۆ یامەرتیدانی جێگیرکردنی سەقامگیری و ئاسایش لە عێراقدا، کە ڕەنگە ئەمە سەربکێشێت بۆ دروستبوونی کەشێکی لەبار بۆ بەدەستهێنانی بەرەوپێشچوونی زیاتر لە مەسەلەی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێراندا.

*** تا چ ڕادەیەك پێشبینی گەیشتن بە چارەسەرێکی ئاشتییانە دەکەیت بۆ کێشە و بارگرژی نێوان ئێران و ئەمەریکا لە ڕێی گفتوگۆوە؟**

- کێشە بنەڕەتییەکە نەبوونی کەشی ڕێزگرتن و متمانەیە، ئەمەریکا و ئێرانییەکان گوێ لە نیگەرانی و ترسەکانی یەکتری ناگرن، من پێموایە تا ئەوکاتەی کەشی ئەوە دروست نەبێت کە هەردوولا گفتوگۆی جیددی بکەن و نیگەرانی و مەترسییەکانی یەکتر لەبەرچاوبگرن، ئەوا ئەم کێشانە بەردەوام دەبن.

*** ئایا هەڵوێست و پێگەی ئیسرائیل لە ناکۆکی نێوان ئێران و ئەمەریکادا چی دەبێت، ئایا چاودێری بارودۆخەکە دەکات، یان دەبێتە لایەن لە هاوکێشەکەدا، لەبەر ئەوەی ئیسرائیل هەڕەشەی هێرشکردنە سەر دامەزراوە ئەتۆمییەکانی سوریاش دەکات؟**

- بۆردومانکردنی سوریا لە لایەن ئیسرائیلەوە لە ساڵی پاردا ئەو مەسەلەیەی ورووژاندووە کە ئیسرائیل هەمان کردار لە دژی ئێران دووبارە بکاتەوە، هەرچەندە من گومانم هەیە لەم ڕووەوە. من لەگەڵ بەرپرسەکانی ئیسرائیلدا دواوم، ئەوان باوەڕیان بە ریگاچارەی دیبلۆماسی هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، بەڵام وەك سەرۆك بوش ڕێگاچارەی ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازیش بە یەکجاری دوورناخەنەوە. بەڵام پلاندانەرانی سەربازیش، کاتێك دەرئەنجامە ئاڵۆزەکانی هێرشێکی سەربازی لەبەرچاودەگرن، ڕەنگە ئەمە وایان لێبکات پتر و باشتر بیر لە ریگاچارەیەکی لەم چەشنە بکەنەوە، کە ڕەنگە دواجار ببێتە هۆی ئەوەی دەستی لێ هەڵبگرن. هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد ئێران دەستڕۆیشتوویی و کاریگەری خۆی لە عێراقدا دژی ئەمەریکا بەکار دەهێنێت لە حاڵەتی هێرشی سەربازیدا بۆ سەر دامەزراوە ئەتۆمییەکانی. لە لایەکی ترەوە هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان ئێران و ئەمەریکا هێرشی دەریایی لەخۆدەگرێت کە ئێران هەوڵ دەدات کەشتییەکانی ئەمەریکا بکاتە ئامانج و ئەمەریکاش کاردانەوەی دەبێت و ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت کە بارودۆخەکە لە کۆنترۆڵ دەربچێت.

## ڕەنگە ئێران بەشێوەی موعەممەر قەزافی مامەڵە لەگەڵ ئەم کێشەیە بکات

*** پێتوایە سەرۆکی ئێران هەمان سیناریۆیی سەددام حوسێن دووبارە دەکاتەوە، یان بە چەشنی کۆریای باکوور ڕەفتار دەکات؟**

- ئەوە پرسیارێکی جێی سەرنجە، ڕەنگە ئێران هیچ یەکێك لەو دوو ڕێگەیە نەگرێتەبەر، بەڵکو بە هەمان شێوەی موعەممەر قەزافی ڕەفتار بکات، من پێموایە ئەحمەدی نەژاد کەسێکی زیرەکە و مەبەستێتی ڕژێمەکەی لە هەر هەڕەشەیەك ڕزگار بکات، لەبەر ئەوەی ئەگەر فشاری تەواوی بخرێتەسەر ئەوا ڕەنگە ڕێککەوتنێك بکات بە چەشنێك کە بەرنامە ئەتۆمییەکەی بهێڵێتەوە، بەڵام ئیحتیوا بکرێت بەشێوەیەك کە نەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی. واتە چارەسەرێك بێت کە هەموو لایەك پێی ڕازی بن، بە هەردوو وڵاتی ڕووسیا و چینەوە.



●●●

**من بە ڕووی ئەو بیرۆکەیەدا کراوەم کە پێشنیارێکی بنیاتنەر بخرێتەر بەردەم بەشار ئەسەد بۆ ئەوەی لەم ڕووەوە ڕۆڵێکی باش ببینێت**

●●●

●●●

**ئەمەریکا هێزێکی سەربازی گەورەی لە کەنداو و هورموزدا هەیە، بە هەمان شێوە ئێرانیش خاوەنی هێزێکی سەربازی بەرچاوە و هەر ڕووداوێکی سەربازی بۆی هەیە هەڵبکشێت بۆ ناکۆکییەکی چەکداری مەترسیدار**

●●●

●●●

**پێموایە ئەحمەدی نەژاد کەسێکی زیرەکە و مەبەستێتی ڕژێمەکەی لە هەر هەڕەشەیەک ڕزگار بکات، لەبەر ئەوەی ئەگەر فشاری تەواوی بخرێتەسەر ئەوا ڕەنگە ڕێککەوتنێک بکات بە چەشنێک کە بەرنامە ئەتۆمییەکەی بهێڵێتەوە**

●●●



# پێکهاتەکانی عێراق
# لە هاوکێشەی سیاسی تازەی عێراقدا

●●●
ئەوەی جێگەی نیگەرانیە بۆ کورد و هەرێمی کوردستان لەم قۆناخەدا، ئەوەیە ئەمەریکا بەشێویەکی گشتگیر سەیری تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات و ، ئەمەریکا پێویستی بە دەنگی دەنگدەردانی جالیەی عەرەبی و ئیسلامی لە ئەمەریکا هەیە، هەر بۆیە هەموو هەوڵەکانی بەو ئاراستەیە خستۆتە گەڕ کە بارودۆخەکە وەک خۆی بمێنێتەوە
●●●

هاوکێشەی سیاسی عێراق گۆڕانکاری گەورە و بەرچاوی بەخۆوە بینیووە، ئێستا لە پەرلەمانی عێراقدا هیچ هاوپەیمانییەك یان هیچ فراکسیۆنێك بە تەنیا ناتوانێت ئاراستەی ڕووداوەکان دیاری بکات و جڵەوگیری بڕیارە سیاسییەکان بکات، ئەو بنەمایانەی کە عێراقی نوێی لەسەر بونیادنراوەتەوە خەریکە جێ گۆڕکیان پێدەکرێت و ڕەوتی ڕووداوەکان ئاراستەیەکی دیکە دەگرن.

ئێستا لە ناو پەرلەمانی عێراقدا دژی دیموکراسی و فیدراڵی خەریکە بازووی ئەستوور دەبێت و بەرامبەر لایەنگیرانی دیموکراسی و فیدراڵی ڕادەوەستن.

لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکاش لەبەر ئەوەی لەم قۆناخەدا هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا بەرەو توندبوون دەچێت، جۆرێك لەسڕبوون بە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا بە گشتی و سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا بە دی دەکرێت.

دیارە ئەوەی جێگەی نیگەرانیە بۆ کورد و هەرێمی کوردستان لەم قۆناخەدا، ئەوەیە ئەمەریکا بەشێوەیەکی گشتگیر سەیری تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات و ، ئەمەریکا پێویستی بە دەنگی دەنگدەردانی جالیەی عەرەبی و ئیسلامی لە ئەمەریکا هەیە، هەر بۆیە هەموو هەوڵەکانی بەو ئاراستەیە خستۆتە گەڕ کە بارودۆخەکە وەك خۆی بمێنێتەوە و گۆڕانکاری بەخۆ نەبینێ.

پاشماوەکان ڕژێمی بەعس و عەرەبە شۆڤێنییەکانی عێراق ئەم بارودۆخەیان بە فرسەت وەرگرتووە و بەهەموو شێوەیك هەوڵدەدەن بارودۆخی عێراق بشێوێنن بۆ ئەوەی کاریگەری سلبی لەسەر ڕەوتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا هەبێت.

ئێستا پاشماوەکانی ڕژێمی بەعس و عەرەبە شۆڤێنییەکان زیاتر لەگەڵ ڕەوتی بانگەشەکانی ئۆباما یەکدەگرنەوە، بەتایبەتی کە بەڵێنی ئەوەی داوە پاش هەڵبژاردنی بە سەرۆك لە ماوەی ١٦ مانگدا هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا دەکێشێتەوە، هەر بۆیە هەموو هەوڵەکانیان بەو ئاراستەیەشەکە بۆ ئەوەی بارودۆخی عێراق بشێوێنن و کاریگەری لەسەر ڕای گشتی ئەمەریکا دروست بکەن و دەنگەکان زیاتر بۆ بەرژەوەندی ئۆباما بدرێن، هەر بۆیە ئەمەریکاش بۆ ڕاگرتنی ئەم بارودۆخە دوو هەنگاوی گرتۆتەبەر کە بۆ ئەم قۆناخە هیچیان لە بەرژەوەندی کورد و هەرێمی کوردستان نییە:

ئەو دوو هەنگاوەش بریتین:

یەکەم/ پشتگیری تەواوی حکومەتی مالکی بۆ زیاتر هەنگاو هەڵگرتن بەرەو بەهێزکردنی حکومەتی ناوەند و بەهێزکردنی سوپا و ئاسایش عێراق.

دووەم/ گوشار خستنە سەر کورد بۆ ئەوەی لە کۆبوونەوەکاندا کۆمپرۆمایز بکات و بەرنامەی ئەمەریکا لە عێراقدا تێکنەچێت.

## مانۆرکردن هەتا یەکەم سێ شەممەی مانگی نۆڤەمبەر

هەقە عێراقییەکان گرەو لەسەر ئەو ماوەیە نەکەن کە ئەمەریکا بە قۆناخی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا تێدەپەڕێت، سەدام حوسێن لە ساڵی ١٩٩٢ ئەم کارتەی لەگەڵ جورج بووشی باوك تاقیکردەوە و هەوڵیدا لە کاتی سەردانیدا بۆ کوەیت هەوڵێکی تیرۆریستانە ئەنجامبدات، بەڵام ئەم هەوڵە بەسەر بوشی باوکدا تێنەپەڕی و بەر لەوەی کۆشکی سپی تەسلیم بە کلینتۆن بکات گورزێکی سەربازی کوشندەی لە ڕژێمی سەدام حوسێن وەشاند، بارودۆخی نائاسایی ئەمەریکا لەم ساڵیشدا ١٠-١٢ هەفتەیەکی ماوە، پاش ئەوەی لە یەکەم سێ شەممەی مانگی نۆڤمبەر دەنگدان تەواو دەبێت ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا نزیکەی ٨٠-٩٠ ڕۆژی لەبەردەمدا دەمێنێت کە تۆڵەی لاساری ئەم قۆناخە بکاتەوە و لە کاتێکدا ئۆباما دەربچێت یان جۆن مەککین، ئیدارەی سەرۆك بوش بۆ هەر کارێك دەست کراوە دەبێت:

-١ ئەگەر ئۆباما دەربچێت، ئەوا ئیدارەی ئێستای سەرۆك بوش هەر کاردانەوەیەکی هەبێت، ئەوا تا چوار ساڵی دیکە ڕووبەڕووی گلەیی و گازاندە نابێتەوە، هەربۆیە ئەوانەی ئێستا هەوڵ دەدەن بارودۆخی عێراق بشێوێنن بۆ ئەوەی ئاراستەی ڕای گشتی لە هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا بگۆڕن، لە دوای مانگی نۆڤمبەر بە ئاسانی بۆی دەرناچن.

-٢ ئەگەر جون مەککێنیش دەربچێت کە لایەنگیری مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکایە لە عێراقدا، ئەوان ئیدارەی بوش و چ ئیدارەی مەککین ئەوەی لە دەستیان بێت لە عێراقدا دریغی لێ ناکەن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە شانسی هەڵبژاردنەوەی چوارەمی پارتی کۆمارییەکان زۆر لە لاواز دەبێت و لە ماوەی ٥٠ ساڵی ڕابردوودا هیچ پارتێك نەیتووانیوە ٤ جار پۆستی سەرۆکایەتی ئەمەریکا بباتەوە.

## ئەمەریکا حکومەتی مەرکەزی لە عێراقدا قبووڵ ناکات

هەتا ئێستاش ستراتیژییەتی ئەمەریکا لە عێراقدا پارێزگاریکردنە بە یەکپارچەیی عێراقەوە و هەتا ئەم ستراتیژییەش گۆڕانکاری بەسەردانەیەت، لەبەریەکهەڵوەشانەوەی عێراق نابەتە ئەمری واقیع.

بۆ پاراستنی ئەم ئامانجەی ئەمەریکا هەوڵدەدات حکومەتی مالکی بتوانێت کۆنترۆڵی ئاسایشی باشوور و ناوەڕاستی عێراق بکات و لەهەمان کاتدا بواریش بۆ ئەوە دەهێڵێتەوە کە ئەم کۆنترۆڵکردنەی حکومەتی مالکی کاریگەری لەسەر بارودۆخی هەرێمی کوردستان نەبێت.

کەواتە پشتگیری ئەمەریکا بۆبە هێزکردنی حکومەتی مالکی و هێشتنەوەی وەك حکومەتێکی بەهێز بەو ئامانجەیە کە بتوانێت کۆنترۆڵی باشوور و ناوەڕاستی عێراق بکات، بەڵام ئەم بەهێزبوونە بەو ئاراستەیە بەبێ چاودێری ناهێڵێتەوە، حاڵی حازر کە ئەمەریکا پشتی حکومەتی مالکی دەگرێت، ئاگاداری ئەوەیە کە هاوکێشەی سیاسی عێراق گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و مالکی بێ پشتگیری ئەمەریکا و دۆستەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا کە بە پلەی سەرەکی هەرێمی کوردستانە، ناتوانێت لە حکومەتدا بمێنێتەوە لەوانەیە ئەم یەکدوو مانگە تا هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا تەواو دەبن حکومەتەکەی مالکی بە قۆناخێکی تاقیکردنەوەدا تێپەڕ دەبێت، خۆ ئەگەر لەم تاقیکردنەوەیە دەرنەچێت، دوای نۆڤەمبەر لە هاوکێشەی سیاسی عێراقدا گۆڕانکاری بەسەردا دێت.

**هەقە عێراقییەکان گرەو لەسەر ئەو ماوەیە نەکەن کە ئەمەریکا بە قۆناخی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا تێدەپەڕێت، سەدام حوسێن لە ساڵی ١٩٩٢ ئەم کارتەی لەگەڵ جورج بووشی باوک تاقیکردەوە و هەوڵیدا لە کاتی سەردانیدا بۆ کوەیت هەوڵێکی تیرۆریستانە ئەنجامبدات**

**لەوانەیە ئەم یەکدوو مانگە تا هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا تەواو دەبن حکومەتەکەی مالکی بە قۆناخێکی تاقیکردنەوەدا تێپەڕ دەبێت، خۆ ئەگەر لەم تاقیکردنەوەیە دەرنەچێت، دوای نۆڤەمبەر لە هاوکێشەی سیاسی عێراقدا گۆڕانکاری بەسەردا دێت**

**فوئاد عەجەمی بەڕێوەبەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی جۆن هۆپکینز بۆ گوڵان:**

# دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزی سەددامیان بینیووە، هەربۆیە تەنیا ئومێدیک بۆ عێراق سیستمێکی فیدراڵییە

■ **پرۆفیسۆر فوئاد عەجەمی، ناوێکی دیاری نێو ئەکادیمییەکانی ئەمەریکایەو هەروەها یەکێکە لە نزیکەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا «پێنتاگۆن»و لە نزیکەوە ئاگاداری ناوەندی بڕیاری سیاسی ئەمەریکایە.**
**عەجەمی لە نووسینەکانیدا واقعییە، هەربۆیە لەسەر شەقامی عەرەبی و ئیسلامی ڕووبەڕووی ڕەخنەی زۆر دەبێتەوە، بەڵام خۆی بە دۆستی کورد دەزانێ و سەرکەوتنی ئەزموونی کوردستان وەك بەشێك لەسەرکەوتنی سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا سەیر دەکات.**
**پرۆفیسۆر عەجەمی وەك هەموو جارەکانی دیکە، ئەمجارەش بەدیدێکی واقعیانە بارودۆخی هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکەی بۆ گوڵان شرۆڤەکرد.** ■

### ماددەی ١٤٠ دەستووری عێراق بناغەی چارەسەری کێشەی کەرکووکە

***بارودۆخی عێراق بەرەو ئاڵۆزی زیاتر دەچێت، بەتایبەتی لەسەر ئاستی پرۆسەی سیاسی، هەروەها ئێستا ناکۆکییەکی گەورە لە نێوان پێکهاتەکانی عێراقدا هەیە، کە هێنانەدی ئاشتەوایی لە نێوانیاندا زەحمەت دەکات، ئایا ئایندەی عێراق چی دەبێت ئەگەر پرۆسەی سیاسی شکست بهێنێت؟**

- هەموومان دەمانزانی کە کێشەی کەرکووك زۆر زۆر زەحمەت دەبێت، هینری کیسنجەر دەربارەی چارەسەرکردنی کێشەی قودس باسی لە « تەم و مژاوی بنیاتنەر» دەکرد. کاتێك پێش چوار ساڵ لەگەڵ جێگری وەزیری بەرگری ئەمەریکا، کە ڕاگریشم بوو لە زانکۆی جۆن هۆبکنز، پۆل وۆلفۆیتز سەردانی کەرکووکمان کرد، پەیامەکە ئەوەبوو کە ئەمەریکا ناتوانێت بڕیار لە چارەنووسی کەرکووك بدات، دەبێت عێراقییەکان خۆیان ئەو بڕیارە بدەن، من پێموایە نابێت پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونەکانی عێراق بەهۆی بارودۆخی کەرکووکەوە هەڵبسەنگێنین، ئەو کێشەیە دەبێت چارەسەربکرێت و من لە نائومێدی کوردەکان تێدەگەم، بەڵام کاتێك ئێمە لە ئەمەریکا دەبین و نیگەران دەبین لە بارەی ئەو ناکۆکییەی لە عێراقدا هەیە، هەوڵ دەدەین بۆ بەرهەڵستکارانی شەڕی عێراق، کە زۆرینەی خەڵکی ئەمەریکا دژی ئەم شەڕەن، بسەلمێنین کە بەرەوپێشچوون هەیە لە عێراقدا. ئەمەریکا جەخت لەسەر کێشەی کەرکوك دەکاتەوە، هەروەها دەبێت ئەو کیشەیە یەکلابکرێتەوە و من پێموایە ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق بناغەی ئەو چارەسەرەیە، تاکە ڕێگا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەکووك پابەندبوونە بە دەستوورەوە، کە دەستووریش بە ڕوونی مافەکانی کوردی لەو شارەدا لە خۆگرتووە.

*** زۆرینەی پەرلەمانی عێراق هەوڵیدا کە یاسایەك بەسەر کوردەکاندا بسەپێنێت کە تەواو پێچەوانەی خواستی کوردەکانە، بۆچی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەوڵ دەدات فشار بخاتەسەر کوردەکان لەم کێشەیەدا، بۆچی دەبێت کەرکووك لە پارێزگاکانی دیکە جیاواز بێت، ئەگەر بوونی پێکهاتەیەکی فرە ئیتنییە، ئەوا شارەکانی دیکەی وەك موسڵ و بەغدا و تکریت و دیالەش بە هەمان شێوە پێکهاتەیەکی فرە ئیتنیان هەیە؟**

- دەبێت ئێوە لەو بارودۆخە تێبگەن کە حاڵی حازر ئەمەریکای تێدایە، ئەم ئیدارەیە لە دوا مانگ و دوا کاتژمێرەکانی دەسەڵاتیدایە و دەسەڵاتێکی گەورە و بەرچاوی نییە بەسەر سیاسەتی دەرەوەدا، هەروەها دابەشبوونێکی قووڵ هەیە لە ناو ئەمەریکادا دەربارەی شەڕی عێراق و بڕیار و سیاسەتەکانی جۆرج بوش، ئایا سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە، یاخود دووچاری شکست بوون، ئایا ڕاست و دروست بوون، یان چەوت و هەڵەبوون. نووسینگەی جێگری سەرۆکی ئەمەریکا لە چەندین مەسەلەدا هەڵوێستی بێدەنگی هەڵبژاردووە، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا سەرقاڵی ئەوەیە کە چ میراتێك بەجێدەهێڵێت، بە گوزارشتێکی دیکە مێژوو چ حوکمێکی لەسەر دەدات، بۆ نموونە بەم دواییەی پرۆسەی گفتوگۆی لە نێوان ئیسرائیل و فەڵەستینییەکاندا کردەوە، ئایا سەرکەوتوو بوو یان بە پێچەوانەوە. دەبێت چاوەڕێی ئیدارەی داهاتوو بکەین، ئایا مەککاین دەبێتە سەرۆك کە باوەڕی بە شەڕەکە هەبوو، باوەڕی بە ستراتیژییەتی زیادکردنی هێزەکان هەبوو باوەڕی بە مانەوە هەیە لە عێراقدا، یان ئۆباما دەسەڵات وەردەگرێت کە ڕایگەیاندووە لە ماوەی شانزە مانگدا هێزەکان دەکشێنێتەوە. حاڵی



●●●
**پێش چوار ساڵ لەگەڵ جێگری وەزی ری بەرگری ئەمەریکا، کە ڕاگریشم بوو لە زانکۆی جۆن هۆبکنز، پۆل وۆلفۆیتز سەردانی کەرکووکمان کرد، پەیامەکە ئەوەبوو کە ئەمەریکا ناتوانێت بڕیار لە چارەنووسی کەرکووک بدات، دەبێت عێراقییەکان خۆیان ئەو بڕیارە بدەن**
●●●

حازر دەسەڵاتی بەرچاو بە دەست فەرماندەی سەربازی جەنەراڵ پەتریۆس و باڵیۆزی ئەمەریکا رایان کرۆکەرەوەیە، کە دوو لە باشترین کەسایەتییەکانی ئەمەریکان و دۆستی کوردیشن، دەبێت هەوڵبدرێت کار لەگەڵ ئەواندا بکرێت. خاڵێك هەیە دەربارەی دیموکراسی عێراق دەمەوێت باسی بکەم، لە پرۆسەی دیموکراسی لە عێراقدا نابێت تەنها ژمارەکان مەسەلەکان یەکلابکەنەوە، مەبەستم ئەوەیە نابێت زۆرینە ئیرادەی خۆی بەسەر ئەوانی دیکەدا زاڵ بکات لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی زۆرتری ئەندام پەرلەمانی هەیە، ئەمە کۆمارێکی فیدراڵییە، من دەمەوێت ئەوە بڵێم کە دابەشبوون لە نێو خودی شیعەکانیشدا هەیە، بۆ نموونە جەعفەری هاوڕا نییە لەگەڵ مالیکیدا، بە هەمان شێوە رەوتی سەدریش هاوهەڵوێست نین لەگەڵ مالیکیدا، حزبی فەزیلەی رەوتی خۆی گرتووە. عێراق وڵاتێکە دوو نەتەوەی سەرەکی و دوو زمانی سەرەکی تێدایە کە کورد و عەرەبن، کە لێرەدا دەبێت پەنا ببردرێتەوە بەر دەستوور، کە من پێموایە ماددەی ١٤٠ی ئەو دەستوورە ماددەیەکی باشە و هەڵگری چارەسەری ئەو کێشەیەیە. لە لایەکی ترەوە کوردەکان دەتوانن هاوپەیمانیان هەبێت لە ناو سوننەکاندا، هەروەها لە ناو شیعەکانیشدا، هەتا لە عێراقدا هاوپەیمانێتییەکان لەسەر بنەماکان نەبێت، مەبەستم ئەوەیە لە پەرلەماندا کوردەکان دژی شیعە نەبن، یان شیعەکان دژی سوننەکان نەبن، واتە هاوپەیمانێتییەکە لەسەر بناغەی ئیتنی نەبێت، ئەوا هیچ ئومێدێك بەو دیموکراسییە ناکرێت.

## خراپترین شتێک لە عێراقدا رووبدات دروستبوونی حکومەتێکی مەرکەزییە کە دەوڵەت بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە

***هەموو هەوڵەکان بۆ ئەوەن کە حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز پێکبهێنرێت لە عێراقدا، ئەمەش پێچەوانەی دەستوورە، کە بەپێی دەستوور دەبێت عێراقێکی فیدراڵی و پەرلەمانی پێکبهێنرێت، ئایا کاریگەرییەکانی جێبەجێکردنی دەستوور لەسەر بارودۆخی عێراق چی دەبێت؟**

-من پێموایە خراپترین شتێك لە عێراقدا رووبدات، دروستبوونی حکومەتێکی مەرکەزییە کە دەوڵەت بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، بە چەشنی سوریا و میسر، ئەگەر ئەمە رووبدات، ئەوا بە مانای ئەوەدێت کە هەموو قوربانییەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا بە فیرۆچوونە کە نزیکەی ٤ هەزار سەربازی کوژراوی هەیە، ئێمە لە رابردوودا دەسەڵاتی مەرکەزیمان بینی کە سەدام هەموو شتێکی وڵاتەکەی کۆنترۆڵ کردبوو، دابەشکردنی داهات و دەسەڵاتی کردبوو، من پێموایە ئەگەر ئومێدێك بۆ عێراقییەکان هەبێت ئەوا پێکهێنانی حکومەتێکی فیدراڵییە، کە لە دەستووردا چەسپێنراوە، من وەك دۆستێکی عێراق ئەمە دەڵێم. من لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی دواییدا چەندین جار سەردانی عێراق و کوردستانم کردووە، زۆرێك لەو عەرەبانەی ناوەڕاست و باشووری وڵاتەکەم دەبینی کە کاتێك توندوتیژی هەڵدەکشا لە ناوچەکانیاندا پەنایان دەبردە بەر کوردستان لەبەر ئەوەی ئاسایش و ئارامی تێدا هەبوو. بە تێڕوانینی من فیدراڵییەت گرنگییەکی بنەڕەتی هەیە بۆ ئایندەی عێراق، من خوازیارم کەسێکی وەك جەلال تاڵەبانی سەرۆك کۆمار و کەسێکی وەك هۆشیار زێباری وەزیری دەرەوەی عێراق بێت و لە جامیعەی عەرەبیدا بن، ئەمە شتێکی دەگمەنە بۆ ئەو جامیعەیە، کاتێك لە بەهرە و توانای بەرهەم ساڵح دەڕوانم، ئەوا لایەنە باشەکانی فیدراڵییەتم بۆ دەردەکەوێت، کە ئەمە دەبێت ببێتە نموونە بۆ وڵاتانی ناوچەکە، نەك کەسێکی بەهێز لە دەسەڵاتدا بێت و باقی وڵاتەکە لاوازبێت. من بۆیە پشتگیری ئەم شەڕە و ئەم هەوڵەم کرد بۆ ئەوەی لە دەرئەنجامدا عێراق ببێتە وڵاتێکی فیدراڵی و فرە نەتەوەیی. من پێموایە ئێستا ئەو ئەمەریکییانەی لە مەیدانەکەدان، وەك پەتریۆس و کرۆکەر سیاسەتی ئەمەریکا دەستنیشان دەکەن، لەبەر ئەوەی لە ناو بارودۆخەکەدان و واشنتۆن بەهۆی کۆتایی هاتنی ماوەی ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا دەسەڵاتێکی گەورەی بەدەستەوە نەماوە و زیاتر و زیاتر عێراقییەکان بڕیار لە بارەی کاروبارەکانی خۆیانەوە دەدەن.

## تورکیا مافی ئەوەی نییە دەستێوەردان لە عێراق یان هەرێمی کوردستان بکات

***تورکیا خۆی کردووە بە بەشێك لە کێشەی کەرکوک، وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتە لە لێدوانێکدا رایگەیاند تورکیا رازی نابێت کەرکوك ببێتە بەشێك لە هەرێمی کوردستان، چۆن تورکیا مافی بە خۆی داوە دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی عێراق بکات؟**

- من پێموایە کاریگەری وڵاتانی دراوسێی عێراق کاریگەرییەکی سلبی بووە، بە ئێران و تورکیا و دەوڵەتە عەرەبییەکانیشەوە. من پێموایە تورکیا مافی ئەوەی نییە دەستێوەردان لە عێراق یان هەرێمی کوردستان بکات، تورکیا کێشەی خۆی هەیە لەگەڵ کوردەکانی وڵاتەکەیدا لە ناوچەی باشووری رۆژهەڵاتی ئەو وڵاتەدا و بە باشی مامەڵەی لەگەڵ ئەو کێشەیەدا نەکردووە، تورکیا کیشەی ناوخۆیی خۆی هەیە دەبێت یەکلایان بکاتەوە، دەبێت کێشەی کەمالی و ئیسلامییەکان چارەسەر بکات، دەبێت بەشێوەیەکی رەوا مامەڵە لەگەڵ کوردەکاندا بکات، مافە کلتووری و رۆشنبیرییەکان بە کوردەکانی وڵاتەکەی بدات. تورکیا لە ساڵی ٢٠٠٣دا پشتگیری شەڕی عێراقی نەکرد، رێگەی بە تێپەڕبوونی هێزەکانی ئەمەریکا نەدا بە خاکەکەیدا، تورکیا وەك هاوپەیمانێکی ئەمەریکا خیانەتی لە ئەمەریکا کرد، من ئەمەم لە چەندین رۆژنامەی ئەمەریکادا نووسیوە. ئەگەر تورکیا رۆڵێکی هەبێت لە عێراق و کورستاندا ئەوا رۆڵێکی خراپە، لەبەر ئەوەی تورکیا پشتگیری بەرەی تورکمانی و سوننەکان دەکات، سوننەکان لەبەر ئەوەی حکومەتەکەی تورکیا حکومەتێکی ئیسلامییە، تورکیا هیچ رۆڵێکی شەرعی نییە تا لە عێراقدا ببینێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە رۆڵێکی

●●●
**لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی دواییدا چەندین جار سەردانی عێراق و کوردستانم کردووە، زۆرێک لەو عەرەبانەی ناوەڕاست و باشووری وڵاتەکەم دەبینی کە کاتێک توندوتیژی هەڵدەکشا لە ناوچەکانیاندا پەنایان دەبردە بەر کوردستان لەبەر ئەوەی ئاسایش و ئارامی تێدا هەبوو**
●●●

●●●
**تاکە رێگا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەکووک پابەندبوونە بە دەستوورەوە، کە دەستووریش بە روونی مافەکانی کوردی لەو شارەدا لە خۆگرتووە**
●●●

●●●
**دەبێت ئێوە لەو بارودۆخە تێبگەن کە حاڵی حازر ئەمەریکای تێدایە، ئەم ئیدارەیە لە دوا مانگ و دوا کاتژمێرەکانی دەسەڵاتیدایە و دەسەڵاتێکی گەورە و بەرچاوی نییە بەسەر سیاسەتی دەرەوەدا**
●●●

●●●
**حاڵی حازر دەسەڵاتی بەرچاو بە دەست فەرماندەی سەربازی جەنەراڵ پەتریۆس و باڵیۆزی ئەمەریکا رایان کرۆکەرەوەیە، کە دوو لە باشترین کەسایەتییەکانی ئەمەریکان و دۆستی کوردیشن، دەبێت هەوڵبدرێت کار لەگەڵ ئەواندا بکرێت**
●●●

**دابەشبوون لە نێو خودی شیعەکانیشدا هەیە، بۆ نموونە جەعفەری هاوڕا نییە لەگەڵ مالیکیدا، بە هەمان شێوە ڕەوتی سەدریش هاوهەڵوێست نین لەگەڵ مالیکیدا، حزبی فەزیلەی ڕەوتی خۆی گرتووە**

**خراپترین شتێک لە عێراقدا ڕوویدات، دروستبوونی حکومەتێکی مەرکەزییە کە دەوڵەت بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، بە چەشنی سوریا و میسر، ئەگەر ئەمە ڕوویدات، ئەوا بە مانای ئەوەدێت کە هەموو قوربانییەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا بە فیڕۆچوونە کە نزیکەی ٤ هەزار سەربازی کوژراوی هەیە**

**من لەوە تێدەگەم بۆچی کوردەکان هەست دەکەن «هەتیون»، هەست دەکەن هیچ هێزێکی دەرەکی نییە پاڵپشتیان بکات و ئەوان تەنهان، بەڵام من پێموایە کوردەکان لە جیهانی هاوچەرخدا بێ دۆست نین**

**هاوسۆزییەکی زۆر هەیە لە ئەمەریکا بەرامبەر کوردەکان، ئەمەش مایەی دڵنیاییە، لەبەر ئەوەی کوردەکان لایەنگری ئەمەریکان**




تێکدەرانەی هەیە، دەبێت سەرەتا تورکیا کێشەی کوردەکانی وڵاتەکەی چارەسەر بکات و دواتر ڕێگای چارەسەرکردنی کێشەکان بە وڵاتانی دیکە پیشان بدات.

***کوردەکان تەنها پشت بە دەستوور دەبەستن، لە کاتێکدا عەرەبە سوننەکان پشت بە وڵاتانی سوننە و شیعەکان پشت بە ئێران دەبەستن، تورکمانەکان بە تورکیا، کوردەکان چۆن دەتوانن پێگەی خۆیان لەم هاوکێشەیەدا بپارێزن؟**

– من ئەو دەستەواژە بەناوبانگەی کوردەکان دەزانم، کە دەڵێن تەنها شاخەکان دۆستی ئێمەن، من لەوە تێدەگەم بۆچی کوردەکان ئەمە دەڵێن، هەمیشە عەرەبە سوننەکان لەلایەن دەوڵەتە عەرەبییەکانی ناوچەکەوە پاڵپشتیان لێکراوە، ئەوا دەتوانن پشت بە ئوردن ببەستن، پشت بە سعودیە و میسر و... هتد ببەستن، هەر ئەمەش وایلێکردوون پێیان وابێت مافی ڕەوای خۆیانە حکومڕان و فەرمانڕەوای عێراق بن. هەروەها شیعەکانیش پێیان وایە زۆرینەن لە وڵاتەکەدا، بەڵام من گومانم هەیە لەوەی ئێران هەمیشە پاڵپشتی شیعەکان بێت، من پێموانییە پەیوەندی نێوانیان پەیوەندیگەلێکی ئاسان و بێ گیروگرفت بێت، بەڵکو ڕەنگە پەیوەندیگەلێکی ئاڵۆز بن. من لەوە تێدەگەم بۆچی کوردەکان هەست دەکەن «هەتیون»، هەست دەکەن هیچ هێزێکی دەرەکی نییە پاڵپشتیان بکات و ئەوان تەنهان، بەڵام من پێموایە کوردەکان لە جیهانی هاوچەرخدا بێ دۆست نین، لەبەر ئەوەی کوردستان دیموکرات و سەقامگیرە، لەبەر ئەوەی توانیویەتی بەسەر کارەساتەکاندا زاڵ بێت و لە دوای ساڵی ١٩٩١ەوە ژیانێکی نوێ دەست پێبکات، دوای دروستکردنی ناوچەی ئارام لە لایەن ئەمەریکا و بەریتانیاوە، کەواتە کوردستان بۆتە نموونەی ئەو وڵاتەی چۆن دەتوانێت لە دوای کارەسات و پشێوییەوە دەست بە ژیان بکاتەوە. بەڵام کوردەکان هەست دەکەن هێزێکی ناوچەیی دیار و بەرچاو نییە کە پارێزگاریان لێبکات. هاوسۆزییەکی زۆر هەیە لە ئەمەریکا بەرامبەر کوردەکان، ئەمەش مایەی دڵنیاییە، لەبەر ئەوەی کوردەکان لایەنگری ئەمەریکان، بەڵام من جارێکیان لە سلێمانی لە وتەیەکدا ئاماژەم بەوەکرد کە ئەمەریکا لە ناوچەکەدا چەندین دۆست و شەریك و چەندین پەیوەندی هاوپەیمانێتی هەیە، لەگەڵ تورکیا، سعودیە، ئوردن و.... هتد، بەڵام تەنها کوردەکان یەك شەریکیان هەیە کە ئەمەریکایە، لە لایەکی ترەوە کوردەکان مێژووی خۆیان دەزانن، ئەوان لە لایەن بەریتانیاوە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە خیانەتیان لێکرا، لە ساڵی ١٩٧٤ و ١٩٧٥ لە لایەن هینری کیسنجەرەوە خیانەتیان لێکرا، لەبەر ئەوە ئەوان باش دەزانن کە ژیانیان لەم ناوچەیەدا چەندە سەختە، بەڵام من پێموایە ئەمەریکا پابەندە و دەبێت پابەند بێت بە ئۆتۆنۆمی کوردستان و بە فیدراڵییەتی عێراقییەوە، عێراقێکی فیدراڵی تەنها لەبەرژەوەندی کوردەکان نییە، بەڵکو لە بەرژەوەندی تێکرای عێراقییەکانە، چونکە ڕێگری دەکات لە سەرهەڵدانی دیکتاتۆرێکی دیکە، نابێت جارێکی دیکە حکومەتی مەرکەزی کۆنترۆڵی هەموو شتێك بکات، کۆنترۆڵی نەوت و داهاتی وڵاتەکە و دەسەڵاتەکان بکات، ئێمە پێشتر دەسەڵاتی دیکتاتۆریمان بینی، ئەو هەموو کارەسات و نەهامەتییەمان بینی کە بەسەر خەڵکی عێراقیدا هێنا. فیدراڵییەت ئومێد و هیوای عێراقییەکانە و ڕێگایەکە بۆ ڕزگاربوون.

## فیدراڵیزم بۆ عێراق ئیختیاری نییە
## فیدراڵی پێویستییە بۆ عێراق

***ئەگەر دەستووری عێراق جێبەجێنەکرا، ئایا عێراق بە یەکگرتوویی دەمێنێتەوە؟**

– ئەگەر حکومەتێکی مەرکەزی پێکهێنرا کە کۆنترۆڵی هەموو شتێکی وڵاتەکەی کرد، کۆنترۆڵی ئابووری و داهات و هەموو دەسەڵاتەکانی دیکەی کرد، ئەگەر بەڵێنی جێبەجێکردنی فیدراڵیزمیان شکان، ئەوا سەرکەوتوو نابن و وڵاتەکە لەبەریەك هەڵدەوەشێت. فیدراڵیزم بۆ عێراق ئیختیاری نییە، فیدراڵی پێویستییە بۆ عێراق، بە هەمان شێوە دەستووریش، ناتوانێت ماددەیەك، یان برگەیەکی دیاریکراوی دەستوور هەڵبژێریت و پێوەی پابەند بێت و بەوانی دیکەوە پابەند نەبێت. فیدراڵیزم و دەستووری و ماددەی ١٤٠ پێویستین و دەبێت پێیانەوە پابەند بین.

### جەی سۆن گالەک ڕاوێژکاری باڵای یاسایی لە ئامۆژگای ئەمەریکا بۆ ئاشتی بۆ گوڵان:

# سیاسەتی ئێستای حکومەتی عێراق ڕەنگدانەوەی بیروبۆچوونی سەرجەم عێراقییەکان نییە

■ پرۆفیسۆر جەی سۆن گالەك، لە کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٨ وەك ڕاوێژکاری باڵای یاسایی لە ئامۆژگای ئەمەریکا بۆ ئاشتی کار دەکات و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر داڕشتنی دەستوور و سەروەریی یاسای تایبەت بە عێراق. پێشتریش پرۆفیسۆر گالەك ڕاوێژکاری دەستووری بووە لەگەڵ یاریدەدەری نوێنەری UN لە عێراقدا، پرۆفیسۆر گالەك بەردەوام لە ڕۆژنامەکانی ئەمەریکا لەسەر کێشەی عێراق دەنووسێت و دواین وتاری لەسەر ڕەوشی عێراق تایبەت بووە بە هەڵوەشانەوەی سوپای مەهدی لە میلیشیایەکی چەکدارییەوە بۆ ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی.
سەبارەت بە تەنگژەکانی ئێستای عێراق، پرۆفیسۆر گالەك بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:■

**ئەوەی لە ئێستای عێراقدا بۆتە جێگەی نائومێدی ئەوەیە سیاسەتی عێراق ڕەنگدانەوەی عێراقییەکان نییە**

*** حاڵی حازر ناکۆکییەکی زۆر هەیە لە نێوان پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق، کە وا دەکات پێشبینیکردنی هاتنەدی ئاشتەوایی زەحمەت بێت، کەواتە چ ئایندەیەك چاوەڕوانی عێراق دەکات، ئەگەر پرۆسە سیاسییەکە شکست بهێنێت؟**

- نابێت ڕێگەبدرێت پرۆسە سیاسییەکە شکست بهێنێت. ئەوەی لە سیاسەتی ئێستای عێراقدا مایەی نائومێدیە ئەوەیە کە ڕەنگدانەوەی تێڕوانینی تێکڕای عێراقییەکان نییە. عێراقییەکان خوازیاری ئاشتەوایی و ڕێککەوتنن، لەبەر ئەوەی دەزانن ئەمە ڕێگەی گەڕانەوەیە بۆ ژیانی ئاسایی، لە نێویاندا ئاسایش، هەلی کار و خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان. عێراق وڵاتێکی زۆر دەوڵەمەندە. سەرچاوەکانی عێراق بەشی هەموو هاووڵاتیانی وڵاتەکە دەکات. تەنها شتێك کە ڕێگری لەوە دەکات عێراقییەکان ژیانێکی خۆشگوزەران و سەلامەتییان هەبێت شکست هێنانی سیاسییەکان و بەرپرسە حکومییەکانە لەوەی بتوانن پێکەوە کاربکەن.

***یەکێك لەو خاڵە نەگۆڕانەی عێراقی لەسەر بونیادنرایەوە نەگۆڕی تەوافوقی نیشتیمانی بوو بەڵام ئێستا خەریکە ئەم نەگۆڕە دەبێتە زۆرینە و کەمینەی ناو پەرلەمان دژی کورد، ئەگەر تەوافوقی نیشتیمانی ژێر پێخرا، ئایا کورد چ ڕێگە چارەیەکی لەبەردەمدا دەمێنێتەوە ؟**

- من پێم وایە لەم ساتەوەختەدا کوردەکان لە پێگەیەکی باشدان. کوردستانی عێراق ئارام و تا ڕاددەیەکی گەورە خۆی کاروبارەکانی خۆی بەڕێوەدەبات کەواتە کوردەکان دەتوانن کۆنترۆڵی کاروبارەکانی خۆیان بکەن. لە هەمان کاتدا، پارتە کوردیەکان دەستڕۆیشتوییەکی زۆریان هەیە لە حکومەتە نەتەوەییەکەدا. ئەمەش بەو مانایە نایەت کە هەمیشە بەرژەوەندی کوردەکان زاڵ دەبێت. لە دیموکراسیدا هیچ لایەك لە هەموو مەسەلەکاندا براوە نییە.

**ئەمەریکا وەک دۆست گوشاری زیاتر دەخاتە سەر کورد**

*** بەڵام ئەمەریکا لە هەر لایەنێکی دیکە زیاتر فشاری خستۆتە سەر کوردەکان بۆ ئەوەی دەست لە مافەکانی خۆیان هەڵگبرن، بۆ ئەوەی عێراق لە سەر حسابی کوردەکان بنیات بنرێتەوە، کەواتە بە پێی تێڕوانینی ئێوە بۆچی ئەمەریکا لە عەرەبە سوننە و شیعەکان زیاتر فشار دەخاتەسەر کوردەکان؟**

- من پێم وایە ئەمەریکا کارێکی زۆری بۆ عێراق کردووە و لە بەرامبەردا داوای لە هەموو لایەنەکان کردووە کە کارێکی زۆری بۆ بکەن. ئەمەریکا و کوردەکان دۆستی نزیکی یەکترن. هەندێ جار ئاسانترە داوای چاکەیەك لە دۆستەکەت بکەیت. لە گەڵ ئەوەشدا، دەبێت کوردەکان ئەوەیان لە بیر بێت کە ئەوان سوودێکی زۆریان لەم دۆستایەتییە وەرگرتووە.

***پرسی کورد لە عێراقدا لەوەدایە ببێتە مایەی ناکۆکییەکی گەورە لە عێراقدا، بە تایبەتی کە لایەنەکانی دیکە هەوڵ دەدەن ماددەی ١٤٠ جێبەجێنەکەن و بارێکی تایبەتی لە کەرکوکدا بخوڵقێنن، بە دڵنیاییەوە کوردەکانیش ئەمە قبوڵ ناکەن، بە پێی تێڕوانینی ئێوە ئەگەر ئەم هەوڵانە بەردەوام بن، چۆن دەکرێت کێشەی کەرکووك چارەسەر بکرێت؟**

- من باوەڕم وایە کە دەبێت کێشەی کەرکووك لە ڕێی پرۆسەیەکی ئاشتییانەوە چارەسەر بکرێت. بە داخەوە، هیچ یەکێك لە لایەنەکان بەشداری لە دانوستاندنی سیاسیدا ناکەن. کوردە عێراقییەکان تەنها خوازیاری ئەنجامدانی هەڵبژاردنن، کە لە گۆشەنیگای منەوە، ئەگەر سەرکەوتن بەدەست بهێنن، ئەوا ئاشتییەکی درێژخایەن نایەتەدی لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی گەورەی عەرەب و تورکمانەکان دەرئەنجامەکە بە ناشەرعی لە قەڵەم دەدەن. لە لایەکی دیکەوە عەرەب و تورکمانەکان تەنها ستراتیجییەتی دواخستن دەگرنەبەر. جێی داخە کە کەس باس لەو مەسەلانە ناکات کە کێشەی کەرکووك ڕوون دەکەنەوە وەك نەوت، دابەشکردنی دەسەڵات، یەکپارچەیی خاکی عێراق لەبەر ئەوەی ئەگەر گفتوگۆ لەسەر ئەم مەسەلانە بکرێت، ئەوا ڕەنگە ببێتە هۆی هاتنەدی سازش لە نێوان ئەو لایەنانەدا. کەرکووك کێشەیەکی عێراقییە و پێویستی بە چارەسەرێکی عێراقی هەیە. بەڵام چەند حەقیقەتێکی سیاسی هەن، وەك تورکیا کە کاریگەریان هەیە لە سەر بارودۆخەکە.



***هەموو هەوڵەکان بۆ ئەوەن کە حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز پێك بهێنرێت لە عێراقدا، ئەمەش پێچەوانەی دەستوورە، کە بە پێی دەستور دەبێت عێراقێکی فیدراڵی و پەرلەمانی پێك بهێنرێت، ئایا کاریگەرییەکانی جێبەجێکردنی دەستوور لە سەر بارودۆخی عێراق چی دەبێت؟**

- دەکرێت دەوڵەتە فیدراڵییەکان حکومەتێکی مەرکەزی بەهێزیان هەبێت. ئەمەریکا نموونەیەکە. دەبێت عێراق هاوسەنگییەکی دەستووری بدۆزێتەوە لە نێوان حکومەتی مەحەلی و حکومەتی مەرکەزی بە چەشنێك بتوانێت سیاسەتێکی نەتەوەیی کارا و کاریگەر بگرێتەبەر.

●●●
**دەبێت عێراق هاوسەنگییەکی دەستووری بدۆزێتەوە لە نێوان حکومەتی مەحەلی و حکومەتی مەرکەزی بە چەشنێک بتوانێت سیاسەتێکی نەتەوەیی کارا و کاریگەر بگرێتەبەر**
●●●

ئەنتۆنیۆ داماتۆ ئوستادی یاسا لە زانکۆی نۆرس وێست بۆ گولان:

# ئەوەی نیگەرانم دەکات ئەوەیە میدیاکانی ئەمەریکا باسی کورد ناکەن

■ پرۆفیسۆر ئەنتۆنیۆ داماتۆ، ئوستادی یاسایە لە زانکۆی نۆرس وێست و یەکێکە لەو ئوستادە ئەکادیمانەی کە بایەخ بە کێشەی کورد و عێراق دەدات و لە رۆژی ٢٠٠٨/٨/٤ لە ماڵپەری (Jurist) وتارێکی پربایەخی بەناونیشانی (ئایا ئێمە کوردمان لە بیر کردووە؟) (Are we forgettin The kurdish) بلاوکردۆتەوە، بۆ زیاتر هەڵوەستەکردن لەسەر ئەم وتارە گرنگە و هەندێك لایەنی دیکە کەلە وتارەکەدا ئاماژەی پێنەکراوە، پرۆفیسۆر داماتۆ بەمجۆرە رای خۆی بۆ گولان خستەڕوو.■

## میدیای ئەمەریکی باسی کورد ناکات

*** تۆ ئەم هەفتەیە وتارێکت بلاو کردۆتەوە بەناونیشانی ( ئایا ئێمە کوردمان لەبیرکردووە ؟)پێت وایە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کوردەکانی پشتگوێخستووە و لە بیری کردوون؟**

- بە تەواوەتی نا، بەلام لە رۆژنامە و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی ئەمەریکادا باسی کوردەکان ناکرێت.

## دەبێت فیدرالیزم لە عێراقدا جێگیر بکرێت

***کەواتە چ ئایندەیەك چاوەڕوانی عێراق دەکات، ئەگەر ئەمەریکا کورد لەبیر بکات، ئایا پرۆسە سیاسییەکە شکست دەهێنێت؟**

- ئەوە بارودۆخێکی زەحمەتە لەبەر ئەوەی ئێوە خوازیاری چەسپاندنی فیدرالیزمن، بەلام ناتانەوێت هەموو کات وزەی خۆتان بۆ ئەو مشتومڕە تەرخان بکەن کە دەبێت چ جۆرە فیدرالیزمێك جێگیر بکرێت.

## سەربەخۆیی ئامادەکاری دەوێت

***ئێوە لە وتارەکەتاندا باس لەوە دەکەن کە سەرۆك بۆش، سەرۆك تاڵەبانی، مالیکی، سیناتۆر ئۆباما و جۆن مەککاین هاوڕان لەسەر کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا، پێت وایە کوردەکان دەتوانن بریاری جیابونەوە بدەن پێش پاشەکشەی هێزەکانی ئەمەریکا؟**

- جیابوونەوە بریارێك نییە لە بۆشاییدا بدرێت، جیابوونەوە و سەربەخۆیی ئامادەکاری دەوێت بۆ ئەوەی بتوانن لە چەند ساڵی داهاتوودا ئەم ئامانجە بهێننەدی.

**ئەگەر کوردستان بریاری سەربەخۆیی بدات کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی**

## پێشوازی لێدەکات

***ئەگەر کوردەکان بریاری جیابوونەوە بدەن، ئایا هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چی دەبێت؟**

- من پێم وایە پێشوازی لێدەکات، لەبەر ئەوەی کوردستان رواڵەتەکانی دەوڵەتێکی بەهێزی لە خۆگرتووە. کە خەڵکەکەی هەمان باگراوندیان هەیە، من پێم وایە کۆمەڵگای نێودوڵەتی پێشوازی لە دروستبوونی دەوڵەتی کوردی دەکات لەبەر ئەوەی مامەڵەکردن لەگەڵ دەوڵەتێکدا ئاسانترە لە چوار ناوچەی ئۆتۆنۆمی کە هەڵوێست و تێڕوانینی جیاوازیان هەیە.

## ئەمەریکا دەست لە کورد هەڵناگرێت

***پێت وایە کوردەکان لە ژێر هەرەشە و مەترسیدان، ئایا ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئامادە دەبێت هەرێمی کوردستان بپارێزێت؟**

-ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەست لە کوردەکان هەڵناگرێت، لەبەر ئەوەی کوردستان دۆستی هەیە لە ئەمەریکادا، بەلام حاڵی حازر ئەمەریکا سەرقاڵە بە پرۆسەی هەڵبژاردنەکانەوە و باس لە کشانەوە ئەمەریکا دەکرێت لە عێراقدا و من هیچ باس و خواسێك دەربارەی کوردەکان نابیستم لێرە و ئەمەش نیگەرانم دەکات.



***ئێستا عەرەبی عێراق هەوڵی ئەوە دەدەن کە مافی کوردەکان لە رێی زۆرینەوە زەوت بکەن، بە پێی تێڕوانینی ئێوە کوردەکان چ رێگاچارەیەکیان هەیە، ئایا چ میکانیزمێك هەیە بۆ ئەوەی کوردەکان بتوانن بە ئاسودەیی لە عێراقدا بژین ؟**

- بارودۆخێکی دژوارە



ئەگەر ئێوە کەمینە بن لە وڵاتێکدا و شیعەکان زۆرینەی ئەو وڵاتە پێك بهێنن، هەل و مەرجێکی سەختە بەڵام مەحاڵ نییە. من پێم وایە ئەگەر وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا عێراق جێبهێڵێت و گرژی و ئاڵۆزی لە وڵاتەکەدا هەبێت، ئەوا کوردەکان پتر نائاسودە دەبن، لەبەر ئەوەی حاڵی حازر ئەمەریکا بۆتە قەڵغانێك دژی هەڵکشانی ئەو گرژییە، بەڵام ئەگەر کشایەوە، ئەوا هەوڵی گۆڕینی بارودۆخەکە دەدرێت.

*** کێشەی کەرکوك لەوەدایە ببێتە مایەی ناکۆکیەکی گەورە لە عێراقدا، بە تایبەتی کە لایەنەکانی دیکە هەوڵ دەدەن ماددەی ١٤٠ جێبەجێنەکەن و بارێکی تایبەتی لە کەرکوکدا بخولقێنن، بە دڵنیاییەوە کوردەکانیش ئەمە قبووڵ ناکەن، بە پێی تێڕوانینی ئێوە ئەگەر ئەم هەوڵانە بەردەوام بن، چۆن دەکرێت کێشەی کەرکوك چارەسەر بکرێت؟**

- وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لایەنگری هیچ لایەنێك ناکات دژی لایەنێکی دیکە، ئەمەریکا خوازیارە بە زووترین کات لە عێراق بکشێتەوە و بارودۆخەکە وەك ئەوەی هەیە بەجێ بهێڵێت، بەڵام ئەمە لە بەرژەوەندی ئێوە نییە، ئەگەر کێشەی کەرکوك و مەوقیعی کەرکوك لەبەرچاو بگرین، لەوە تێدەگەین کە بۆچی ئێوە دەتانەوێت ئەو کێشەیە پێش ئەو کشانەوەیە چارەسەر بکرێت. من لە وتارکەمدا ئاماژەم بەوە کرد کە دەبێت تێکڕای کێشەکان لەبەرچاو بگیرێن و هەنگاو بۆ چارەسەرکرنی هەموویان هەڵبگرین، نابێت کێشەکان لێك جیابکرێنەوە و دەبێت دەستپێشخەری بۆ چارەسەرکردنی تێکڕای کێشەکان بخەینەڕوو، ئەمە یەکێکە لە راسپاردەکانی من.

*** تورکیا خۆی کردووە بە بەشێك لە کێشەی کەرکوك، وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتە لە لێدوانێکدا رای گەیاند تورکیا رازی نابێت کەرکوك ببێتە بەشێك لە هەرێمی کوردستان، چۆن تورکیا مافی بە خۆی داوە دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی عێراق بکات؟**

- لە رووی یاساییەوە روانگە و تێڕوانینی ئێوە راست و دروستە، کە تورکیا مافی دەستێوەردانی نییە لە کێشەکانی عێراقدا، هەرچەندە تورکیا باس لە مافی بەرگری لە خۆکردن دەکات لە دژی کردەوەکانی پەکەکە، بەڵام لەلایەکی ترەوە تورکیا بەرژەوەندی سیاسی هەیە لە کێشەی کەرکوکدا، هەرچەندە من پێم وایە ئەگەر کێشەکان پێکەوە بخرێنەڕوو ئەوا پاساوێکی یاسایی بەهێزتان دەبێت بۆ رەتکردنەوەی دەستێوەردانی تورکیا.

*** هەموو هەوڵەکان بۆ ئەوەن کە حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز پێك بهێنرێت لە عێراقدا، ئەمەش پێچەوانەی دەستوورە، کە بە پێی دەستوور دەبێت عێراقێکی فیدراڵی و پەرلەمانی پێك بهێنرێت، ئایا کاریگەرییەکانی جێبەجێکردنی دەستوور لە سەر بارودۆخی عێراق چی دەبێت؟**

- ئێوە لە پێگەی کەمینەدان و رەنگە زۆرینە کۆنترۆڵی پرۆسەی جێبەجێکردنەکە بکات و وورده وورده دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزی فراوان بکات لەسەر حسابی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمە فیدراڵییەکە. لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاشدا لە سەرەتای پرۆسەی جێگیرکردنی سیستمی فیدراڵیزم دوچاری هەمان کێشە بووینەوە و من پێم وایە هەموو وڵاتێك هەمان هەوڵ و هەڵوێستی دەبێت و هەمیشە حکومەتی مەرکەزی دەیەوێت لە هەموو حاڵەتەکاندا بڕیار و دەسەڵاتەکانی فراوان بکات.

**لە رۆژنامە و کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکانی ئەمەریکادا باسی کوردەکان ناکرێت**

**جیابوونەوە بڕیارێک نییە لە بۆشاییدا بدرێت، جیابوونەوە و سەربەخۆیی ئامادەکاری دەوێت بۆ ئەوەی بتوانن لە چەند ساڵی داهاتوودا ئەم ئامانجە بهێننەدی**

**کوردستان رواڵەتەکانی دەوڵەتێکی بەهێزی لە خۆگرتووە. پێم وایە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێشوازی لە دروستبوونی دەوڵەتی کوردی دەکات لەبەر ئەوەی مامەڵەکردن لەگەڵ دەوڵەتێکدا ئاسانترە لە چوار ناوچەی ئۆتۆنۆمی کە هەڵوێست و تێڕوانینی جیاوازیان هەیە**